# ڕەخنە و حەقیقەت

ناوی کتێب: ڕەخنەو حەقیقەت

نووسینی:  رۆلان بارت

وەرگێڕانی: پێشڕەو  حسێن

بابەت: فیکری

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ١٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ٣٦٨ ی ٢٠٠٧

چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٧

کوردستان –سلێمانی

www.sardamco.com

رۆلان بارت

# ڕەخنە و حەقیقەت

وەرگێڕانی

**پێشڕەو حسێن**

سلێمانی ٢٠٠٧

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٨٨)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

(١)

ئەوەی پێی دەوترێت "ڕەخنەی نوێ" دیاردەیەکی تازە نیە، لەشۆڕشی[١] فەرەنسا بەدواوە، هەندێك ڕەخنەگری جیاواز لە ڕوانگەی لێکدانەوە جیاوازەکانیانەوە هەر لە مۆنتاین[٢] ەوە تا پرووست[٣] دەستیان دایە سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەدەبی کلاسیکی، ئەو دووبارە خوێندنەوانە لەهەناوی فەلسەفە تازەکانەوە سەریان هەڵدا. هیچ جێگەی سەر سوڕمان نیە کە هەرجارەو نیشتمانێك دەستکەوتەکانی

1 – Liberation

2 –Montaigne

3 –Proust

ڕابـردووی خـۆی زینـدو بکاتـەوەو ئـەو ڕابـردوەی لێـك بداتەوە تا بتوانێ پەی بەوە ببات ئاخۆ چۆن سـوودیان لێ وەربگرێتـەوە. ئەمانـە هـەمان ڕەوتـە پێکهێنـەکانی هەڵسەنگاندن پێك دەهێنن.

بەڵام ئێستا چەند کەسێك پەیدا بوونو دەیانـەوێ ئەم بزوتنەوە ساختەکارانەیە[٤] مـەحکووم بکـەنو لـەو بەربەستانەی بخەنە بەردەم کـە زۆر جـار دەبنـە هـۆی پاشەکشێ کردنی هێزە پێشڕەوەکان، هەر بۆیـە ئـەوان دەڵـێن : ڕەخنـەی نـوێ بەتاڵـە لەئەندێـشەو، لـەڕووی ئاخافتنــەوە سەفــسەتەباز و لەڕوانگــەی ئەخلاقیــەوە مەترسیدارەو ناوەڕۆکەکەی تەنها بریتیـە لـە خـۆ بـەزل زانینـــی خاوەنـــەکانیان. ســـەیر لەوەدایـــە کـــە ئـــەو

imposture-4 – لەفەرنـسا نـەیارانی بۆچـوونی ئازادانـە لەبەرهەمــە ئەدەبیــەکان ڕەوتــی ڕەخنــەی نوێیــان بــەکارێکی ساختەکارانەو فێڵو تەڵەکە ناودەبردو ریمۆن پەیکار کـە "ڕەخنـەو حەقیقـەت" بەمەبەسـتیوەڵامدانەوەی ئـەو نووسـراوە، وتـارێکی لــەژێر نـاوی ڕەخنــەی نـوێ یـان فێـڵو سـاختەی نـوێ بـڵاو کردۆتەوە.

بزوتنەوەیە درەنگ سەری هەڵداوە. بۆچی ئەمڕۆ؟ ئایا ئەمە ئاماژەی کاردانەوەیەکی بێ بایەخە؟ یان گەڕانەوەی هێرشبەرانەی تاریك بینیە؟ یان بە پێچەوانەوە، یەکەمین کاردانەوەیە لەبەرامبەر فۆرمە تازەکانی دەربڕین، ئەو فۆڕمانەی کە تازە سەر هەڵدەدەن‌و هەر لە پێشوەختەوە هەست بە بوونیان کراوە؟

ئەوەی لەچوارچێوەی هێرشەکانی ئەم دواییە بۆ سەر"ڕەخنەی نوێ"مرۆڤ ڕادەچڵەکێنێ، سروشتی گروپکارانەی ئەو هێرشانەیە(٥). ناچیزەییەك لەو میانەیەدا بەدی دەکرێت. هەر دەڵێی لەکۆمەڵگایەکی کۆندا، مەراسیمی شاربەدەرکردنی دیاردەیەکی مەترسیدار ئەنجام دەدەن. نووسینێکی سەرسوڕهێنەر

5 – لێرەدا، بارت لەپەراوێزی کتێبەکەیدا ناوی سەرجەم ئەو وتارانەی ڕیزکردووە کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٦٥و ١٩٦٦ لەڕۆژنامەکانی فەرەنسا بەمەبەستی هێرش کردنە سەر ڕەخنەی نوێ بڵاوکراونەوتەوە کە لێرەدا دوبارە نووسینەوەیان پێویست نیە.

بەناوی – سزادان[٦]– ڕیشەی بە نێو ئەو بزوتنەوەیـەدا داکوتــاوە. ئەوانــە خــەو بــەوەوە دەبیــنن"ڕەخنــەی نـویێ"بریندارو پارچـە پارچـە بکـەنو بیکـوژنو بـەرەو پەشیمان بوونەوەو سەکۆی دادگایی کـردنو سـێدارەی ببەن[٧]. بێگومان ئەمەش دەستدرێژی کردنـە بـۆ سـەر شتێکی گرنگو زیندوو" لەبەرئەوەی ئـەو کەسـەی سـزا دەدات، تەنها لەبەر تواناکانی سـتایش نـەکراوە، بـەڵکو وەکو"پارێزەرێك"کەلەپاش دانیشتنێکی دادگایی کردن گەڕابێتەوە، سوپاسی دەکرێتو ڕێزی لێدەگیرێت.

ئەم هێرشـانە لەلایـەن چـەند گروپێکـەوە ڕێنـوێنی دەکــرێنو، لــەژێر ئایدیۆلۆژیایەکــدا کــار دەکــەنو، شــوێنگەی ســەرهەڵدانی ئــەو هێرشــانە کــۆڕێکی

---

6 –"ئەمــە جۆرێــك ســزادانە"بڵاوکــراوەی ســەلیب (١٠ی دیسامبەری ١٩٦٥).

7– لێـرەدا بـارت لـە پـەراوێزی کتێبەکەیـدا پێرسـتێکی دوورو درێـژی ئـەو لێکـچونانەی نووسـیوە، بـۆ نموونـە : بڵاوکـراوەی لۆدیان، ژمارە ١٦ ژانویـەی ١٩٦٦ووتارێـك لـەژێر نـاوی"بـارت لـە قەسابخانە".

ڕوناكبیری گومان لێكراوه كه هۆكارێكی تەواو سیاسیو ئاڕاستەدار دەخزێنێتە نێو ڕەخنەو زمانەوە[٨].

ڕەخنەی نوێ لە ئیمپراتۆریەتی دوهەمدا دادگایی دەكرێت: ئایا"ڕەخنەی نوێ"لەبەر ڕوبەڕو بوونەوەی بنەما بنەڕەتیەكانی ئەندێشەی زانستی، یان زۆر سادەتر، لەبەر ڕوبەڕو بوونەوەی بنەماكانی دەربڕین، دانایی بریندار ناكات؟ ئایا زیان بەئەخلاق ناگەیەنێتو لەهەموو شوێنێك بوار بۆ –

---

8 – لەساڵی ١٩٦٦, ماوەیەك پێش ئەوەی بارت ڕەخنەو حەقیقەت بنووسێت، ریمۆن پەیكار (Raymond Picard) لەگۆڤاری – ئۆرۆپ ئەكسیۆن (Europe Action) وەڵامی رۆلان بارتی دایەوەو ڕایگەیاند كەدیدگاو سەبكی نوسینی بارت تەمو مژاویو ئاڵۆزە.هەر لەو وتارەدا نووسی : بارت هەست دەكات دەتوانێت ئەوڕێنانەی كە لەپێشبینیەكانی نۆستەر ئادامۆس دەچێتو بەهۆی ئەو ڕستانەی كە لە هێماكانی فیرقەكانی –سیر– دەچن، جێگەی ڕەخنەی كلاسیكو كۆن پڕ بكاتەوە. ڕەخنەو حەقیقەت بەمەبەستی وەڵامدانەوەی دیدگاكانی پەیكار نووسرا.

ڕەگەزپەرستی گومان ئامێزی بێ هەوسارو بێ ڕەوشتانە– فەراهەم ناکات؟ ئایا دابە نەتەوەییەکانمان لەبەرچاوی جیهان بێ بایەخ ناکات؟[٩] یان بەکورتی، مەترسی خولقێن نیە؟ بەکارهێنانیووشەی (مەترسی خولقێن) لەبەرامبەر ئەندێشەو زمانو هونەر، دیدگا کۆنە پەرستانەکانمان وەبیر دەهێنێتەوە..کۆنەپەرستی بەترسەوە دەژییو، ڕیشەی ئەو هەموو وێنە پڕ لەتوندوتیژیانە لەنێو هەمان ئەو ترسەدا خۆی حەشارداوە، کۆنەپەرستی لەهەموو جۆرە نوێبوونەوەیەك[١٠] دەترسێتو هەمووجارێك نوێگەریی بە (بەتاڵ) وەسف دەکات (بەتاڵ، زۆر جار ئەو تاکە سیفەتەیە کە دەکرێت بەشتە تازەو نوێکانەوە بلکێن) بەڵام ئەو ترسە نەریتیە، ئەمڕۆ ئاوێتەی دژە ترسەکەی دەبێت : نیگەرانی لەبەرامبەر ئالۆز[١١]و بارگرژ وێنەکردنی سەردەم.

---

9– وتەیەکی تری پەیکار لەهەمان گووتاردا.

-10 novation

11 – anachronique

ئەوان، گومانی خۆیان لەبەرامبەر نوێگەرایی تێکەڵ دەکەن بە (گرنگیدان بەحاڵی حازر) یان پێویستی (دووبارە خوێندنەوەی بابەتەکانی رەخنە)، بەجۆرێك سەرو بنی کێشەکە پێکەوە گرێ دەدەن کە خۆیان لە(گەڕانەوەی بێ هودە بۆ ڕابردوو) دوور دەخەنەوە. لەمرۆدا کۆنەخوازی تەواو وەکو سەرمایەداری، بۆ ماوەیەکی کاتی خۆی مەڵاس داوە. ئەم هێرشە لەناکاوانەش هەرلەبەر ئەوەیە وەهای دەربخەن کە هەندێك بەرهەمی مۆدێرنیان لەخۆگرتووە کە دەبێ قسەیان لەسەر بکرێتو، ئەو کات پاش ئەوەی ئاستێکی تایبەتی بۆ خۆیان دەدۆزنەوە دەکەونە سزادانی گروپێك.ئەو دادگایی کردنانەی چەند ماوە جارێك، لە ڕێگەی هەندێك گروپی داخراوەوە ئەنجام دەدرێن، هیچ شتێکی نایابیان هەڵنەگرتووە" بەڵکو ئەوانە دەبنە دەرەنجامی جۆرێك لە هاوسەنگی، بەڵام بۆچی ئەمرۆ ڕەخنە[١٢] هاتۆتە مەیدانەوە؟

---

12- Critique – بارت ئەمووشەیە بە پیتی C گەورە

ئــەوەی لەمیانــەی ئــەم ململانێیانــەدا شــایانی قسەلەسەر کردنە، ڕوبەڕو بوونەوەی نێوان کۆنو نوێ نییە، ئەوەی جێگەی بایەخە ئەوەیە کە ڕەخنەی کۆن بەکاردانەوەیــەکی ئاشــکرا قــسەکردن لەســەر دەق قەدەغــە دەکــات : ئــەوەی نــاکرێ پەســندی بکــەین ئەوەیە کە زمان قسەلەسەر زمـان بکـات. گوتـاری دوو ڕوو، هەســـتی تایبـــەتی لایـــەنگرانی نەریتـــەکان دەوروژێنیو، زۆر جار بەیارمـەتی پەنـدێکی کورتبینانـە ڕوبـەڕوی دەبنـەوە: لەحکومـەتی ئەدەبـدا[١٣]، ڕەخنـە دەبێت ئەوەنـدەی پۆلیـسێک"هوشـیارو ئاگـادار"بێـت. ڕێگە گرتن لە ئازادی کەسێك، ڕەنگە ئەوەنـدەی گشت پەسەندکرنی کەسـێکی تـر مەترسـیدار بێـت : ئەمـەش بۆخۆی بەژێر پرسـیار خـستنی دەسـەلاتی دەسـەلاتو

---

دەنووسێت. زمانە ئەورەپاییەکان زۆرجار سەرەتای وشـە پـیرۆزە مەسیحیەکانی نێو دەقەکانیان بە پیتی گەورە دەنووسـن. ڕەنگـە بـارت بــە هــەمان مەبەســت لەمــەڕ ئەمووشــەیە ئــەو بنەمایــەی بەکارهێنابێ.

13 – Etat litteraire

زمانی زمانە. لەڕاستیدا دروستکردنی دەقێکی لاوەکی لــە دەقەســەرەکیەکەوە، کردنــەوەی ڕێگــەتازەو پێــشبینی نــەکراوەکانو گەمــەی بــێ کۆتــایی ئــەو ئاوێنانەیــە کــە لەبەرامبــەر یــەك دانــراونو، هــەر ئــەو هەڵاتووەیە کەبەگومان لێکراو لەقەڵەم دەدرێت. ئەو دەمــەی ڕەخنــە داوەریکردنێکــی بــاوو نەریتگــەرابوو، نەیــدەتوانی جگــە لــە سازشــکارێك چــیتر بێــت، سازشــکردن لەتــەك بەرژەوەنــدیی داوەرەکــان (ڕەخنــە)ی ڕاســتەقینە لــە دابــەکانو زمانــەکان، بەمانای"داوەریکردن"نیە دەربارەیـان" بـەڵکو لەیـەکتر جیاکردنەوەو تویێ کردنەوەیانە. ڕەخنە گەر دەیەوێت ببێتە کارێکی شۆڕشگێرانە، پێویستی بە داوەریکردن نیـە، بـەڵکو ئەوەنـدە بەسـە کـە لـەباتی خزمـەتکردنی زمــان، قــسەی لەســەر بکــات."نــوێ بــوون"تــاوانی سەرەکی ڕەخنەی نوێ نیە، بـەڵکو تاوانەکـەی ئەوەیـە کـە سـەرتاپا ڕەخنەیـەو ڕۆڵـی نووسـەرو ڕەخنـەگر بـە شـێوەیەکی نـوێ دەستنیـشان دەکـاتو بـەم کـارەی هێــرش دەکاتــە ســەر هەماهــەنگیو سیــستماتیکی

زمانـــەکان[١٤]. نـــەیارانی ڕەخنـــەی نـــویٚ ســـەرەتا دەســـەڵاتەکانی خۆیـــان دەســـەپیٚنن‌و دواجـــار دەبنـــە بانگەشەکاری مافی "سزادان".

## ڕەخنەی "حەقیقەت نویٚن"[١٥]

"ئەرستۆ" لەسەر بنـەڕەتی جۆریٚك لـە"حەقیقـەت نویٚنی"بنەمای هونـەری ئاخـافتن دادەڕیٚـژیٚت. ئـەوەش بەیارمـــەتی نەریت،ووتـــەی زانایـــان، دیـــدگای زۆرینـــە، تیٚڕوانینی باوو...هتد، لەنیٚو زەینی مرۆڤەکاندا جیٚگـەی بۆخـۆی خـۆش کـردوە. ئـەو شـتە لـەنیٚو بەرهـەم یـان قسەیەکدا"دەرخەری حەقیقەتە"کەلەتەك هـیچ کـام لـە دەسەڵاتەکان[١٦] ناکۆك نـەبیٚت.حەقیقـەتنویٚنی دواجـار نەپەیوەندی بەو شتانەوە هەیـە کـە بوونیـان هـەبووە" ئەوانـــەی پەیوەنـــدیان بـــە میٚـــژووەوە هەیـــە"و نـــە

14 – ئەم ڕستەیە لەوتارەکەی پەیکاردا هانووە.

15 – Le vraisemabl able critique

16 - autorite

پەیوەندی بەو شتانەوە هەیە کەدێنە بوون" ئەوانەی پەیوەندیان بە زانستەوە هەیە"، بەڵکو تەنها پەیوەندی بەو شتەوە هەیە کەبیروڕای گشتی باوەڕی پێی هەیەو، ڕەنگە ئەو شتە بەتەواوەتی پێچەوانەیواقیعی مێژوویی یان گریمانی زانستی بێت. ئەرستۆ لەسەر بنەڕەتی ئەم بەڵگەیە جۆرێك جوانیناسیی عەوامگۆیی[١٧] دادەڕێژێت. ئەگەر ئەمڕۆ ئەو جوانیناسیە لەمەڕ بەرهەمە" عەوامگۆیەکان[١٨] بەکاربهێنین، ڕەنگە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەربکەوێت کە مانای حەقیقەتنوێنی لەم سەردەمەشدا زیندو بۆتەوە. لەبەرئەوەی ئەو جۆرە بەرهەمانە هەرگیز ئەو شتانە

---

17 – بارت بەمشێوەیە باس لە پێناسەی ئەرستۆ دەکات بۆ ڕاستگۆیی دەق : ئەوشتەی بیروڕای گشتی بەڕاستی دەزانێت. بارت بەم شێوەیە باس لە ناوخنی پێناسەکەی ئەرستۆ دەکات : ئەو ڕاستیەی مومکین نیە، زیاتر لە شتێکی مومکینی ناڕاست بایەخی هەیە،بڕوانە Roland Barthes. I'aventure semiolog igue

-18 oeuvre de masses

لـەژێر پـێ نـانێن كـە جـەماوەر بـاوەڕی پێیـان هەیـە، هەرچەندە لەڕوانگەی مێژوویی‌و زانستیشەوە نامومكین بن.

ڕەخنەی كۆن هیچ جیاواز نیـە لەڕەخنـەی بـازاڕی" هەرچـەندە كـە كۆمـەڵگای ئێمـە زۆر كـەمتر لـە فـیلم‌و ڕۆمان‌و گۆرانی،گوێ لە ڕەخنە دەگرێت. ڕەخنەی كۆن لـــەپانتایی كلتـــوری كۆمـــەڵگادا خـــاوەنی ڕای گـــشتی تایبـــەتی خۆیـــەتی‌و، دەســـتی بەســـەر لاپـــەڕە ئەدەبیـــەكانی چـــەند ڕۆژنامەیەكـــدا زاڵـــەو،خۆی لـەنێو(لـۆژیكێكی رۆشـنبیرانە)دا[١٩] جێدەكاتـەوە كـە ناكرێـت لەمیانەیـدا دژی نـەریت‌و پەنـدی پێـشینان‌و دیـدگای بـاوی كۆمـەڵگا بێـت. بـەكورتی، جۆرێـك لەڕەخنـەی حەقیقـەتنوێن بـوونی هەیـە.ئـەمڕۆ ئـەم حەقیقـەت نوێنیـە بـە بانگەشـەكردنی بنـەماكان خـۆی پێناسە ناكات‌و،لەبەرئەوەی خۆڕسكە، خـۆی لـە هـەر جۆرە مێتۆدێك[٢٠] بەدوور دەگرێت.لەبەرئەوەی مێتـۆد،

-19 intellectuelle.
20 – Methode.

بـە پێـچەوانەوە بەرکـەوتنێکی گومـان ئـامێزە لەتـەك هۆکـاری ڕوداوو سروشـتدا. ئەوانـە تـەنها لـەکاتی سەرسـوڕمانو ناخۆشـنودیی لەبەرامبەر"دێوانەکاریەکانی"ڕەخنـەی نـویَ، دەسـت بـەداوێنی مێتـۆد دەبـن. لەڕوانگـەی ئەوانـەوە هـەموو شتێك لەچوارچێوەی ڕەخنەی نوێدا (تەمو مـژاوی، بـیَ مانـا، سـەرتێکدەر، نەخۆشـانەو بـیَ هەوسـارو گێژکەرە).[٢١]

ڕەخنـەی حەقیقـەتنوێن کاروبـارە ڕونو ئاشکراکانی[٢٢] زۆر خۆش دەوێت، بەڵام ئـەو کاروبـارە ئاشکرایانە زۆر جـار خـاوەن شـێوازو سـتایلی تایبـەتی خۆیـانن. لـەکاتی هەسـتکردن بـە مەترسـیو بـۆ بەرگریکردن لەخود هەمان ناڵی پێچەوانەی هەمیشـەیی دەکرێنـەوەو دەبێتـە هـۆی ئـەوەی جیـاوازیی

---

21 – ئەمە ئەو تایبەتمەندیانەیە کە پـەیکار ئاڕاسـتەی ڕەخنـەی نـوێی دەکـاتو بـارت لەپـەراوێزی کتێبەکەیـدا ئامـاژە بـەدەیان نموونەی لەوجۆرە دەکات.

22 – evidence.

تێڕوانینەکان ببێتە لادانو، ببێتە هەڵە، هەڵە ببێتە گوناه، گوناه ببێتە نەخۆشیو نەخۆشی ببێتە دێوئاسایی[٢٣] ولەبەرئەوەی ئەو سیستمە شێوازێکی ستە، لەخۆڕا تێکدەشکێو شێوازەکانی خۆی هەڵدەڕژێنێتە دەرەوەی خۆی.ئەو بنەما سۆزداریە حەقیقەت ئامێزانە بەجۆرێکن،کە ناکرێت سەرپێچیان لێبکەیتو،ببێتە (دژەسروشت)ی[٢٤] ڕەخنەو بەرەو پانتایی زانستی – دێوناسی–[٢٥] بەکێش نەکرێت. ئێستا با بزانین بنەماکانی ڕەخنەی حەقیقەتنوێن لەساڵی ١٩٦٥دا کامانەن؟

## بابەتیانە بوون

بابەتیانە بوون یەکەمین بنەمایە کە هەراو زەنای گوێ کەڕ دەکات، بەلاّم ئایا بابەتیانە بوون

23 Monstruosite-
24 –anti-nature.
25- teratologie (مەبەستی بارت وتەکەی پەیکارە).

لەچوارچـــێوەی ڕەخنـــەی ئەدەبیـــدا چـــییە؟ ئـــەو بەرهەمەی لە"دەرەوەی ئێمە بوونی هەیە"[٢٦] چۆنە؟ لەبەرئەوەی سـەبارەت بەووشـەی _ دەرەوە _ گـەلێك پێناسـەی جیـاواز پێـشکەش دەکرێـت، ئـەو وشـە پـڕ بایەخەی کە دەبێت دێوانـەیی ڕەخنـە هەوسـار بکـات، کەواتــە خــۆ هەماهــەنگ کــردن لەگەڵیــدا پێویــستەو بــەدوورە لەهەمــەڕەنگی ئەندێــشەی ئێمــە، بــەڵام بەردەوام پێناسەی نویٚ دەکرێتـەوە. پێـشترووشەی — دەرەوە— بـــــە مانـــــای"ئـــــەقڵ، سروشـــــت، ســـەلیقەو....."بـــەکارهاتووە. پێـــشتر لەتـــەك ژیـــانی نووسـەرو"یاسـاکانی جـۆری ئـەدەبی"یـەك شـت بـوو. ئەمڕۆش دیسانەوە پێناسـەیەکی جیاوازمـان دەدەنـیٚ. بـە ئێمـە دەڵـێن بەرهـەمی ئـەدەبی کاروبـارە ئاشـکراو ڕونـەکانی لـەخۆ گرتـووەو دەکرێـت بـە پـشت بەسـتن

26- بارت بابەتیانـە بـوون بەیـەکێك لـە چـەمکەکانی فەلـسەفەی نویٚ ناو دەباتو بەمشێوەیە پێناسەی دەکات : بـوونی ئۆبـژەکان لەدەرەوەی ئێمە.

بـــەدابڕاویی زمـــان، بـــەکارهێنانی هاوخوێندنـــەوەی دەروونناســـانەو پێویـــستیەکانی پێکهاتـــەی جـــۆری ئەدەبی[٢٧]، ئەو کارو بارانە ڕابکێشرێنە دەرەوە.

لێرەدا چـەند گریمـانێکی داتاشـراو ئاوێتـەی یـەکتر دەبـــن، یەکـــەمین گریمـــان، سیـــستمو زانـــستی وشەسازییە.[٢٨] بەو مانایەی کە دەبێت کتێبێکی زمانی فەرەنـسی کلاسـیکی بەرهـەمی (کـایرۆ) مـان لەبـەر دەست بێـت، بـۆ خوێندنـەوەی بەرهەمـەکانی کـۆرنیۆ ڕاسینو مولێر. چ کەسێك هەرگیز ئـەو خاڵـە فـەرامۆش دەکات؟ ئەی چی لەمانایووشە ئاشناکان دەکەن؟ ئەو شتەی پێی دەووترێت"دابڕاویی زمان"هیچ نیە جگە لـە دابڕاویـــــــی زمـــــــانی فەرەنـــــــساو دابڕاویـــــــی فەرهەنگناسیووشەکان. مەلـەل یـان"چـێژ" ئـەو کاتـە هەستی پێدەکرێت کە زمان _ئەو ئیدیۆمـە کۆنـە[٢٩] —

27 – ڕستەی پەیکار.

28 – Lexicographie

29 – idiome

بــەردەوام پێکهێنــەری زمــانێکی تــرە و لەتــەك زمــانی یەکەمدا دژ نیە، واتە هەمان زمانی یەکەمە بەڵام پڕە لە دانــەبڕاویی. بــەهۆی کــام ئــامرازی ناســینو کــام فەرهەنگیووشــەوە دەتانــەوێت بەســەر ئــەو زمانــەی دوهەمدا زاڵ بن؟ هەمان ئـەو زمانـە قـوڵو بـەرفراوانو هێما ئامێزەی بەرهەمەکەی پێ نووسراوەو، زمانی مانـا فــرە لایەنەکانە؟هــــەروەها لەمـــەڕ"هاوخوێنــــدنی دەروونناسی"دەتانەوێ بەپێی کام کلیل، بیخوێننەوە؟ کـە گـەلێك قوتابخانـەی جیـاواز بـۆ ناولێنـانی هـەڵسو کەوتەکانی مـرۆڤ بـوونی هەیـەو، پـاش ئـەوەش گـەلێك شێوازی جیاواز بـۆ دەربڕینـی هاوخوێندنـەوەکانیان لـە ئارادایـــە : شـــێوازی کـــارکردنی دەروونناســـی — لێکدانـــەوەی دەرون — جیـــاوازە لـــە شـــێوازەکانی کـــارکردنی دەروونناســـی ڕەفتارگـــەراو(٣٠)..هتـــد. دەمێنێتەوە دواهەمین پارچەی ئەو شێوازانە کە هـەمان دەروونناسـی"بـاو"ە. ئـەو دەروونناسـیەی هـەموان

30 - Psycologie Behaviorist

پێی ئاشنانو هەر لەو ڕووەشەوە هەستێکی ئارامی بەخشی بەهێز دروست دەکات. ڕەخنەی کۆن دەخوازێت دەروونناسی ڕەخنە بەهۆی سەرجەم ئەو شتانەوە دروست ببێت کە لەقوتابخانە لەمەڕ ڕاسینو کۆرنیێو ئەوانی تر فێری بووین. لەڕاستیدا دەیەوێت نووسەرێك لە ڕێگەی ئەو وێنەیەوە بە ئێمە بناسێنێت کە ئێمە بۆی دەکەین. چ خۆ جووینەوەیەکی[٣١] سەیرە ! کەسایەتیە ئاندرۆماکیەکان ئەو تاکە قەیران گرتوانەن کە "توندو تیژیی هەستەکانیان."[٣٢] بەمانای خۆبەدوورگرتن دێت لەوەهمەکان بە بەهای مەلەلو دوبارە بوونەوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەڵە کردن بێبەری نابن. بەڵام دەبێ لەمەڕ "پێکهاتەی ژانری ئەدەبی" زیاتر فێربین : نزیکەی سەد ساڵە گفتوگۆ لەسەر وشەی "پێکهاتە" بەردەوامە، گەلێك پێکهاتەگەرایی بوونی هەیە، پێکهاتەگەرایی ژنێتیكو،

---

31 – tautologie دووبارەکردنەوەی بەردەوام.

32 – ڕستەکەی پەیکار

دیاردەناسـ‌ـ‌ـ‌ـی و.. هتـ‌ـ‌ـد. هـ‌ـ‌ـ‌ـەروەها جۆرێـ‌ـ‌ـ‌ـك پێکهاتەگەرایی "قوتابخانـەیی"[٣٣] لەئارادایـە کـە کـاری پێشکەشکردنی "هێڵکاری" بەرهەمێکە، مەبەست لێـرەدا چ جۆرە پێکهاتگەراییەکە؟ چۆن دەکرێت بەبێ ئامـادە بوونی مـۆدێلێکی شێوازناسـی، لـە پێکهاتـە تێبگـەین؟ لێرەدا کارمـان بەسـەر تراژیـدیاوە نییـە، کـە یاسـاکانی لەلایـەن تیۆرداڕێـژە کلاسـیکیەکانەوە لێکدراوەتـەوە، ئـ‌ـ‌ـ‌ـەی "پێکهاتـ‌ـ‌ـ‌ـە"ی ڕۆمـ‌ـ‌ـ‌ـان کـ‌ـ‌ـ‌ـە دەبێـ‌ـ‌ـ‌ـت لەبەرامبـ‌ـ‌ـەر "دێوانەکاریـ‌ـ‌ـەکانی "ڕەخنـ‌ـ‌ـەی نـ‌ـ‌ـوێ ڕا بوەستێت چیە؟

کەواتـە ئـەم "بنـەما سـەلمێنراوانە" جگـە لەچـەند شـ‌ـتێکی خـ‌ـوازراو چـ‌ـیتر نـ‌ـین. یەکـ‌ـەمجار "بنـ‌ـەمای سـ‌ـ‌ـەلمێنراو" پێکەنیناویـ‌ـ‌ـەو بەواتایـ‌ـ‌ـەکی تـ‌ـ‌ـر تـ‌ـ‌ـەواو ناشایستەیە" کەس تا ئێستا گومانی ئـەوەی نـەکردووە کەووتـەی بەرهـەمی ئـەدەبی مانایـەکی لـەفزی هـەبێ،

33 – scolaire

کەلــەکاتی پێویــستیدا، زانــستی زمــان[٣٤] پێــشکەش ئێمەی دەکات. قسە لەسەر ئەوەیە کە ئایا کەس مـافی ئەوەی هەیە لێکدانەوەی جیـاواز بـۆ ئەووتـە ئەدەبیـە بکـات بـەبێ ئـەوەی خوێندنەوەکـەی دژی ئـەو وتەیـە بێــت؟ فەرهــەنگی وشــەکان ناتوانێــت وەڵامــی ئــەم پرســیارەمان بداتــەوە، بــەڵکو ئــەوە بەرپرســیاریەتی گەیــشتنە ئانجــامێکی گــشتیە لەمــەڕ سروشـــتی هێمائامێزی زمان.

ســەبارەت بــە "بنــەما ســەلمێنراوە"کــانی تــریش بەهــەمان شــێوەیە : ئەوانــە هــەموویان ڕاڤــەکردنن، لەبەرئــەوەی لەســەر بنــەمای خواســتراوی پێــشوەختی مۆدێلێکی دەروونناسانە، یـان پێکهاتەگەراییانـە، بنیـات نراون. ئەم هێمایە — لەبەرئەوەی هێمایـە — دەتوانێـت بـچێتە قـاڵبی جیـاوازەوە" کەواتـە هـەرجۆرە بابەتیانـە بوونێکی ڕەخنە لە هێمایەکی خواستراو پێك نەهاتووە. بــەڵکو دەرئــەنجامی بــەکارهێنانی تونــدو تیژیــە بــۆ

34– Philologie

سەپاندنی مۆدێلێکی هەڵبـژێردراوی تایبـەتی. تـا ئێـرە هیچ گرفتێك نیە، لەبەرئەوەی تا ئێستا ڕەخنـەی نـویٚ هیـچی تـری نـەووتوەو بابەتیانـەبوونی لێکدانـەوەکانی خۆی بـەپێی تـەبایی نێوانیـان دارشـتووە،و لەبەرئـەوە پێویـست بـەوە ناکـات هێرشـی بکرێتەسـەر. ڕەخنـەی حەقیقـەت نـۆین زۆرجـار هێمـای نووسـین دەخـوازیٚ، ئەمـەش خواسـتێکە وەکـو خواسـتەکانی تـر. بـەڵام دەبینین دواجار چی بەرهەم دەهێنێت.

دەوترێـــت دەبـــیٚ (دەلالـــەتی وشـــەکان بـــۆ خودیووشـەکان بپارێزرێـت)، بـەکورتی وشـە جگـە لـە مانایەك، مانای تری نیە : ئـەویش مانـای باشـە. بـەڵام ئەم بنەمایە گومـانێکی لەپـشت خۆیـەوە حەشـارداوە، یـان لـەوەش خـراپتر، جۆرێکـە لـە بـەبازاڕی کردنێکـی سەرتاسـەریانە(٣٥) وێنـە : هەنـدێك جـار زۆر ئاسـانو بـــەمانای ڕاســـتەقینەی وشـــە هەنـــدێك شـــتی لیٚ

35 – banalisation generale

قەدەغەدەکەن (نابێت بڵێن تیتۆس[٣٦]) برنیسی[٣٧] کوشتووە،لەبەرئەوەی برنیس بەهۆی کوشتنەوە نەمردووە)[٣٨] هەندێکجار بە تانەو تەنزەوە گاڵتە بەبەرداشتی ژێرەوەیووشەکان دەکەن.(پەیوەندی نیرۆنی هەتاویی[٣٩] لەتەك فرمێسکە ژوەنیەکان[٤٠] دادەبەزێنە ئاستی ئەو هەتاوەی گۆمێك وشك دەکات[٤١] یان ئیستیعارەیەك لەزەمینەی ئەستێرەناسی)[٤٢]، هەندێك جار بەپێی پێگەیەك،کێشەی تایبەتی ئەو سەردەمەی تێدا دەبینینەوە (نابێت بەهیچ جۆرێك لەنێو وشەی respire-- دا بەدوای مانای هەناسەداندا بگەڕێن،

---

36 – Titus

37– Berenice

38. وتەی پەیکار –

39 – Nerone solaire

40– Junie

41 –

42 – پەیکار بەکاری هێناوە، ئاماژەیە بۆ بەرهەمەکانی ڕاسین

لەبەرئـــەوەی لەســـەدەی حەڤدەهەمـــدا، ئەوووشـــەیە بریتی بووە لە پاڵکەوتن).بەم شێوەیە دەگەنە ئـەوەی یاســاکارێکی سەرســورهێنەر بــۆ خوێندنــەوە دیــاری بکـــەن: دەبێـــت شـــیعرەکان بـــەبێ بەرداشـــتێکی داهێنەرانـە(٤٣) بخوێنرێنــەوە، نـابێ ڕێگـە بـەوە بـدرێت لـەدەرەوەی ئەووشــە ســادەو عەینیانــە، هـیچ جـۆرە تێڕوانینێکـی تایبـەتی گەشـە بکـات، ئـەو وشـانەی کـە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بـەکارهێنانیان لەئـەمڕۆدا هـەمان وشەکانی (دەروازە، شەوستان، فرمێسك)ن لەکۆتاییدا، وشەکان هیچ بەهایـەکی گەڕانەوەکارانـەیان نیـەو تـەنها خـاوەنی بـەهای گۆڕینـەوەن. وشـەکان وەکـو ئـەوەی بـــەکاردەهێنرێن، لەســـادەترین جـــۆری مامەڵەکانـــدا، بەکەڵکی پەیوەندیی دروستکردن دێنو ئیلـهام بەخـشی هیـچی تـر نـین. بەگـشتی لەڕوانگـەی ئەوانـەوە، زمـان

---

evoquer – 43

تەنها یەك دابڕاویی پێشنیار دەكات: دابڕاویی لە بازاڕی بوون[٤٤]، كە ئەوان هەمیشە ئەوە هەڵدەبژێرن.

قوربانیەكی تری ئەم گێرەشێوێنیە كەسایەتی مرۆڤە" هەمان بابەتی گاڵتەجاڕی هەمیشەیی" كەسایەتی چیرۆكێك هەرگیز مافی ئەوەی نیە پێ لەبەرەی خۆیوهەستەكانی درێژتر بكات. هەبوون وەك نەبوون بابەتێكی نائاشنایە لەلای ڕەخنەی حەقیقەتنوێن (ئۆریست[٤٥]وتیتۆس ناتوانن لەگەڵ خۆیاندا درۆبكەن) هەروەها بوون بەگاڵتەجاڕ (ئیرفیێل[٤٦]، ئاشیلی[٤٧] خۆش دەوێت، بەڵام بەدڵنیایەوە هەرگیز ناتوانێت تەسەوری ئەوە بكات كە ڕوحی لەلایەن ئەشیلەوەداگیركراوە)[٤٨]. ئەم بەرچاوڕونیە سەرسوڕهێنەرەی بونەوەرەكانو بۆنەكان

44 – Certitude de la banalite

45 – Orest

46 – Eriphile

47 – Achille

48 – مەبەست وتەكەی پەیكارە.

بــۆ چـــیرۆکەکە ناگەڕێتـــەوە، بـــەڵکو لەڕوانگـــەی حەقیقـەتنماوە، ژیـان خـۆی ئاشـکرایە. هـەمان ئـەو مەرگـەی بـاڵی بەسـەر جیهانـدا کێـشاوە، بـاڵی بەسـەر بۆنــەکانی مرۆڤــی نێــو کتێبەکانیــشدا کێــشاوە.ئــەوان دەڵــێن هـــیچ بیانوویـــەك نیـــە کەبەرهـــەمی ڕاســـین بەشانۆنامەیەك سەبارەت بـەدیلی ڕوح بـەراورد بکـەین، لەبەرئەوەی ئـەو بەرهەمـە دۆخێکـی بـاو دەگێڕێتـەوە، هەروەها جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کـە تراژیـدیای ڕاســـین بـــاس لـــەو بۆنانـــە دەکـــات کـــەزوڵمو زۆر تەوەرەیــەتی، کــارێکی بێهودەیــە، لەبەرئــەوەی هێــز بنەڕەتی ئاشکرای هەموو کۆمەڵگایە، ئەمـەش بۆخـۆی بریتیـە لـە پێناسـەکردنی هێـزو بۆنـە مرۆییـەکانوەکو دیاردەیەکی سروشتی، هـەرگیز ئـەدەب نـەیتوانیوە لـە تـەك بارودۆخـە — موبتەزەلـەکان — دا بەئاشـتی بـژی، لەبەرئــەوەی دەکرێــت بڵــێین ئــەدەب ئــەو گوتارەیــە کەبۆنەیـــەکی ڕۆژانـــەو ئاســـایی دەکاتـــە بۆنەیـــەکی بنەڕەتیی‌و لەو بۆنە بنەڕەتیەش، بۆنەیەکی ئاشـکراکەر دروست دەکات. بەم شێوەیە دەکرێت بڵـێین ڕەخنـەی

حەقیقەتنما بەکەڵکی بیَ کەڵك کردنی هەموو شتێك دێت. ئەوەی لە ژیاندا — موبتەزەلە — نابێت دەسکاری بکرێتو، بەپێچەوانەوە ئەوەی لەنێو بەرهەمێکدا موبتەزەل نیە دەبیَ موبتەزەل بکرێت: ئەمەش ئەو جوانیناسیە گێلانەیە کەژیان مەحکومی بێدەنگیو بەرهەمەکەش مەحکومی بیَ مانایی دەکات.

## چێژ[٤٩]

بۆ دەستکەوتنی بنەماکانی تری ڕەخنەی حەقیقەتنما، دەبێت هەندێك بگەڕێینەوە دواترو بگەینە سەر سانسۆرە پێکەنیناویەکانو، بچینە نێو باسو ململانیَ وێرانەکانی ڕابردوو،و لە زمانی ڕەخنەگرانی کۆنەپەرستەوە گویَ لە وتەی ڕەخنەگرە کۆنەکانی ڕۆژگاری دور(نیزار[٥٠]ونیپۆمۆسن لۆمێرسیە)[٥١] بگرین.

---

49 – legout

50– Nisard (١٨٠٦ – ١٨٨٨) ئەدیبی فەرەنسی.

ئـەم كۆمەڵـە ڕێگرانـەی[52] ئـەخلاق‌و جوانیناسـی چین، كەڕەخنەی كلاسیك سەرجەم ئەو بەهایانـەی كـە ناتوانێن بەسەر زانستدا بیانسەپێنێت، لەوێدا كۆیـان دەكاتـەوە؟ ئێمـە ئـەم ڕێگرانـە نـاودەنێین چـێژی ئەدەبی[53]. چێژ لایەنگری قسەكردن لەسەر چ بابـەتێك دەكات؟ ئۆبـژەكان. ئۆبـژە پـاش ئـەوەی لەووتەیـەكی دانایانـەوە دەپەڕێتـەوە، پـەرە دەسـێنی‌و دوچـاری جۆرێـك ناتـەبایی دەبێـت كەلـە خـودی ئۆبژەكانـەوە سەرچاوە ناگرێت،بەڵكو ئەوە دەرئەنجامی ئاوێتەبوونی تەجریـد و بابەتیانەبوونـە (تێكـەڵاوكردنی ژانرەكـان هەمیشە قەدەغەیە)" ئەوەی جێگەی پێكەنینە ئەوەیـە كـە دەكرێـت ئیـسفەناج بخەینـە قـسەو باسـە

---

51 – Nepomucene Lemercier (١٧٧١ – ١٨٤٠)
شاعیری ئیریك نووسی فەرەنسی كە هەندێك دەقی تراژیدیای لاوازی نووسی.

52 – interdit

53 – وتەی پەیكار

ئەدەبیەکانـــەوە[٥٤] : مـــەودای نێـــوان ئۆبـــژەو زمـــانی هێمائامێزی ڕەخنە تەواو تەجریدین‌و، ڕەخنەی نویێ بە پێچەوانەوە، زۆر کەمتر موجـەرەدەو زیـاتر دەپەڕژێتـە سەر ناوەڕۆك‌و ئۆبژەکان، بەڵام ئەم نێوەندی ڕەخنەیـە مـــەحکوم کـــراوە بـــەوەی خـــاوەنی تەجریـــدێکی نامرۆڤانەیـــە.ئایـــا بەڕاســـتی ئـــەوەی پێـــی دەوترێـــت حەقیقەت نوێنی (بەرجەستە)[٥٥]، جگـە لـە — خـوو — چی ترە. لەمیانەی حەقیقەت نوێنیدا(خوو)، چێژ پێـك دەهێنێت، لەڕوانگەی حەقیقەت نوێنیەوە نـابێ ڕەخنـە لە ئۆبـژەکان دروسـتکرابێت (لەبەرئـەوەی زۆر کـۆنن)و نـابێ لـە بیرۆکـەکانیش دروسـت بووبێـت (لەبەرئـەوەی زیاد لە پێویست موجەرەدن) بەڵکو دەبێت لە بـەهاکان پێك هاتبێ.

لێرەدایـە کـە چـێژ دەتوانێـت کارسـاز بکەوێتـەوە. خزمەتگوزاریی سادەی ئەخلاق‌و جوانیناسی، لە نێـوان

---

54 – ئاماژەیە بۆ وتەی پەیکار

55 – concrete

(جوانو باش) دا زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراوی ئاسان دروست دەکات، تا بەهۆی بەکارهێنانی ڕێگەچارەیەکی سادەوە، بەبێ هیچ دەنگدانەوەیەك ئەو دووانـە بەهەڵـە بە هاوتای یـەك بـزانین. بـەڵام ئـەو ڕێگەچـارەیە وەکـو سەرابێکی ونبوو وایە. لەبەرئەوەی زۆر دەپەڕژێتە سەر ڕەگەزایـەتی، سەرزەنـشتی ڕەخنــە دەکرێـت. بــەڵام دەبێ بزانین کە بازاڕی قـسەوباس لەسـەر ڕەگەزایـەتی هەمیشە گەرم بووە. ئەگەر بێتوای دابنێین گەر بۆ یـەك چـرکە پاڵـەوانانی بەرهەمـە کلاسـیکیەکان خۆیـان لـە ڕەگەزایەتی کلاسیکی بـەتاڵ بکەنـەوە چـی ڕوودەدات، لە ڕوانگەی نەیارانەوە، ڕەخنەی نـوێ خەیاڵێکـە پـەرە بەڕەگـــەزێکی وەســـواس ئـــامێزو بـــێ هەوســـارو هەرزەکارانـە دەدات. هـەروەکو ئـەوەی ئـەوان درکیـان بـــەوە نـــەکردبێ کـــە ڕەگەزایـــەتی دەتوانێـــت ڕۆڵێکـــی گرنگی لە پێکهـاتنی کەسـایەتی چـیرۆکەکاندا هـەبێتو ئەو ڕۆڵەش بـەپێی پـەیڕەوکردنی لـە فرۆیـد[٥٦] یـاخود

56 – Freud

ئادلـــەر[٥٧] بگۆڕێـــت . ئـــەم بیرکردنەوەیـــە هـــەرگیز ڕەخنەی کۆن بیری لێ ناکاتەوە، لەبەرئـەوەی دەکرێت بپرسین ئایا جگەلەوەی لە ئاگاییەکی گشتیدا[٥٨]"چـی دەزانم"لەمـــەڕ فرۆیـــد خوێندویانەتـــەوە، چـــی تـــری دەربارە دەزانن؟

لە ڕاستیدا چێژ هۆکارێکی ڕێگرێکی دیکەی بـەردەم گوتـارە[٥٩]. هـۆی مـەحکوم کردنـی شـیکاری دەرونـی بیرکردنەوەنیە، بەڵکو خاوەن گووتار بوونیەتی، ئەگـەر بیانتوانیبـا ئـەو کـارە لەچوارچێوەی کـاری پزیـشکیدا سـنوردار بکـەن بــە پاڵخـستنی نەخۆشـــەکە لەســـەر کورسی عیادەکان ئەوەندەی خـاڵ کوتانێـك هەسـتیان بــە نیگـەرانیو تــرس دەکـرد. بـەڵام ئێـستا شـیکاری دەروونی گووتاری خـۆی ئاراسـتەی ئـەو ململانێیانـەش دەکـات کــە ســەبارەت بــەو بوونـــەوەرە پایــە بڵنــدو

57– Adler

58 – que sais-Je?

59 – un interdit de parole

پیرۆزەی پێی دەووترێت نووسەر لە ئارادایە.وەکو: (ئەو شاعیرەی کەتازە بە –مۆدێرن– حسابی بۆ دەکرێت، بەڵام هێشتا کلاسیکە) (ڕاسین بەئابڕوترین عاشقەو زۆر سادەش دەتوانین لێی تێ بگەین![٦٠]).

لەڕاستیدا ئەووێنەیەی کەڕەخنەی کۆن بۆ شیکاری دەرونی دەیکێشێت، دەمێکە باوی نەماوە. ئەمووێنەیە لەسەر بنەمای ڕیزبەندیی کۆن بۆ جەستەی مرۆڤ وەردەگیرێت. لەڕەخنەی کۆندا، مرۆڤ لە بنەڕەتدا لە دوو بەشی تەشریعی پێك هاتووە، بەشی یەکەم، دەرەوەو سەرەوەی مرۆڤە : سەری هەمان ئەوخولقێنراوە هونەرمەندانەو درەوشانەوەی نەجابەتەیە کە دەکرێت ئاماژەی پێ بکرێتو ببینرێت، بەشی دوهەم، خوارەوەو ناوەوەی مرۆڤە : هەمان ڕەگەزایەتی کە بریتیە لە: ڕەگەزایەتی (کە نابێ لێرەدا ناوی بهێنین)،غەریزەکان(بزوێنەرە بێ هودەکان)،

---

60 – ئاماژەیە بۆوتارێکی گۆڤاری ئەنجومەن (١٥ ی نۆڤامبەری ١٩٦٥).

(جەستەیی)، (کارکردە خۆڕسکە نادیارەکان)، (دونیای تــاریکی ململانــێ بــارگرژی خولقێنــەکان)[٦١]، لێــرەدا مرۆڤی سەرەتاییو ئاشکرا، لەوێـشدا نووسـەری فـراژوو و دەسەڵاتداربەسەر خۆیدا. بـەڵێ ئـەوان بەتوڕەییـەوە دەڵــێن کــە شــیکاری دەرونــی بــۆ پەیوەنــدیی دروســتکردنو پێکەوەلکانــدنی ســەرەوەو خــوارەوەو دەرەوەو ناوەوە، زیادەڕۆیی دەکات"و دەڵێن ئاستێکی بەرزتریش دەبەخشێتە خوارەوەی شاراوە، هەمان ئـەو ئاستەی خوارەوە کەبەباوەڕی ئەوان لە ڕەخنەی نوێدا دەبێتە وێنەیەکی(ڕونکەرەوەی)[٦٢] سەرەوەی ئاشکرا: بەمــشێوەیە ئەوانــەی پــەیڕەویی لەڕەخنــەی کــۆن دەکــەن، نیگــەرانی ئــەوەن کــە هــیچ جیاوازیــەك لــەنێوانوردە زیــخو ئەڵماســدا نەمێنێتــەوە. چــۆن دەکرێت وێناندنێکی ئەوەندە ساکارو گێلانە لەو بابەتـە پێشکەش بکرێت؟دەبێ جارێکی تـر ئـەوە بەڕەخنـەی

61 – ئاماژەیە بۆووتەی پەیکار.

62– explicatif

نـــویێ ڕابگەیێنینـــەوە کـــە شـــیکاری دەرونـــی تـــەنها لەسەر"نەست"قسە ناکاتو هەر هـیچ نـەبێت ڕەخنـەی دەرون شیکاریانە لـەو تۆمەتـە بـەدوورە کـە ئـەدەبیات بکاتـــە"چـــەمکێکی هەڵـــچوی مەترســـیدار"[٦٣].بـــە پێچەوانەوە لەڕوانگـەی ڕەخنـەی دەرون شـیکاریانەوە نووسەر بکەری –کـردار– ە (ئـەوەمان لـەیاد نەچـێت کـــە ئەمووشـــــەیە لـــــەنێو دەرون شـــــیکاریدا بـەکاردەهێنرێت). لەلایـەکی تریـشەوە پێگەبەخـشین بـــە"ئەندێـــشەی ئاگایانـــە"و کـــەم نـــرخ کردنـــی دیاردە"بیۆاسیتەو بنەڕەتیەکان"لـەنێو ڕوحـی مرۆڤـدا لەتەك دەسـكەوتە زانـستیەکاندا هاوتـا نـین. سـەرجەم بەراوردکاریە جوانیناسیو ئەخلاقیەکان لەنێوان مرۆڤـی ئەنـدام شـێوە، بزوێنــەر، خۆهــەڵقولاو، بــیێ بەنـدوبار، ئاژەڵی، نادانو...هتد، لەتەك ئـەدەبیاتی هەڵبـژێردراو، ڕەســەن، خــاوێنو شـكۆمەند، بـەراوردکردنێکی هەڵـەو نادروستن، لەبەرئەوەی دەزانین مـرۆڤ لەمیانـەی دەرون

---

63 – ئاماژەیە بۆووتەیەکی پەیکار.

شـیکاریدا لەڕوانگــەی ئەندازەییــەوە دابــەش نــەبووەو بــەپێی دیــدگای – ژاك لاكــان –[٦٤] ناكرێــت بــەهۆی هەندێك چەمكیوەكو دەرەوەو ناوەوە، یـان سـەرەوەو خـــوارەوە، شـــی بكرێتـــەوە. بـــەڵكو ئـــەو دۆخـــە جێبەجێكارێكی ئاشكراو گرێدراوە، كەلە میانەیـدا زمـان بەردەوام ڕۆڵی خۆی دەگۆڕێتو ئاستەكانی بـەدەوری تەوەرەیــەكی نــەگۆڕدا دەخولێنــەوە. بـــەڵام ئەمـــە بزماردا كوتینە بە بـەردا. ئەوەنـدەی ئەسـتورییو چـڕی

64- Jacque Lakan دەروونناسـی فەرەنـسی، ژاك لاكـان یەكێكە لە پێكهاتـە گـەرا بەناوبانگـەكان, ئـەو لـەو بڕوایەدایـە كـە دەرونـی مـرۆڤ پێكهاتەیـەكی هاوشـێوەی زمـانی هەیـەو نەسـت دەرئـەنجامی ململانێـی بـەردەوامی دالەكانـە، بـەڵام نـەوەكو ئـەو دالانەی كـە لـەنێو ئامـاژەناسـیو زمانناسـی سۆسـۆردا دەیبیـنین، بەواتای ئـەو دالانـەی كـە مانـاو ئامـاژەی ڕونو ئاشـكرایان هەیـە، بەڵكووەكو ئەو دالانەی كە لەنێو نەسـتدا دەكرێـت مانـای جیـاوازو ئاڵۆزیـان هـەبێت. لێـرەدا ئامـاژەی بـارت بـۆ"تـەوەرەیی بـوونی پێشكەوتنو دواكەوتن"ڕەنگە ئاماژە بێت بـۆ تیۆروانینـی لاكـان بـۆ دالو مەدلول.

ئەفسانەیەك، ڕەخنەی كۆن لەدەرون شیكاریی بێ ئاگایە (هەر بۆیە دواجارادەزانێ سیحرە). ئەمە ناكۆكیەكی سادە نییە، بەڵكو تەدارەكێكی مێژووییە كەلەكۆنەوە دەست بەكارە "بەگومانی من نێوەندبەخشین بە ئەدەبیات لەپەنجاساڵ پێشترەوەو بەتایبەتی لە فەڕەنسادا لەسەر بنەمای پایە بڵندیی غەریزەو نەستو ئیرادە بەمانا ئەڵمانیەكەی بووە، واتا لەڕێگەی بەرهەڵستیكردنی ئەقڵەوە". ئەم ڕستانە لەساڵی ١٩٦٥ داو لەلایەن ڕیمۆن پیكارەوە نەنووسراوە، بەڵكو ژولیەن بێندا[٦٥] لەساڵی ١٩٢٧ دا نووسیویەتی.

65 – Julien Benda ڕستەكانی سەرەوە لەسەرزاری ژولیەن بێنداو بلاوكراوەی Midi libre ی ژمارە ١٨ی نۆڤامبەری ساڵی ١٩٦٥دا، هاتووە.

## ڕوونی ( وضوح )[٦٦]

ئەمەش دواهەمین سانسۆری ڕەخنەی حەقیقەت نوێنیەو،وەکو ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت پەیوەندیی بەخودی زمانەوە هەیە. هەندێك لەزمانەکان دەخرێنە خانەی"زمانی زەرگەری"[٦٧] یەوەو بەکارهێنانیان

---

66 – Clarte

67 – Jargon لەرابردودا، هەندێك فیرقەیوەکو فیرقە عیرفانیە یەهودییو مەزدەکیو مەسیحیە سەرەتاییەکانو حروفیەو ئیسماعیلیە.. زمانێکی تایبەتیان بەکار دەهێنا. هەر فیرقەیە خاوەنی زمانێکی هێمائامێزی تایبەتی بوو، بۆ ئەوەی نهێنیەکانی بیروباوەڕەکانیان نەکەوێتە دەست دوژمنەکانیان.لەبەرئەوەی پیشەوەران زۆرینەی ئەندامانی ئەو فیرقانەیان پێك دەهێنا، جۆرێك زمانی پیشەیی هاتە گۆڕێ.لەوەرگێرانی ئەم بەرهەمەدا لەبەر ئەوەووشەی"زمانی زەرگەری"بەکارهاتووە کە ئاماژەیەکە بۆ تەمو مژاوی بوونی ئەو زمانە لەلای گوێگرو لەلایەکی تریش دەرخەری بیروباوەڕی فیرقە ئاینیەکانە.

لەلایـەن ڕەخنـەگرەوە قەدەغـە دەکرێت،و تاکـە یـەك زمانی بەسەردا دەسەپێنرێت : ڕوونیو ئاشکرایی.

ماوەیـــەکی زۆر کۆمـــەڵگای فەرەنـــسی "ڕوونو ئاشـــکرا"ژیـــان دەگـــوزەرێنیٚ. ئەمـــەشوەکو ئـــەو چـۆنایەتیە سـادەیەی پەیوەندیـە گوتاریـەکانو،وەکو ئەو (سیفەتە بـزاوە)[٦٨] نیـە کـەبتوانرێت لەمـەڕ زمانـە جـۆراو جۆرەکـان بـەکاربهێنرێت، بـەڵکو بۆخۆیوەکـو گوتـارێکی جودایـە :وەکـو نووسـین لەڕێگـەیجۆرێك زمانی بنەڕەتی پیرۆزو خاوەن بنەمای هاوبـەش لەتـەك زمانی فەرەنسیدا، بەهەمان ئـەو شـێوەیەی کـە خـەتی هیرۆگلیفوسانـــسکریت یـــان لاتینـــی ســـەدەکانی ناوەڕاستیان نووسیوە.ئەو زمانـە بنەڕەتیـەی کـەناوی لێنراوە"ڕونیوئاشکرایی تایبەتی زمانی فەرەنسی"ئـەو زمانەی کە بنـچینەیەکی سـەرهەڵدانی سیاسـی هەیـەو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کەچینی دەسـەڵاتدار ویستویەتی — بەپێی بنەمایەکی ئایـدیۆلۆژی ناسـراو —

68 – attribut mobile

تایبەتمەنـدی نووسـراوەکانی خـۆی بکاتـە زمـانێکی جیهـانیو بانگەشـەی ئـەوە بکـا کـە "لۆژیـك"ی زمـانی فەرەنـسی لـۆژیکێکی ڕەهایـە، بەوشتەیـشیی دەووت زیرەکیو هوشیاری زمان. زیرەکـیو هوشـیاریی زمـانی فەرەنسی لەوەدایە کە بکـەرو کـردارو (بـەرکار) لـەدوای یـەك ڕیـز دەکـرێن، کەئەمـەش لەڕوانگـەی ئەوانـەوە سەرچـاوەیەکی "سروشـتی"یـە. ئـەم ئەفـسانەیە لەڕوانگەی زانستیەوەو لەلایـەن زماننناسـی نوێـوە هـیچ ئیعتیبـارێکی نـەماوە[٦٩]. زمـانی فەرەنـسی لـەهیچ زمانێکی تر لۆژیکی تر یان نالۆژیکیتر نیە.

دەزانـین کـە دابـە کلاسـیکیەکان چ بەڵاگـەلێکیان بەسەر زماندا هێناوە. سەیر لەوەدایـە کەفەرەنـسیەکان بـــــەردەوام لەبەرئـــــەوەی خـــــاوەنی کەسـێکیوەکو "ڕاسـین"بـوون کـە خـاوەنی دوو هەزاروشـەبووە بـەخۆیان دەنـازنو، هـەرگیز گلـەیی

---

69 – بڕوانـە کتێبـی (زماننناسـی گـشتیو زماننناسـی زمـانی فەرەنسی) بەرهەمی – شارڵ بائی – چاپی چوارەم ١٩٦٥.

ئـــــــەوە ناکـــــــەن بۆچـــــــی خـــــــاوەنی کەسێکیوەکو"شکسپیر"نـەبوون. ئەمڕوکـەش هێـشتا بەشـێوەیەکی کۆمیـدی بـەو"زمـانی فەرەنـسی"یـەیان دەنازن: ئـەو زمانـەی کـەخاوەن ڕابردویـەکی پـیرۆزەو، بەرهەڵستی کردنی هێرشی بێگانەکانـەو سـزای مـەرگی هەندێکووشەیە کـە بەناحـەز لەقەڵـەم دەدران. دەبێـت بەردەوام ئەوزمانە بپارێزرێتو پاکسازیی بکرێتو ڕێگـە لەچـونە نـاوەوەی هەنـدێك شـت بـۆ نێـو ئـەو زمانـە بگیرێـت.وەکـو چـۆن ڕەخنـەی کـۆن لەبـەر هەنـدێك بەڵگـەی پزیـشکیو لەڕوانگـەی"پاتۆلۆژیـەوە[٧٠]" ئـەو شـێوەی دەربڕینـە دەخاتـە ژێـر لێکدانـەوە کـە لـەلای پەسند نیە، بەهەمان شێوە دەووترێت کەنەخۆشـیەکی نەتەوەیی کەوتۆتە گیـانی شـێوازەکانی دەربـڕین، ئـەو شێوازانەی کەبـە"ئاراسـتەی غوسـلدانی زمـان"[٧١] نـاو دەبرێن.

---

70 – Pathologique

71 – ablutionisme du Langage

ئێمــه دۆزینــەوەی مانــای ئەووشــەیە دەخەینــە ئەستۆی دەروونناسی لەئاستی خەڵکناسیدا[٧٢]، بـەڵام جـەخت لەسـەر ئـەوەش دەکەینـەوە کـە — مـالتوس گەرایی— [٧٣] زمانێکی زۆر شوومە.

جوگرافیـا ناسـێك بـەناوی — بـارۆن —[٧٤] دەڵێـت :زمان لەلای پاپوسەکان زۆر هەژارە، هەر خێڵەو زمـانی تایبەتی خۆی هەیـەو فەرهەنگیووشـەی ئـەو خەڵکانـە ڕۆژبەڕۆژ کەم دەکات، لەبەرئەوەی پاش ئەوەی یـەکێك لەئەنــدامانی خێڵێــك کۆچــی دوایــی دەکــات،وەك ئاماژەیـەك بـۆ تازیـەباریی، چەندووشـەیەك قەدەغـە دەکرێــت. لــەم ڕوانگەیــەوە ئێمــەش خەریکــەوەکو پاپوســەکانمان لێــدێت، ئێمــەوەکو نیــشانەیەك بــۆ ڕێزگــرتن، زمــانی نووســەرە مردووەکــان مۆمیــایی

---

72 – ethno – Psyhiatrie

73 – Malthusianisme قوتابخانەی ئـابوریزانی بـەریتانی مــالتۆس کــە بــیروڕای تایبــەتی دەربــارەی گرفتــی ژمــارەی دانیشتوان هەبوو.

74 – Baron

دەکـەینو ڕێگـە لـەو ماناووشـە تازانـە دەگـرین کـە دەیانـەوێت پـێ بخەنـە نێـو دونیـای ئەندێشەوە، بـەو جیاوازیەی لێرەدا ئاماژەی تازیـەباری بەنـسیبی لـەدایك بوون دەبێت نەوەکو مەرگ.

ئاکـامی ڕێگـرتن لـەزمان، نیمـچە شـەڕێك لـەنێوان کــۆڕە داخــراوە ڕوناکبیریەکانــدا دروســت دەکــات. ڕەخنەی کۆن یەکێکـە لـەو کـۆڕە داخراوانـەو"ڕوونـیو ئاشکرایی زمانی فەرەنسی"کـە بانگەشـەی بـۆ دەکـات جۆرێك زمانی زەڕگەریە، واتە هـەمان ئـەو زمانـە کۆنـە تایبەتیــەی کــە گروپێکــی دیــاریکراوی نووســەرانو ڕەخنــــەگرانو مێژوونووســــان بــــەکاریان هێنــــاوەو، لەڕاســـتیدا تەنانـــەت پـــەیڕەویی لـــە نووســـەرە کلاسیکیەکانمان ناکەن،بـەڵکو تەنهالاسـایی کلاسـیزمی نووسـەرەکان دەکەنـەوە.ڕوخـساری دیـاریکراویی ئـەو زمانـە زەڕگەریـە کۆنەپەرسـتە، هـەرگیز ئاراسـتەبوونی توند نیـە بـەرەو بەڵگـە یـان قەناعـەت لەوێنـە دروسـت کردندا. ئەوانە تایبەتن بە زمانی وێنـەیی لۆژیـك (تـەنها ئــەو کاتــەی باســی لۆژیــك دەکرێــت مــافی قــسەکردن

لەسـەر ڕونـیو ئاشـکراییمان هەیـە) بـەڵکو ڕوخـساری دیاریکراویی ئەوەش ئامادەبوونی کۆمەڵێك کلێشەیە[٧٥] کە زۆرجـار پـاڵ دەدەن بەوڕێنەکردنـەوە، لەبەرئـەوەی کەوتونەتـــە داوی ســـەلیقەوە لەهەنـــدێك ڕســـتەداو، هەڵبەتـــە خۆیـــان لەبـــەکارهێنانی هەندێكووشـــە دەپـــارێزنو، بەوپـــەڕی هەســـتکردن بەمەترســـیو گومانەوە ڕوبەڕویان دەبنەوە،وەکو ئەوەی ئـەو وشـانە لەهەسـارەیەکی تـرەوە هـاتبن. لێرەدایـە کەڕوبـەڕوی ئاراستەیەکی موحافیزکارانە دەبینەوە کە نایەوێت هـیچ گۆڕنکاریـەك لـە جوداکردنـەوەو[٧٦] دابەشـکردنی[٧٧] وشـــەکاندا[٧٨] ڕوودەدات: وەکـو ئـەوەی ئـەو کـارە دەستدرێژی کردن بێت بۆسەر کانزای زمان.

ئەوان بۆهەر بوارێکی نووسین یـەك پانتـایی زمـانو یەك بەشیووشەناسی دەستنیشان دەکەن کە تێپـەڕین

---

75 – stereotype

76 – separation

77 – distribution

78 – Lexique

لەوپانتاییانـە قەدەغەیـە.(بۆنموونـە : فەلـسەفە مـافی بـەکارهێنانی زمـانی تایبـەتی خـۆی هەیـە) بـەڵام ئـەو پانتاییەی کەبۆ ڕەخنە دیاریکراوە زۆر سەرسـوڕهێنەرە : ئەوپانتاییە تایبەتەی کەووشە نامۆکان مافی ئەوەیان نیە بچنە ناویـەوە (وەکـو ئـەوەی ڕەخنـە پێداویـستی مانایی ئاست نزم لەخۆبگرێت) بەڵام مافی بـەکارهێنانی زمـانی جیهـانی پـێ دەبەخـشرێت. لەوێدایـە کەهـەمان زمانی باو[٧٩] لـەباتی زمـانی جیهـانی لەقەڵـەم دەدەن : ئـەو زمانـەش کـە بریتیـە لەژمارەیـەك سـەکتەو[٨٠] لەمپـەڕ[٨١]، بۆخـۆی هـیچ نیـە جگـە لـەزمانێکی تایبەتمەند، زمانی جیهانی خاوەندارەکان.

دەکرێـت ئـەم نەرگـسیەتەی[٨٢] زمانناسـی بەشـێوەیەکی تـر دەربـبڕین : زمـانی"زەڕگـەری"ئـەو

---

79 – langage courant

80 – Tic

81 – refus

82 – Narcissisme linguistique

زاراوەیە کەلەمەڕ زمانی تاکێکی تـر(٨٣) بـەکاردەهێنرێت (ئەویتر (٨٤)) تاکێکی تر ئەو کەسـەیە کـە خـودی مـرۆڤ نیە، تایبەتمەندی مەترسـی خولقێنـەریی ئـەو زمانـەش لـەوێوە سەرچـاوە دەگرێـت. هـەر ئەوەنـدەی زمانێـك هــەمان زمــانی گروپــە بــچووکەکەی خۆمــان نــەبێت، بــەزمانێکی بــەتاڵو بێکــەڵك و ورێنــەئامێز لەقەڵــەم دەدرێــت، کەخزمــەتی ئامانجەڕاســتەقینەو جدیــەکان ناکــات، بــەڵکو لەخزمــەتی ئامانجــە پــووچ و بــێ بایەخەکاندایە.

بــەم شــێوەیە زمــانی"ڕەخنــەی نــوێ"(٨٥) لەچــاوی"ڕەخنــەی دێــرین(٨٦)"ەوە هەرئەوەنــدەی زمــانی"ییــدیش (٨٧)"نــامۆو بێگانەیەو،ئەمــەش

---

83 – l'autre

84 – autrui

85 – neo-critique

86 – archeo-critique

87 – Yiddish ، زمانی یەهودیەکانی ئۆروپـای ڕۆژهـەڵات کـە تێکەڵەیەکـە لــەزمانی ئــەڵمانی، نەمــسایی, ئیتــالی, ڕوســیو

بەراوردێکی ڕێژەییە، چۆن تێیان بگەیێنین کەتەنانەت دەکرێت لەقوتابخانەی نەتەوەیی زمانە ڕۆژهەلاتیەکاندا، زمانی "ییدیش"فێر بن.

"بۆچی بەشێوەیەکی سادەتر شتەکان دەرنەبڕین؟"چەند بەردەوام گوێمان لەم ڕستەیە بووە، بەلام هەرگیز مافی بەکارهێنانیمان نەبووە؟ بەبێ ئەوەی بمانەوێت باس لەتایبەتمەندیی تەندروستو زیندوی تەومەژاویی بوونی هەندێك لەزمانە نەتەوەییەکان بکەین، ئایا ڕەخنەی کۆن لەوە دڵنیایە

---

فەرەنسی. ئەو زمانە بەدرێژایی سەدەی سیانزدەو تا حەڤدەی میلادی لەکەنارەکانی ڕوباری –راین –سەری هەڵدا. ڕیشەو بنەڕەتی ئەو زمانە ئەڵمانی کۆنە، بەلام پاش ئەوەی زمانی ئەڵمانی پەرەی سەندو گۆڕانکاری زۆری بەسەرهات، ییدیش، تەنانەت لەلای ئەڵمانیەکانیش لێ تێگەیشتنی ئاستەم بوو.ئەو زمانە حاڵی حازر تەنها لەنێوان ژمارەیەکی کەمی یەهودیەکانی نیویۆرك بەکاردەهێنرێت. لەو شەش ملیۆن یەهودیەی لەجەنگی جیهانی دوهەم کوژران، پێنج ملیۆن کەس ییدیش زمان بوون. لەپاش ئەو ڕوداوە ئەو زمانە بەرەو نەمان چوو.

کــەبۆخۆی خــاوەنی زمــانێکی تەومــژاوی و بــێ سەروبەر[٨٨] نیە؟ ئەگەر منیش‌وەکو کەسێك لەڕیزی ڕەخنەی کۆندا لەقەڵەم دەدرام، ئایا مافی ئەوەم نەبوو داوا لە هاوکارەکانم بکەم بنووسن"جەنابی پێرۆئی[٨٩] ڕێنوسێکی فەرەنسی جوانی هەیە"و خۆیان بەدوور بگــرن لەنووســینی ئــەم ڕستەبێــسەروبنەی کــە دەڵێت:"دەبێ ستایشی قەڵەمی جەنابی پیرۆئێ بکرێت لەبەرئەوەی هەرچەند جارەو بەوەسفە سەرسوڕهێنەرو جوانــەکانی ڕاماندەچــەنێ"یــان لــەباتی ئــەم ڕســتەیە"ســەرجەم ئــەو بزاقــەی دڵ کــە گڕلەقەڵــەم بــــەردەداتو تــــیری مــــەرگباری لێ دروســــت دەکات[٩٠]"داوای لێ بکەین بنووسێت:"تورەیی"قەڵەمی ئەو نووسەرەی کە گڕی تێبەردەدەن‌و هەندێك جار ڕاچەنینێکی خۆشمــان پــێ دەبەخــشێتو هەنــدێك

88 – galimatias

89 – Piroue

90 – ئاماژەیــە بۆووتــارێکی"پ. ســیمۆن" کــە لــەژمارەی یەکەمی دیسامبەری ١٩٦٥ی لۆمۆند بڵاوکرایەوە.

جـاریش مــەرگ خــولقێن، چ جــۆرە مانــاو چ جــۆرە ڕســتەیەکە؟ لەڕاســتیدا ئەوزمانــە تــەنها لەبــەر ئــەو ستایـشەی کـە کـراوە ڕوونو دیـارە. لەبنەڕەتـدا ئێمـە لەبەرامبـــەر زمـــانی ئـــەدەبی ڕەخنـــەی کـــۆن کەمتەرخەمین. ئێمـە دەزانـین ناتوانێـت بـەزمانێکی تـر بنووسێت مەگەر ئـەوەی بـەجۆرێکی تـر بـیر بکاتـەوە. لەبەرئــەوەی نووســین هــەمان[٩١] ئۆرگــانیزەکردنی جیهانـە" و هـەمان بیرکردنەوەیـە. (فێربـوونی زمانێـك هــــەمان فێربــــوونی چــــۆنیەتی بیرکردنەوەیــــە لەچوارچێوەی ئـەو زمانـەدا) کەواتـە بێهودەیـە داوا لـە کەسـێك بکـەین کـە نایـەوێت بیرکردنـەوەی بگۆڕێـت، بەجۆرێکیتر بنووسێت (ڕیشەی سەرسـەختی ڕەخنـەی حەقیقـەت دەرخـەریش هـەر ئەوەیـە) ئێـوە لەمیانـەی زمـــانی تایبـــەتی ڕەخنـــەی نوێدا،جگـــە لـــەو زیادەڕۆییەوێنەییـــەی کەلەســـەر هـــەمان بنەڕەتـــە هەمیـشەییەکان ڕاوەسـتاوە، هیـچی تـر بـەدی ناکـەن.

---

91 – deja

لەڕاستیدا دەکرێت لەڕێگەی سڕینەوەی ئەو سیستمەی کە دروستی دەکات (واتە ئەو پەیوەندیەی مانای وشەکان دەخولقێنێ) ئاستی زمانێك دابەزێنن.

کەواتە دەکرێت هەموو شتێك بگەڕێنینەوە بۆ زمانی فەرەنسی بێخەوشی تایبەتی کریزال[٩٢]، بۆچی "منی بالا"ی فرۆید دانەبەزێنرایە سەر ئاستی "ئاگایی ئەخلاقی"لەدەروونناسی کلاسیکیدا؟ دەڵێن چی ! هەمووی هەر ئەمەیە؟ بەڵێ، ئەگەر سەرجەم شتەکانی تر لابدەین، هەر ئەوە دەبێت کە ئێوە دەیڵێن.لەنێو ئەدەبدا دووبارە نووسینەوە[٩٣] بوونی نیە، لەبەرئەوەی نووسەر کەڵك لە – پێش زمانی[٩٤] – وەرناگرێت تا بتوانێت لەنێوان هەندێك هێمای هاوشێوەدا،وەسفێکی تایبەتی هەڵبژێرێت (ئەمە بەو مانایە نیە کەبەردەوام هەوڵی گەڕان نەدات)

92 –Chrysale

93 – rewriting

94 – avant – langage

ڕوونوئاشکرایی دەق جێگەی باسە، بەڵام ئـەو ڕوونـیو ئاشکراییە لەنێو (شەوەکەی[٩٥] ) مالارمێدا زیاتر بەدی دەکرێت تاوەکو لاسایی کردنـەوەی مـۆدێرنیی ڤـۆڵتێرو نیـزار. ڕوونـیو ئاشـکرایی تایبەتمەندیـەتی دەق نیـە، بـەڵکو هــەر ئەوەنـدەی وەکـو دەق قبـوڵی دەکـەین، خـودی دەق لەتـەك ڕوونـیو ئاشـکراییدا دەبنـە یـەك. ئەمەش بۆ نووسەر بێگومـان تەومـژاویترە لەسنووری هەڵبژاردنی ئەو. هەر هیچ نەبێت ئەو خۆی ئـەو سنورە هەڵدەبــژێرێتو ئەگــەر بەرتەســکی ئــەو ســنورە هەڵبــژێرێت، لەبەرئەوەیــە کەنووســین دروســتکردنی بۆنەیـەکی سـادە لەتـەك خوێنـەرە گریمانیـەکان نیـە، بـەڵکو بـەرپاکردنی بۆنـەیکی ئاسـتەمە لەتـەك زمـانی خـودی خۆمانـدا، نووسـەرێك زیـاتر لەبەرامبـەر ئـەو گوتـارەی کـە حەقیقـەتی خۆیـەتی بەرپرسـیارە تـا لەبەرامبــەر ڕەخنـــەی گۆڤارەکـــانی (لاناســـیۆن[٩٦])

95- Nuit de I'encrier.شیعرێکی مالارمێ

96 – la Nation Francaise

فرەنسیز و لۆمۆند[٩٧]). میتازمان وەکو ئەوەی بەنیازخراپیەکی بێهودەوە بانگەشەی بۆ دەکەن[٩٨]، ئامرازی پەردەهەڵماڵین و ئاشکراکردن نیە، بەڵکو جۆرێکە لە خەیاڵکردن[٩٩]و، وتەی دانایانەش ڕۆژێک پێویستی بەڕێبازی جیهانی ئیستیعارە (خوازە) دەبێت.

من لێرەدا لایەنگریی لەمافی زمانی خۆم دەکەم، نەوەکو لەزمانی زەڕگەری، لەلایەکی تریشەوە چۆن دەتوانم دەربارەی قسە بکەم؟ بەهۆی جۆرێک نەخۆشی قورسەوە (نەخۆشی شوناس) ئەو وێناندنە دروست بووە کە دەکرێت خاوەنی گوتارێکی تایبەتی بیت و، بەرگریکردن لەو گوتارەش وەکو بەرگریکردن لە موڵکە تایبەتیەکان پێویست و گرنگە. ئایا دەبێ دوای زمانم بکەوم؟ چۆن منی خاوەنی ئەو زمانە دروست

97 – Lemonde

98 – ئاماژەیە بۆووتارەکەی پەیکار.

99 – imagination

دەبـینو کـێ دەبێتــە خاوەنمـان؟ چـۆن دەکرێـتوەکو گوزارەیەکی سادە، زمـانم لـەخودی خـۆم بـزانم؟ چـۆن لەو باوەڕەدابم کە قسەکردنی من لەبەر ئەوەیە کـە مـن هەم؟ لەدەروەی سنوری ئـەدەب، ڕەنگـە بتـوانین ئـەو گومانو باوەڕانەمان هەبێت، بەڵام ئەدەب بـواری ئـەوە نادات. ڕێگریەکانی ئێوە لەبەرامبەر زمانەکانی تر، جگە لـە شـێوەیەك بـۆ ڕەتکردنـەوەی خـودی ئێـوە لـەنێو دونیای ئـەدەب چیتر نیـە، ئـیتر ناکرێـتو نابێـتوەکو زمـانی — سـاند مـارك ژێـراردۆن[١٠٠] — پۆلیـسی هونـەر بینو بانگەشەی ئـەوەش بکـەین کـە دەربـارەی هونـەر قسە دەکەین.

---

100 – Girardon Saint-Marc نووســەرو ئــەدیبو ڕەخنەگری فەرەنسی سەدەی ١٩.

## بێ هێمایی (١٠١)

## ڕەتکردنەوەی هێما :

بــارودۆخی ڕەخنــەی حەقیقــەت نــوێن لەســاڵی ١٩٦٥دا بــەم شــێوەیەیە : دەبــێ بەیارمــەتی هەنــدێك پێودانگی لەچەشنی "ئۆبژیکتیڤیتەو سەلیقەی ئەدەبیو ڕوونیو ئاشکرایی"لەســەر قۆناغێك یـان کتێبێـك قـسە بکــەین.ئــەم بنەمایانــە پەیوەنــدیان بــەم ســەردەمەی ئێمــەوە نیــە، ئــەو دووپاســایەی دوایــی لەســەردەمی کلاســیکەوە هــاتونو یاســای یەکــەم لەســەردەمی پوزەتیڤیزمــەوە(١٠٢). بــەم شــێوەیە دەتــوانین بڵــێین ڕەخنەی حەقیقەتنوێن لەکۆمـەڵێك شـێوازی تێکـەڵاوی نیمـچە جوانیناسـیانە(١٠٣) (ئیلـهام وەرگرتـو لـە مانـای

---

101 – asymbolie

102 – Positivisme

103 – mi-esthetique

کلاسیکی جوانی)و نیمچە عەقڵخوازانە[١٠٤] (وەرگیراو لە مانای جوان[١٠٥]) پێکهاتووەو لـەنێوان هونـەرو زانـستدا جۆرێك لەزنجیرەی دڵنیایی بەخش دروست دەکـات کـە هـەرگیز بەتـەواوەتی لـەنێو هـیچ کـام لەوانـەدا ئامـادە نابێت.

ئەم نادیارییەو تەمو مژە لەبابەتێکی تردا کـە گوایـە پاسـەوانی ئەندێـشەی مـەزنو پـیرۆزی ڕەخنـەی کۆنـە خـۆی دەردەخـات. جـەخت کردنـەوە لەسـەر ڕێزگـرتن لە"چەندایەتی"[١٠٦] ئەدەبیات.

ئەمــەش هەمانەنــدی ئۆتــومبیلێکی جــەنگی، بــۆ بەرهەڵستیکردنی ڕەخنەی نوێ قورمیش کراوە. ئـەوان ڕەخنەی نوێ بەوە تاوانبار دەکەن کـە "لـەنێو ئەدەبـدا سـەبارەت بـەوەی ئـەدەبی یـە"کـەم تەرخەمـەو ئـەو بنەمایـــــەی کـــــە"واقیعێکـــــی بنـــــەڕەتی[١٠٧] و

---

104 – mi –raisonnable

105 – sens bon

106 – specificite

107 – original

سەربەخۆیە"لەژێر پێ دەنێت. ئەم تاوانبارکردنەوێردی سەر زمانیانە، بەڵام هیچ ڕوونکردنەوەیەك لەو بارەیەوە پێشکەش ناکەنو بەئاشکرا ئەو تۆمەتە خاوەنی فەزیلەتێکی تایبەتی شێوازی"هەمان گوتنە"[١٠٨] کە بریتییە لەوەی لە بەرامبەر هێرشەکاندا زیانی پێ ناگات: ئەدەبیات، ئەدەبیاتە. بەمشێوەیە بەیەك تیر دوو نیشانە دەپێکن.لەلایەك هەم نمەکبەحەرامی ڕەخنەی نوێ مەحکوم دەکەن، کە هیچ هەستێك لەبەرامبەر ئەوەی ئەدەب لەسەر بنەمای حەقیقەت نوێنی، هونەرو هەستو سۆزو جوانیو مرۆڤایەتی لەتەك خۆی هەڵگرتووە دەرنابڕێت،وە لەلایەکی تریش بانگەشەی ئاراستەکردنی ڕەخنە بەرەو زانستێکی تازە بنیاتنراو دەکات، ئەو زانستەی کەبەبێ قەرزاربارییی هیچ جۆرە زانستێکی مێژوویی تر یان مرۆڤ ناسی، بابەتی ئەدەبی"پشت بەستو بە زانست"لێکدەداتەوە،

108 – سەبارەت بەدیدگای بارت لەمەڕ"دوبارەو هەمان گوتنەوە"بڕوانەووتاری — ڕاسین ڕاسینە.

ئەم نوێکاریە لەلایەکەوە ئەوەندەی خۆی ڕیسواکراوە، کەم تاکورتێك شتێکی هاوتای هەمان ئەووتەیەی کە برۆنتێر[١٠٩]، تێن[١١٠] سەرزەنشت دەکات بەوەی بۆچی لە بەرامبەر "ناوەڕۆکی ئەدەب" واتە لەبەرامبەر یاسا تایبەتیەکانی جۆری ئەدەبی کەمتەرخەم بووە.

هەوڵدان بۆ لێکدانەوەی پێکهاتی بەرهەمە ئەدەبیەکان کارێکی گرنگەو، هەندێك لێکۆڵەرەوە، لەسەر بنەمای ئەو شێوازانەی کە ڕەخنەی کۆن هیچ قسەیەکیان لەسەر ناکات، ئەو کارەیان ئەنجام داوەو ئەمەش لەکاتێکدایە کەڕەخنەی کۆن بانگەشەی ڕێزگرتن لە پێکهاتەکان دەکات بەبێ ئەوەی دەستی دابێتە "پێکهاتەگەرایی"(ئەووشە گەندەڵی خولقێنەی

---

109 – Brunetiere –: فێردینانـــد برۆنتێـــر (١٩٠٦ – ١٨٤٩) ڕەخنەگری فەرەنسی.

110 – Taine : فەیلەســوف و مێــژونوس و ڕەخنــەگری فەرەنسی کە دەیوویست مۆدێلی زانستی سروشتی لەبەرامبەر گرفتــە زەینیــەکانی مــرۆڤ بــەکاربهێنێت. مەبەســتی بــارت ڕەخنەگرتنی برۆنتێرە لە تێن بە هەمان مەبەست.

کـه دەبـێ زمـانی فەرەنـسی لێ پـاك بكرێتـەوە). هـیچ گومانێـك لـەوەدا نیـە كـە دەبێـت بەكۆمـەكی خـودی بەرهەمەكە، بەرهەمێك بخوێنرێتەوە" بەڵام ئەوان ئـەوە دیـــاری ناكـــەن كـــە چـــۆن فۆرمـــە ســـەلمێنراوو جێگیركراوەكان دەتوانن خۆیان لە ڕوبەڕوبونەوەی ئـەو ناوەڕۆكە ئەدەبیانە بەدوور بگرن، كەلـەنێو دڵـی مێـژوو یان دەروونناسیی‌و لەو بەناو پەراوێزانـەوە[١١١] سـەریان هەڵداوە. لەلایەكی تریشەوە، شـرۆڤەكردنی پێكهاتـەیی بەرهـــەمی ئـــەدەبی زۆر لـــەوە گـــرانترە كـــە بـــیری لێدەكەنـەوە، لەبەرئـەوەی گـەر خۆمـان لـە فرەبڵێیـی كردن لەسەر هێڵكاریی بەرهەمەكە بەدوور بگرین، تـەنها بـــەهۆی كـــەڵكوەرگرتن لـــە مۆدێلـــە لۆژیكیەكانـــەوە دەتـــوانین شـــرۆڤەیكی پێكهاتـــەیی بكـــەین. لەڕاسـتیدا"چـۆنایەتی ئـەدەبی"تـەنها لەسـەردەمی تیۆریی گشتی–ئامـاژەكان[١١٢] –دا دەتوانێت بەشتێكی

111 – ailleurs

112 – signe

بەڵگەنەویست[113] لەقەڵەم بدرێت.بۆئەوەی مافی ئەوەمان هەبێت لایەنگریی لە خوێندنەوەی (پشت بەستو بەخودی[114] بەرهەمەکە) بکەین، دەبیٚ لە لۆژیكو مێژووو شیکاری دەروونی تێبگەین“ بەکورتی، بۆ ئەوەی بەرهەمێك بگەڕێنینەوە بۆ نێو دونیای ئەدەب، دەبیٚ بەتەواوەتی لە بەرهەمەکە بچینە دەرەوەو، بگەڕێینەوە سەر کلتوری مرۆڤ ناسانە، بەگومانم لەوەی ڕەخنەی کۆن بتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات. لەڕوانگەی ڕەخنەی کۆنەوە، دەبیٚ تەنها لایەنگریکردن لەمەڕ شێوازێکی جوانیناسی نایاب ئەنجام بدرێت، ڕەخنەی کۆن دەیەوێت لەنێو بەرهەمێکدا بەرگری لەو بەها ڕەهایە بکات کە هیچ پەیوەندیەکی بەو پەراوێزە ناشایستانەی لە چەشنی مێژوو بنەڕەتەکانی شیکاری دەروونی یەوە نیە : ئەو شتەی کە ڕەخنەی کۆن دەیەوێت بەرهەمێکی –

---

113 – etre Postulee

114 – immanent

پێکهاتوو[115] — نیە، بەڵکو بەرهـەمێکی نایابـە[116] کـە لەمیانەیدا خۆ لەهەر جۆرە ڕوبەڕوبوونەوەیـەکی دونیـاو پەیوەنــــدیی ناشایـــــستە لەتــــەك ئارەزووەکانــــدا بپارێزێـــــــــت.سەرچـــــــــاوەی ئـــــــــەم پێکهاتەکاریەپارێزکارانەیـــــە،مۆدێلێکی ئـــــەخلاقی سادەیە.

دیمتریـــۆس دۆڤـــالێر[117] ئـــەم پێـــشنیارەی دەکرد"دەربارەی خوداکان بڵێ کـە ئـەوان خـودان"دوا بڕیاری ڕەخنەی حەقیقەتنوێینیش هەر بەو جۆرەیە کە دەربـارەی ئـەدەب بڵـێ: ئـەدەب، ئەدەبـە[118]. ئـەم جوینەوەیـە لێـرەدا ناگاتـە کۆتـایی : یەکـەمجار وای دەردەخەن کەبواری قسەکردن لەسەر ئەدەبیات هەیەو

115 – constitue

116 – pure

117 – Demetrios de Phalere

118 – au sujet de la littrerature dites qu'elle est de la littrerature

دەکرێت ئەوە بکەینە بابـەتی[119] گوتارێـك، بـەڵام ئـەو گوتارە زۆر درێژە ناکێشێت، لەبەرئەوەی ناتوانن شتێك لەسـەر ئـەدەب بڵـێن، جگەلـەوەی ئـەدەب خۆیـەتی. ڕەخنـەی حەقیقـەتنوێن لەڕاسـتیدا زۆرجـار دەگاتـە بێدەنگی یـان دەبێتـە فـرە بڵێیـی: لەسـاڵی ١٩٢١ دا – ڕۆمـۆن یاکوبـسن – باسـێکی سـەرنج ڕاکێـشی لەسـەر مێژووی ئەدەبیات پێشکەش کرد. ڕەخنـەی حەقیقـەت نـوێن کەبـەهۆی ئـەو ڕێگریانـەی لـە"حورمـەت"ی بەرهەمەکـەوە سەرچـاوە دەگـرن ئیفلـیج بـووەو، زۆر بەئاستەم دەتوانێت قسە بکـات : ڕشـتەی بـاریکی ئـەو گوتـارەی کەلـەپاش سـەرجەم سانـسۆرەکان بـۆی دەمێنێتـەوە، تـەنها بـواری قبـوڵکردنی مـافی دابـەکان لەسـەر نووسـەری مـردوی پێدەبەخـشێت. ڕەخنـەی حەقیقەتنوێن بواری دووتـوێ کردنـەوەی بەرهەمەکـەی لەتەك گوتارێکی تردا لەخۆی سـەندۆتەوە لەبەرئـەوەی توانای خەتەر کردنی نیە.

---

119 – objet

سـەرباری هـەموو ئەوانـە، بێـدەنگی جۆرێـك پـشوووەرگرتنە. کەواتـە ئاکـامی ئـەوجۆرە ڕەخنەیـە، دەبێت بە غەزەلی خودا حافیزیی ئەو ڕەخنەیـە بـزانین. لەبەرئەوەی بابـەتی ئـەو ڕەخنەیـە ئەدەبـە، دەیتـوانی لەمـەڕ دەستنیـشانکردنی هەلومـەرجی دارِشـتن‌و خولقاندنی بەرهەمێکی ئـەدەبی، نـەك وەکـو زانـستێك، یان هەر هیچ نەبێت لەمەڕ هونـەری پراکتیکـی ئـەدەبی هەوڵ بدات، بەڵام ئەو ڕەخنەیە ئـەرکی جێبـەجێکردنی ئـەو کـارەی خـستۆتە ئەسـتۆی خـودی نووسـەر (خۆشبەختانەش لە مالارمێوە تا بلانشۆ، نووسەرەکان لەوە بێبەش نـەبوون). ئـەوان بـەردەوام درکیـان بـەوە کـردووە کـە زمـان هۆکـاری بنیاتنـەری ئەدەبـەو، بـەم شـێوەیەو لەسـەر شـێوازی خۆیـان بـەرەو حەقیقـەتی ئۆبـژەکتیڤی هونەرەکـەیان هـەنگاویان نـاوە.هـەرهیچ نەبێ ڕەخنەی حەقیقەتنوێن دەیتوانی ئـازادیی ڕەخنـە — کە زانست نیەو بانگەشـەی ئـەوەش ناکـات — قبـوڵ بکات، تا ڕەخنەی نوێ بتوانێت باس لـەو مانایـە بکـات کـە مرۆڤـەکانی ئـەم سـەردەمە دەییەخـشنە

بەرهەمەکانی ڕابردوو. ئایا دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە ڕاسین، بەپێی خودی دەقەکەی، پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە؟ بەڕاستی شانۆنامەیەکی"تورە بەڵام پارێزکارانە"چ مانایەکی هەیە؟ چ زمانێکی کومیدی یە ! باسی پاڵەوانێکی"پیاوانەمان"بۆدەکات (بەڵام مۆڵەتی ئەوەی نیە بیر لەڕەگەزایەتی پاڵەوانەکە بکاتەوە)" ئەگەر ئەو جۆرەوەسفە لەنێو نووسینێکی کومیدیدا جێبکەینەوە زۆر پێکەنیناوی دەردەچێت، ئەوەش لەکاتی خوێندنەوەی نامەی (سۆفۆکلیس بۆ ڕاسین) دا بەدی دەکرێت کە – ژیزێل –[١٢٠] و دۆستەکچەکەی ئەلبێرتین –[١٢١] بۆ وەرگرتنی دیپلۆمەکەی نووسیبووی: (کەسایەتیەکان پیاوانەن)[١٢٢] باشە ئایا"ژیزل"و"ئاندرێ"جگە لەچوارچێوەکانی ڕەخنەی کۆن دەیانتوانی چ چوارچێوەیەکی تر هەڵبژێرن؟ ئاخر

---

120 – Gisele

121 – Albertine

122 – پرۆست. گەڕان بەدوای چاخیونبوودا، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ٩١٢.

ئـــەوان دەربـــارەی راســـین باســـی"ژانـــەری تراژیـدیی""هێڵکـاریی‌و حیبکـە"[١٢٣] (لێـرەدا بـاس لـە بنـــەماکانی ژانـــری ئـــەدەبی دەکرێـــت)و کەســـایەتیە داتاشـــراوەکان (هـــەمان کـــارکردە دەروونناســـیەکان) دەکـــەن‌و جـــەخت لەســـەر ئـــەوە دەکەنـــەوە کـــە — ئاتالی[١٢٤] — (تراژیدیەکی عاشـقانە) نیـەو دەیـانووت — ئاندرۆماك— بەدرامایـەکی نیـشتمان پـەرسـتانە لەقەڵـەم نادرێت‌و..هتد. ئـەو فەرهەنگی‌ووشـە ڕەخنەکارانەیـەی بەهۆیەوە ڕووبەڕووی ئێمە دەبنەوە، فەرهەنگی‌ووشەی کیژۆڵەیەکی لاوە کە سێ‌چارەکە سـەدە پـێش ئێستا، نامەی دیپلۆمەکەی دەنووسی، ئەمـەش لەکاتێکدا بـوو کە کەسـانێکی وەکـو"مـارکس" و"فرۆیـد"و "نیتـچە" لـــەئارادا نـــەبوون. لەلایـــەکی تریـــشەوە"لۆســـین فێڤبـــەر[١٢٥]"و"میرلۆپـــۆنتی"لایـــەنگریان لـــەمافی

---

123 – intrigue

124 – Athalie.شانۆنامەیەکی ڕاسین .

125 – lucien febvre

بنیاتنانــەوەو دوبــارە دروســتکردنەوەی بــەردەوامی مێــژووی مێــژوو، مێــژووی فەلــسەفە دەکــردەوە، بەشێوەیەك کـە ئۆبـژەی ڕابـردو بـەردەوام ئۆبژەیـەکی گشتی بێت.

ئەی بۆچی دەنگێکی هاوشێوەی ئـەو دەنگـە داوای بەخـشینی مـافێکی لـەو جـۆرە بـۆ ئـەدەبیات ناکـات؟ ئەگەر نەکرێت ئەم بێـدەنگیو ناکامیـە لێـك بدەینـەوە، هەرهیچ نەبێت دەتوانین بەشێوەیەکی تر باسی بکەین. ڕەخنـــی کـــۆن قوربـــانی ئـــەو بارودۆخەیـــە کـــە شـیکەرەوەکانی زمـان بەباشـی دەیناسـنو بـەو دۆخـە دەڵـێن"بـێ هێمـایی"[(١٢٦)] : ڕەخنـەی کـۆن لەئاسـت بیـــــنینو بـــــەکارهێنانی هێماکانواتـــــە"هـــــاوژینی ماناکان"لاوازو کوێرە، لەڕوانگەی ئەو ڕەخنەیەوە، هـەر ئەوەندەی هەنگاو بەسـەر کـارکردە بەرتەسـكو دانـایی ئامێزەکـانی زمانـدا هەڵبهێنرێتـەوە، ئـەو کـارکردە

126 – asymbolie

هێماگەرە گشتگیرەی بواری دروستکردنی بیرۆکە[١٢٧] و وێناندنەکانی[١٢٨] بەرهەمێك فەراهەم دەكات، سنوردارو بەرتەسكو سانسۆر دەكرێت.

بێگومان دەكرێت بەبێ ئەوەی بەرهەمێکی ئـەدەبی بۆ سەر سەرچاوەکانی بگەڕێنینەوە[١٢٩]، قسەی لەسەر بکـەین. ئەمـە پەیوەنـدیی بـەو دیدگایـەوە هەیـە کـە هەڵیدەبـژێرن‌و، ئەوەنـدە بەسـە کـە دیدگاکـەمان ڕابگـەێنین. گریمـان دەمانـەوێت بـەبێ لەبەرچـاوگرتنی داوێنـی بـەرفراوانی دابـە ئەدەبیـەکان کـە لەمێـژووەوە سەرچـاوەی گرتـووە، تـەنها قـسەلەسەر لایـەنێکی بەرهەمێك بکـەین. بـۆ نموونـە: "ئانـدرۆماك" لەڕوانگـەی نوســـخە چـــاپکراوەکانیەوەو، دەستنووســـەکانی (پرووست) لەدیدی جۆرە هەڵـەبڕیی کراوەکەیـەوە لێـك بدەینـەوە، چـیتر پێویـستمان بـە بـاوەڕ هـەبوون یـان

127 – idée

128– image

129– referenc

باوەڕنەبوون بە سروشتی هێمائامێزیی بەرهەمی ئەدەبی نابێت. بەڵام ئەو دەمەی بانگەشەی ئەوە دەکەین کە دەبێت بەرهەمێك لەسەر بنەمای دیدگای پێکهاتەیی‌و لەسەر بنەمای خودی دەقەکە هەڵبسەنگێنرێت، چیتر ناتوانین خۆمان لە قبوڵکردنی پێویستیەکانی دەقێکی هێمائامێز، لەبەرینترین ئاستەکانیدا بەدوور بگرین.

ڕەخنەی نویێ هەمان کاری ئەنجام داوە. هەمووان دەزانن کە تا ئێستا ڕەخنەی نویێ گەلێك چالاکی‌و کاری بەرفراوانی بەپێی بنەمای هێمائامێزی بەرهەمە ئەدەبیەکان‌و بەووتەی باشلەر[130]: گەلێك کاری

130 – Bachlar : دامەزرێنەری ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەی بنەماکان لە فەرەنسا، کە دواتر کارەکانی ژۆرژ پۆلێ، ئێسترا بینزکی‌و ریشار لەژێر کاریگەری ئەودا دروست بوون. باشلەر قوتابخانەی ڕەخنەکەی خۆی لەسەر بنەمای هەڵوەشاندنەوەی بنەما (deformation) ی‌وێنە شیعریەکانی شاعیرەکان دارشت.باشلەر لەو باوەڕەدابوو کە ڕەخنە کار لەسەر خودی‌وێنە ناکات، بەڵکو کارلەسەر هەڵوەشاندنەوەی بنەمای وێنە دەکات.

لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بنەماوێنەییەکان[131] ئەنجام داوە. بەڵام لەمیانی ئەم باسەدا کەس بیری لەوە نەکردۆتەوە، کە ڕەخنەی نوێ پەیوەندیی بەهێماکانەوە هەیەو، ئەوەی جێگەی باسو بابەتی سەرەکی ئەو ڕەخنەیەیە، ئازادیەکانو سنوری ڕەخنەیەکی تەواو هێماگەرە: ئەوان بەردەوام جەختیان لەسەر مافە سەپێنراوەکانیووتەکان کردۆتەوە، بێ ئەوەی گوێ بە مافە تایبەتیەکانی هێماکان بدەن، ئەو مافانەی کە ڕەنگە هەمان ئەو ئازادیە کەمو کورتانە نەبن کەووتەکان دەیانبەخشن. ئایاووتە، هێماکان ڕەت دەکاتەوە، یان بەپێچەوانەوە ڕێگەی بۆخۆش دەکات؟

ئایا دەق خاوەنی دەلالەتێکی ئەدەبی یە، یان هێما ئامێزە؟ یان بە وتەی ڕامبۆ[132] (جۆرێکی

131 – les defections de I'image.

132 – Rimbaud.

ئەدەبیەولەنێو تەواوەتی ماناکانی خۆیدایە ؟[١٣٣] ) قسە لەسەر ئەو بابەتانەیە.

لێکدانـــەوەکانی کتـــێبی (دەربـــارەی ڕاســـین) بەتوندیی‌وابەســتەی جۆرێــك لــۆژیکی هێمــا ئــامێزەو ئەمەش لەپێشەکی کتێبەکـەدا باسـی لێکـراوە. دەبێـت ئەگــەری ئامــادەبوونی لــۆژیکێکی لــەو جــۆرە لــە گشتگیریی ئـەو بابەتـەدا بخرێتـەژێر بـاس‌و لێکدانـەوە. (بەپێی ئەووتەیەی کە بەناوبانگە ئـەو کەسـە براوەیـە کە شەڕەکە دەست پێدەکات) یان ئاماژە بـەوە بکـەین کەنووسەری ئەو کتێبە بەشێوەیەکی خـراپ بنـەماکانی لەمــەڕ ئــەو بابەتــە بــەکارهێناوە — هەرچــەندە خــودی نووسەرەکە دووســاڵ پــاش بڵاوبوونــەوەی کتێبەکـەی‌و شەش ساڵ پاش نووسینی هەستی بەوە کـرد – ئـەوە شێوازێکی نادروستی خوێندنەوەیە، کەباس لەسەرجەم

133 – لەنامەیـەکی ڕامبـۆوەرگیراوە کـە لەسـەر —وەرزێـك لـە دۆزەخ — بۆ تێگەیشتنی دایکی نوسیوە : مـن دەمووییـست باسـی هەمان ئـەو شـتە بکـەم کـە شـیعری مـن بەشـێوەیەکی ئـەدەبی‌و لەنێو سەرجەم ماناکانیدا، دەیڵێن.

وردەکاریەکانی نووسینێك بکەین، بەڵام تاکە یەكووشە سەبارەت بەهێڵکاریی گشتی "مانا" دەرنەبڕین، ڕەخنەی کۆن ئەو مرۆڤە سەرەتاییانەمان بیردەخاتەوە کە "ئۆمبێردن[١٣٤]" بۆ یەکەمجار فیلمێکیان بۆ نمایش دەکاتو ئەوانیش لەسەرجەم دیمەنەکاندا تەنها ئەو مریشکە دەبینن کەبەنێو گوندەکەدا دەخولێتەوە. کارێکی دانایانەمان نەکردووە کە حکومەتێکی ڕەها بۆ وتە دروست بکەینو دواتر بەبێ هیچ زەمینەیەکی پێش ئامادەکراو، هەرجۆرە هێمایەك بەناوی بنەمایەکی بنەڕەتی یەوە دادگایی بکەین.ئایا ئێوە کەسێکی "چینی"، ئەو کاتەی کەبە زمانی چینی قسە دەکات لەبەر ئەو هەڵانەی لەڕێزمانی فەرەنسیدا دوچاری دەبێت، سەرزەنشت دەکەن؟ (ئاخر ڕەخنەی نوێ لەڕوانگەی ئێوەوە زمانێکی نامۆو بێگانەیە).بەڵام سەرباری ئەمانە هەمووی، ئەم گوێ قورسیە

134 – Ombredane.

لەبەرامبـــــەر دەنگـــــی هێماكــــانو"ڕەتكردنــــەوەی هێما"لەكوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

چ شتێكی هەڕەشە ئامێزو مەترسی خـولقێن لـەنێو هێمادا هەیە؟ بۆچی بنـەڕەتی بەرهـەمێك بەپێـچەوانەی مانـا فرەلایەنـەكانی گوتـاری بەرهەمەكـە لەقەڵـەم دەدرێت؟و جارێكی تر بۆچی ئەمڕۆ؟

## (٢)

هیچ شتێك بۆ كۆمەڵگایەك ئەوەندەی ڕیزبەندیی زمانەكانی، بنەڕەتیو گرنگ نیە. ئاڵووێر كردنی ئەو ڕیزبەندیانە،و گۆڕینی پێگەی گوتار، لەخۆیدا بەرپاكردنی شۆڕشە. بەدرێژایی دوو سەدە ڕوخساری دیاری كلاسیزم لە فەرەنسا،لێكترجیاكردنەوە[١٣٥] و ڕۆتین[١٣٦] وجێگیری دەقە نووسراوەكان بوو، دواتر شۆڕشی ڕۆمانتیك بووە هۆی سەرهەڵدانی ئاڵۆزیی لەچوارچێوەی ڕیزبەندیەكاندا. لەلایەكی تریشەوە

135 – separation

136 – hierarchie

لەنزیکەی سەدەیەك پێش ئێستاوە، لە"مالارمێ"بەدواوە، گۆڕانکاریەکی گرنگ لەشتە سەرەکیەکانی ئەدەبیاتی ئێمەدا سەری هەڵداوە، ئەو شتەی دەگۆڕێت ڕوبەڕوی ڕەخنە دەبێتەوەو جارێکی تر خۆی دەگرێتەوە. دوولایەنی کارکردی نووسین، جیاکردنەوەی کارکردە شاعیرانەو ڕەخنەگرانەکانی نووسینە[١٣٧]. جگەلەوەی کە خودی نووسەرەکان ڕەخنەدەگرن، زۆر جار بەرهەمەکانیان دەبێتە دەربڕی خۆبەرهەمهێنانەوە(وەکو پرۆست) یان نائامادەیی خود (وەکو بلانشۆ)" زمانێکی یەکگرتوو لەچوارچێوەی سەرجەم جەستەی ئەدەبو تەنانەت لەچوارچێوەی ئەدەبدا دەخولێتەوە، کەواتە بەرهەم جێگەی بەرهەمهێنەرەکەی ناگرێتەوە. چیتر نە شاعیرو نە ڕۆماننووس بوونیان نیەو، هیچی تر جگە لەخودی نووسین لە ئارادانیە.

---

137 – ژێرارژێنت،"تیۆری دەربڕینو زانیاریەکان لەسەدەی بیستەم"لەبڵاوکراوەی ساڵانە لە ساڵی ١٩٦٦.

## قەیرانی پەراوێز نووسی:

کەواتە دەبینین کە ڕەخنەگر لەنوێنەرایەتیکردنی بزاڤێکی پێکهاتەییەوە دەگۆڕێت بۆ نووسەر. بەدڵنیاییەوە خواستی نووسەر بوون، بانگەشەی خاوەن پێگەبوون نیە،بەڵکو ئامانجی ژیانە. ئەوسا هیچ گرنگ نیە گەر ڕۆماننوس، شاعیر،ووتارنوس یان مێژونوس بین، شکۆیەکی زیاترمان دەبێت؟ نووسەر لەڕێگەی نووسراوەکانی وەکو –ڕۆڵ یان بەها– دیاریی ناکرێت، بەڵکو بەکۆمەکی جۆرێک"ئاگایی لە قسەکردندا(١٣٨)" دەستنیشان دەکرێت. نووسەر ئەوکەسەیە کە گرنگی بە زمان دەداتو لەنێو زماندا بەدوای خاڵە قوڵەکاندا دەگەڕێت، نەوەکو بەدوای ئامرازگەرایی‌و جوانی. هەر لەو ڕووەشەوە گەلێك کتێبی جۆراوجۆری ڕەخنە هاتنە مەیدانو، لەهەمان ڕێگاکانی بەرهەمی ئەدەبیەوە پێشکەشی خوێنەران

---

138 – conscience de Parole

کـــران" ئەمـــەش لەکاتێکـــدابوو کـــە نووســـەرەکانیان لەبنەڕەتـــدا ڕەخنـــەگربوون، نـــەوەکو نووســـەر. ئەگـــەر ڕەخنـــــەی نـــــوێ خـــــاوەنی تایبەتمەنـــــدی بێـــــت، تایبەتمەندیـــەکانی بریتـــی نیـــە لـــە یـــەکێتی ســـتایلو خۆجوانکردن، بـەڵکو بریتیـە لەگۆشـەگیریی کـارکردنی ڕەخنەگرانـــە، ئـــەوکارکردەی کەلەمەبـــەدوا بـــەدوور لـــەبیانووەکانی زانـــستو دابـــەکان، تـــەنها پـــەیوەنـــدیی بەنووسینەوە هەیە.

ئـــەو نووســـەرو ڕەخنـــەگرەی، کـــە هـــەر لەکۆنـــەوە، بەهۆی ئەو ئەفسانە ڕزیوەی کـە دەڵێـت : خولقێنـەری پایەبڵنـــدو خزمـــەتکاری ژێردەســـت، هـــەردوو دەبـــێ لەشـــوێنی خۆیانـــدابن، لەیـــەکتر جیاکرانـــەوە، بـــەڵام لەمیانـــەی هەلومـــەرجی مەترســـیداری یەکـــسانیو، یەکسانیی لەبەرامبەر بابەتێکی یەکسانی وەکو زمان، جارێکی تر پێکەوە گرێ دەدرێنەوە.

ئەوەمان بینی کە لەتەك ئەو سەرپێچیەدا سازیش نەکراوە. بەڵام تائێستاش دەبێت لەو ڕێگەیەدا خەبات بکرێت، هەرچەندە ڕەنگە بەهۆی گۆڕانکاریە نزیکەکانی

داهاتووەوە پێگەی خۆی بەهێز بکات. ئیتر ئەوە تەنها ڕەخنە نیە کەدەستی داوەتە (تێپەڕین لەنووسین)[١٣٩] کە ڕەنگە ئەوە تایبەتمەندیی ئەم سەدەیەی ئێمە بێت، بەڵکو ئەو ڕەوتە، وتەی دانایانەشی بەگشتی گرتۆتەوە. چوارسەدە دەبێت کە – ئینیاز لۆیۆلا[١٤٠] – دامەزرێنەری ئەو فیرقەیەی کەزۆرترین خزمەتی (تیۆری دەربڕین)[١٤١] ی کردووە، لە مەشقە ڕوحانیەکانی[١٤٢] خۆیدا، مۆدێلی جۆرێکووتاری هونەرمەندانە لەسەر بنەمای هێزێکی تری جگەلە پێودانگ[١٤٣] و تەجرید[١٤٤] باس دەکاتو (ژێرژباتای)

---

139- بڕوانەووتاری فلیپ سۆلەری ڕەخنگری فەرەنسی بەناوی"دانتیّو تێپەڕین لە نووسین"پاییزی ساڵی ١٩٦٥.

140- Ignace loyola (1491 – 1551) - دامەزرێنەری فیرقەی ژێزۆئێت کە باوەڕی بەڕاقەی دەقە پیرۆزەکان هەبوو.

141- Rhetorique

142 – exercices spuituels

143 – syllogisme

144 – abstraction

زۆر هۆشیارانە هەوڵی ئەوەی داوە ئـەوە بەشـێوەیەکی ڕونـــــتر دەربېڕێــــت.پــــاش ئــــەوە، هەنـــــدێك نووســـەریوەکو(ســـادو نیتـــچە) هەرچـــەند جـــارەو بنەماکانی دەربڕینی دانایانەیان "ســوتاندووە". وادێتــە بەرچــاو کــە ئــەمڕۆش ئــەو ئاراســتەیە بەشــێوەیەکی بــەرفراوان ڕوودەدات. بــیری دانایانــە لــۆژیکێکی تــر بـەکاردەهێنێتو هـەنگاو دەنێتـە نێـو پانتـایی ڕووتـی (ئەزمونی دەروونی) : لەنێو چوارچێوەی هەموو جـۆرە گوتــارێکی[١٤٥] چـیرۆکیو شــاعیرانەو بەڵگەخوازانــەدا، یەك حەقیقەتی هاوبەش بوونی هەیە. لەبەرئەوەی ئـەم حەقیقەتــە لەمەبــەدوا حەقیقــەتی خــودی گوتــارە. ژاك لاکــان لــەباتی تەجریــدی نەریتگــەرای چــەمکەکان، پەرەپێدانی سەرتاســەریی وێنانــدن[١٤٦] لـەنێو پانتـایی وتاردا جێ دەکاتەوە" بەشێوەیەك خۆی لەنمایشکردنی بیرۆکە جیانەکاتەوەو بۆخـۆی هـەمان حەقیقـەت بێـت.

---

145 – Parole

146 – image

لـــەبوارێکی تـــردا –کلودلـــویی شـــتراوس[١٤٧] – بەتێکـــشکاندنی مانـــای بـــاوی"پەرەســـەندنو پێکهـاتن"[١٤٨] لەبەرهەمەکەیـدا (پوختـەو خـام)[١٤٩] تیـــــۆری دەربڕینێکـــــی نـــــوێ لەمـــــەڕ جۆراوجۆرکەوتنـەوەکان[١٥٠] پێـشکەش دەکـاتو بـەو شێوەیە قـسەلەسەر ڕۆڵـی فـۆڕم دەکـات، کەلەمیانـەی بەرهەمی زانستەمرۆییەکاندا کەمتر بایەخی پێدراوە.

بێگومـــان وتـــەی بەڵگەدارانـــە[١٥١] لەگۆڕاندایـــەو، هەرئەمـــەش ڕەخنـــەگرو نووســـەر لەیـــەکتر نزیـــك دەکاتەوە.

ئێمە بەرەو قەیرانی پەراوێزنووسی هەنگاو دەنـێین، کەڕەنگـــە ئەوەنـــدەی ئـــەو قەیرانـــەی کەهـــەر لـــەو زەمینانـــەدا دەستنیـــشانکەری پەڕینـــەوە بـــوو

147 – Claude levi-strauss

148 – development

149 – lecrye et leciut

150 – Variation

151 – discursive

لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بەرەو سەردەمی سەرلەنوێ لەدایك بوونەوە، گرنگ بێت. لەڕاستیدا، ئەو قەیرانە لەوکاتەوەبوو بە ناچاریەکی سەپێنراو کەسروشتی هێمائامێزیی زمان، یان بەواتایەکی تر، سروشتی زماننناسی هێما دۆزرایەوە. ئەم دۆزینەوەیە لەمڕۆدا لەژێرکاریگەریی هاوکاتی شیکاری دەروونیو پێکهاتەگەراییدا ئاراستەدەبێت. بۆماوەیەکی دوورو درێژ، بۆرژوازیی –کلاسیك– جۆرێك ئامڕاز یان هۆکاری جوانکاریی لەنێو گوتاردا دەبینی، بەڵام ئێستا لەنێو گوتاردا جۆرێك ئاماژەو حەقیقەت بەدی دەکەین. کەواتە ئەو شتەی کە بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەندیی بەزمانەوە هەبێت دەبێتە جێگەی سەرنجی فەلسەفە، زانستە مرۆییەکانو ئەدەب. بێگومان ئێستا جۆرێك ململانێ لەسەر دەستنیشانکردنەوەی پێگەی ڕەخنەی ئەدەبی لەئارادایە : بۆنەکانی بەرهەمو زمان چیە؟ ئەگەر بەرهەمێك هێماگەر بێت، چ بنەماگەلێك بۆ خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە بەکار دەهێنرێت؟ ئایا

دەكرێت زانستی هێمانووسراوەكان بوونی هەبێت؟ ئایا زمانی ڕەخنە، دەتوانێت زمانێكی هێمائامێز بێت؟

## زمانی كۆ[١٥٢]

سەبارەت بە"یاداشتە تایبەتیەكان"وەكو ژانرێكی[١٥٣] ئەدەبی، دوو دیدگای تەواو جیاواز لەنێوان ـژیرارـی كۆمەڵناسو ـمۆریس بلانشۆ[١٥٤]ـی نووسەر لەئارادایە. لەلای ژیرار دەفتەری بیرەوەری، باسكردنی هەندێك لەگیروگرفتە كۆمەلایەتیو خێزانیو...تره" لەلای بلانشۆ، شێوەیەكی غەمگینانەی دواخستنی تەنهایی بەناچاری نووسینە. كەواتە دەفتەری بیرەوەریەكان هەر هیچ نەبێت دوو

152 – la bngage plurielle

153 – genre

154 – Alain Girard – ئالان ژیرار لە – یاداشتە تایبەتیەكان (١٩٦٣) و مۆریس بلانشۆ لە كەشی ئەدەبی (١٩٥٥).

مانای هەیە کەهەریەکەیان لەبەر ئەو هەماهەنگیەی[١٥٥] هەیانە پەسەندکراون. لێرەدا ڕووبەڕووی بابەتێکی باو دەبینەوە کە دەتوانێت لەنێو مێژووی ڕەخنەو لەنێوان جۆرەکانی خوێندنەوەی بەرهەمێکدا گەلێك نموونەی تری هەبێت : ئەوەش بۆخۆی شایەتیدانە لەسەرئەوەی کە بەرهەمێك مانای جیاوازی هەلگرتووە. لەڕاستیدا، مرۆڤی سەردەمو قۆناغە جیاوازەکان هەست دەکەن لە مانای تەواوەتیو بنەڕەتی بەرهەمێك تێگەیشتون، بەلام هەر ئەوەندەی لەڕوانگەی مێژوویەکی بەرینترەوە لەو بابەتە بڕوانین دەبینین ئەو مانا تاکو تەنهایە، دەبێتە مانایەکی فرەلایەنو، بەرهەمی داخراو دەبێتە بەرهەمێکی ئاوەلا[١٥٦]، ئەو کات خودی پێناسەی بەرهەم دەگۆڕێت: بەرهەمێك چیتر ڕاستیەکی مێژوویی نیە، بەلکو گۆڕاوە بۆ ڕاستیەکی مرۆڤ ناسانە، لەبەرئەوەی هیچ مێژوویەك پیری ناکات. کەواتە

---

155 – coherence (پەیوەندی لۆژیکی)

156 – بڕوانە "بەرهەمی کراوە"ی بەرهەمی ئۆمبێرتۆ ئاکۆ.

جۆراوجـۆریی ماناکـان، لەدیدگایـەکی ڕێژەگـەرا لەمـەڕ دابو نەریتــــە مرۆییەکانـــــەوە ســــەری هەڵــــداوە، ئامارژەیـەکیش نیـە بۆئاراسـتەبوونی کۆمـەڵگا بـەرەو بەرداشتی نادروستو هەڵـە، بـەڵکو ئامـاژەی ئامـادەیی بەرهەمەکەیـە بـۆ ئـاوەڵا بـوونو کرانـەوە. بەرهەمەکـە بـــەهۆی پێکهاتەکەیـــەوە نـــەوەکو بـــەهۆی دوودڵـــیو گومـانی خوێنەرەکانیـەوە، لەیـەك کاتـدا چـەندین مانـا هەڵدەگرێ. هەرلـەم ڕووەشـەوە بەرهـەم هێمائـامێزە: هێماوێنەیـەکی خـەیاڵی نیـە[١٥٧]، بـەڵکو فرەلایـەنی ماناکانە[١٥٨].

هێمـا جـێگیرو پایـەدارە. تـەنها ڕەنگـە دیـدگای کۆمـەڵگاو ئەومافانـەی کـەپێی دەبەخـشرێت گـۆڕانی بەســـەر بێــت. ئـــازادیی هێماکـــان، لەســـەدەکانی ناوەڕاستدا، وەکـو ئـەوەی لـەتیۆریی (چـوارمانا)[١٥٩]دا

157 –"وێنەی خەیاڵی"image

158 – بڕوانە"بەرهەمی کراوە".

159 – ئەدەبی،وێنەیی، مۆراڵیو زاتـی. یـەکێك لـەو کەسانەی کە بایەخێکی زۆر بەو تیۆریە دەدات، ئۆمبێرتـۆ ئیکۆیـە. ئـەو لـە

دەیبیـنین بـەڕەسمی ناسـراوە، بـەڵام لەسـەردەمی

---

کتێبی – بەرهەمی کراوە –دا کە دواتـر بـارتیش وەکو سەرچاوە ئامـاژەی بـۆ دەکـات جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە پـاش سـەدەکانی ناوەڕسـت، دانتـێ بـۆ یەکـەمجار سـەرنجی هـەموانی بەلای ئەو تیۆریەدا ڕاکێشا کە پـۆلی قەشـە, قەشـە ژیـرۆم، قەشـە ئاگۆمتین، قەشە ڤیکتۆرو قەشـە تۆمـاس، پێـشکەشیان کردبـوو: بەپێی ئەو دیدگایە، خوێنەر لەوە تـێ دەگـات کـە هـەموو ڕسـتەو کەسایەتیەك خاوەنی ئاماژەی جۆراو جۆرە کە ئـەو خـۆی دەبێـت ئەو ئاماژانە بدۆزێتەوەو ئەمەش پەیوەنـدی بـە دەستنیـشانکردنی ئـەو ئـامرازەوە هەیـە کـە دەمانـەوێت بەهۆیـەوە ئاماژەکـان بدۆزینەوە. هەروەها دانتێ ڕستەیەکی عەهدی مـەنتیق بـە نموونـە دەهێنێتەوە دەربارەی دەرچوونی بەنی ئیسرائیل لـەوڵاتی میـسر بـە کۆمـەکی حـەزرەتی موسـاو ئـەو چـوار ڕاڤەیـەی بـۆی کـراوە, ڕاڤەی ئەدەبیوویێنەییو مۆراڵیو زاتی. پاش ئـەو مانـا ئەدەبیـەی کـە زۆر خێـرا لێـی تـێ دەگـەین، دەکرێـت ماناوێنەییەکـەی دەربازبوونی مرۆڤەکان بێت بە دەستی مەسیح. مانـا مۆراڵیەکـەی گـوزەری ڕۆمـە لـە دۆخـی گوناهـەوە بـەرەو لێ خـۆش بـوون. هـەروەها ئەگـەر بـە دوای مانـا عیرفـانیو زاتیەکەیـدا بگـەڕێین، دەگەینە ئەوەی کە ڕوحی پیرۆز پاش دەربازبوونی لـە کۆیلایـەتی جەستە دەگاتە ئازادیو نەمریی.

کلاسـیکدا بــەهیچ جۆرێـك لەتــەك هێماکانــدا هــەڵیان نــەکردووە : کۆمــەڵگای کلاســیك هێمــای لەبەرچــاو نەگرت، یاخودوەکو پاشماوە ئەمڕۆییـەکانیان سانسۆر کرا: ئەمەش وەکو مێـژووی ئـازادیی هێماکـان، زۆر جـار مێژوویەکی توندوتیژئامێزەو مانای تایبەتی خۆی هەیە: هێماکـان بـەبێ سـزادان دادگـایی نـاکرێن. بەهـەر حـاڵ ئــەوە دابــەکانن ئەمــە دەکــەن نــەوەکو پێکهاتــەکان: کۆمــەڵگاکان بەهەرشــێوەیەك بــیر بکەنــەوە یــان فــەرمانڕەوایی بکـەن، بەرهـەم بەسـەریاندا تێدەپـەڕێ" وەکــو ئــــەو فۆرمــــەی کــــە مانامێژوویـــــەکان، جارناجارەوبەسـەرە، پـڕی بکەنـەوە. نـەمریی بەرهـەم لەو ڕوەوەیە کە ئیلهام بەخشی مانا جیاوازەکانە لـەنێو تاکەکەســـداو، بــــەردەوام بـــەو زمانــــە هێماگـــەرە لەسـەردەمو قۆناغەجیاوازەکانـدا قسەدەکات: بەرهـەم پێـشنیار دەکـاتو، مـرۆڤ لەهەڵبژاردنـدا سـەربەخۆو ئازادە.

ئــەو خوێنــەرەی نەچــێتە ژێربــاری سانــسۆری وشـەکانەوە، شـارەزای ئەوکارەیـە : ئایـا ئـەو هەسـت

ناکات پەیوەندیی لەتەك جۆرێك لە – ئەو دونیا [١٦٠] – دا دروست کردووە؟ وەکو ئەوەی زمانی یەکەمی بەرهەمەکە لەنێو بوونی ئەودا هەندێك وشەی تر دروست دەکاتو، ئەو فێری ئەوە دەکات بەزمانی دوهەم قسە بکات؟ ئەمە هەمان ئەو وشەیەیە کە پێی دەوترێت (خەیاڵ – روئیا)"و بەپێی وتەی باشلەر : خەیاڵ ڕێگەو ئاراستەی تایبەتی خۆی هەیە. زمانی دوهەمی بەرهەمێکیش هەمان ئەو ڕێگایانە لەبەردەم وشەکاندا دەکاتەوە. ئەدەب تەقاندنەوەی[١٦١] ناوەکانە : پرووست بەچەند نەغمەیەك، دونیایەکی تەواوەتی بنیات دەنێ : گرێمانت[١٦٢]و دواجاریش نووسەر هەمیشە لەو باوەڕەدان، کەئاماژەکان

160 – au – dela

161 –exploration du nom

162 –guermante -، شوێنێکی پڕ لە بیرەوەریە بۆ پرۆستو ناوی بەشێکی بەرهەمەکەی پرۆستە – گەڕان بە دوای چاخی ونبودا.

بڕیاردەر[١٦٣] نین‌و (ناو) خاوەنی سروشتی شتەکانە : نووسەرەکان هەواداری (کراتیل[١٦٤])ن نەوەکو (هێمۆژین[١٦٥]). ئەودەمەی دەڵێن ئێمە دەبێت وەکو ئەوەی نووسراوە بیخوێنینەوە، واتە ئێمە بەوشێوەیە ڕێزلە ئەدەب دەگرین[١٦٦] (ڕێزگرتن‌واتە: دەرخستنی ناوەرۆك)، لەبەرئەوەی گەر وشەکان تەنها خاوەنی یەك مانا"هەمان مانا قاموسیەکان"نەبوونایەو ئەگەر زمانی دوهەم"دابڕاویەکانی زمان"ی ڕەت نەدەکردەوە، چیتر ئەدەب بوونی نەدەبوو. لەم ڕوەوە بنەماکانی خوێندنەوە، هەمان بنەماکانی نووسین، بەڵکو ئەو شێوازانەی گومان[١٦٧]و بنەماکانی پانتایی زماننناسین، نەوەکووشەناسی.

163 –- arbitraire

164- Cratyle - ناوی وتارەکەی ئەفلاتون سەبارەت بە ئامانجی زمان‌و، هێرمۆژن ناوی فەیلەسوفێکی یۆنانیە.

Hermogene -165

166 –- glorifier

167 - all usion

ئامـانجی زانسـتیووشه، دهستنیـشانکردنی مانـای ئەدەبی دەربڕینێکە،و پەیوەندیی بەمانا لاوەکیەکانەوە نیـه. بەپێـچەوانەوە، ئـەرکی زماننـاسـی کەمکردنـەوەی تەمومژەکانی زمان نیە، بەڵکو هەوڵدانـە بـۆ تێگەیـشتن لەو تەمومژانەو، ئۆرگانیزەکردنیانـه. زماننـاس لەوشـتە نزیك دەبێتـەوە کەهـەر لەکۆنـەوە شـاعیرەکان بـەناوی (گومان، ئەندێشه، خەیاڵ) دەیناسنو، هەڵسوکەوتێکی زانـــستی لەتـــەك هەڵـــچونەکانی مانـــا دەکـــات. یاکوبـسن،جەختی لەسـەر گومـانی بنـەڕەتی پـەیامی شـاعیرانه(پـەیامی ئـەدەبی) کردۆتـەوە" بـەواتای ئـەو گومانـه لەبەرکـەوتنی (جوانیناسـیانه) لەتـەك (ئـازادیی ڕاڤـەکردن)ەوە سەرچـاوە ناگرێـتو، بەهـەمان ڕێگـەی یەکـەم، لەسانـسۆریی ئـەخلاقی مەترسـیەکانی ئـەو ڕێگەیەشـەوە سـەرهەڵنادات، بـەڵکو دەکرێت وەکـو – کـــۆد[١٦٨] – قـــسەی لەســـەر بکرێـــت : ئەوزمانـــە هێمائامێزەی کە بەرهەمـە ئەدەبیـەکانی لـەخۆگرتووە،

168 - Code

لـەڕووی پێکهاتــەوە، زمــانێکی چـەند نـویٚ یـە، کـە هێماکانی وەکـو هـەرجۆرە گوتـارێکی تـر (بەرهـەمێکی تــر) دروســت بــووە. ئــەو زمانــە فرەلایەنــەش کــە دەرئـەنجامی هێماکانـە، فرەمانـاو چـەندلایەنەیە. ئـەم دۆخــە لــەنێو زمانــدا[١٦٩] بــەمانا تایبەتیەکــەی، کــە دانـەبڕاویی زیـاتری لـەخۆگرتووەو زمانناسـی دەسـتی بەلێکدانـەوەی کـردووە، بـوونی هەیـە. لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا، گومـانو تەومـژەکانی زمـانی قـسەکردن، لەبەرامبــەر گومانــەکانی زمــانی ئــەدەبی هــیچ نــین. گومانەکانی زمانی قسەکردن، بەهاوکاریی ئـەو دۆخـەی

169 - Langue

– ڕەهایی زمان یـاخود سـستمی زمـان. کتێبـی – چـەندوانەیەکی زمانناسی گشتی – سۆسۆر بە قسەکردن لەسەر هـەردوو چـەمکی زمـانو گوتـار دسـت پـیٚ دەکـات: (لێکدانـەوەی زمـان دوو بـەش لەخۆ دەگرێـت : بەشـی هـەرە سـەرەکی پەیوەنـدیی بـە زمانـەوە هەیە کە بە شێوەیەکی زاتی کۆمەڵایەتیو سەربەخۆو جیـاوازە لـە تاك، کە ئەمە لێکدانەوەیەکی فیزیکیـە. بەشـی دوهـەم پەیوەنـدی بە ڕۆڵی زمان، بەواتای پەیوەندی بە گوتارەوە هەیە).

کەلەمیانەیــدا دروســت بــوون، دەڕەویــەوە، شــتێك لەدەرەوەی تەمومژاویترین ڕستەکاندا، وەکـو دۆخێـك، جوڵە، یان بیرەوەریی دەتوانێت ڕێگەی تێگەیشتن لـەو ڕستەیە هـەموار بکـات. گـەر بمانـەوێت بـەکردەوە لـەو ئاگاییـە تـێ بگـەین کـە ئـەو ڕسـتەیە دەیـەوێت دەری ببڕێت، لەوکاتەدا ڕوخساری گریماناوی بـەهێزتری مانـا، ڕوون دەبێتەوە.

دەربارەی بەرهەمی ئەدەبی ئەوبوارانـەی سـەرەوە دەستەبەر نابن. بەرهەمی ئەدەبی ئەگەری بـەهێزترمان نـاداتێو، هــەر ئەمــەش باشــترین تایبەتمەنـدیی ئــەو بەرهەمەیە: بەرهەمی ئەدەبی بەهاوکاریی هیچ دۆخێکی تایبەتی دیاری نەکراوەو هیچ ژیانێکی کردەیی لەخۆیـدا هەڵنەگرتووە، کە مانا حەتمیەکەی بەرهەمەکـەمان پـێ بڵێــت" بەرهـــەمی ئـــەدەبی بـــەردەوام هۆکـــاری گێڕانەوەیـە[١٧٠] : لـەنێو خۆیـدا گومـانێکی تـەواوەتی هــەڵگرتووە : هەرچــەندە درێــژدادڕیی تێــدا بکرێــت،

170 - citationel

هەرهەمان کورتبێژیە کە پیتی [١٧١] بەکاری هێناوە. گوتارەکان لەتەك هێمایەکی سەرەتاییدا هەماهەنگو هاوتان (پیتی،ورێنەی نەدەکرد) لەگەڵ ئەمەشدا دەرگایەکی کراوەن بەڕوی گەلێك مانادا" لەبەرئەوەی بەدەرلەهەر جۆرە دۆخێکی تایبەتی بەیان کراون، جگە لەدۆخی خودی گومان : بەرهەمی ئەدەبی هەمیشەوەکو پێشبینی کردنێك وایە.بێگومان ئەودەمەی بەپێی بارودۆخی خۆم بەرهەمێك دەخوێنمەوە، دەکرێت گومانو تەومژاویی بوونی بەرهەمەکە کەم بکەمەوە، بەڵام ئەو دۆخە گۆڕاوە، بەرهەمەکە بەراورد[١٧٢] دەکات، نەوەکو بیدۆزێتەوە : لەو کاتەوەی کە من خۆم دەخەمە ژێر دەسەڵاتی هێما دروستکەرەکانی بەرهەمەکە، بەواتای ئەوەی لەو کاتەوەی قبوڵی دەکەم لەنێو کەشی هێماکاندا

---

171 - Pytique

مەبەست لە pytie قەشەی پەرستگای ئۆپۆلۆن لە نێو ئەفسانەکانی یۆناندا.

172 - comparer

خوێندنەوەکـــەم دابڕێـــژم، بەرهەمەکـــە ناتوانێـــت لەبەرامبەر ئەو مانایانەی من پێـی دەبەخـشم نـاڕەزایی دەربڕێـت" هــەروەها ناتوانێـت ئــەو مانایــە بــەبێ لێکدانەوە لەقەڵەم بـدات، لەبەرئـەوەی هێمـای لاوەکـی بەرهــەم سـنوردار دەکـاتو، ئـازادی کـارکردنێکی زۆر فەراهەم ناکات. هێمای لاوەکی، هێڵکـاریی مانـا دیـاری ناکــات، بــەڵکو بارســتەی مانــا وێنــەدەکات" هێمــای لاوەکی بنەڕەتی گومانەکان دادەڕێـژێت نـەك بنـەڕەتی مانا.

بەرهـــەمی ئـــەدەبی لەبـــەر دابڕاویـــی لەهـــەموو بارودۆخـــەکان، دەبێتــە هــۆی ئــەوەی لێکۆڵینــەوەی لەسـەر بکرێـتو، لەبەرامبـەر نووسـەرو خوێنەرەکـەی، دەبێتەئــەو بابەتــەی لــەپانتایی زمانــدا بــوونی هەیــە ئەوبابەتــەی کــە دەبێــت بنــەماکانی لێــك بدرێتــەوەو سنورەکانی دیاری بکرێت. بـەم شـێوەیەش بەرهـەمی ئـــــەدەبی دەبێتـــــە لێکۆڵینـــــەوەو گـــــەڕانی

بەرفراوانوبەردەوام لەسەر وشەکان[١٧٣]. بەردەوام ئێمە دەخوازین هێما بەتەنها مولکی خەیالّ نەبێت.هێما بۆ ڕەخنەگرتنیش بەکاردەهێنرێتو، ئەوەی هێما ڕەخنەی لێ دەگرێت خودی زمانە. دەکرێت لەپاش (ڕەخنە لە عەقلّ[١٧٤] ) کە فەیلەسوفەکان ئەنجامیانداوە (ڕەخنەی زمان)[١٧٥] بێتە مەیدان، کە ئەمەش بۆخۆی ئەدەبە.

ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی لەبەر پێکهاتەکەی خۆی، هەلّگری چەند مانایەکی جیاوازە، کەواتە دەبێت دوو دەربڕینی جیاوازیش لەخۆیدا هەلّبگرێ، لەلایەکەوە دەکرێت سەرجەم مانا نهێنیەکان لەنێو بەرهەمی ئەدەبیدا بدۆزینەوە،یان لەلایەکی ترەوە ئەو مانا

173 – لێکۆلّینەوەی نووسەر دەربارەی زمان : مارت ڕۆبەر لەچوارچێوەی لێکدانەوەی بەرهەمەکانی کافکا باسی ئەو بابەتەی کردوە (لە کتێبی – کافکا – بلاّوکراوەی گالیمار ١٩٦٠).

174 - Critiques de la raison

175 - Critiques du langage

بەتاڵەی کەسەرجەم ماناکان لـەخۆدەگرێت بدۆزینـەوە"
کە ئەم دووانە جیـاواز نـین. لەلایـەکی تـرەوە دەکرێـت
تەنها ڕوبەڕوی یەکێك لەومانایانـە ببینـەوە. نابێـت ئـەو
دوو وتەیــە بەهەڵــە بــە یــەك شــت لەقەڵــەم بــدەین،
لەبەرئـــەوەی نـــە بابـــەتێکی هاوبەشـــیان هەیـــە،
نەڕوخساری هاوبەش. دەکرێت ئەو وتە گشتیەی کە لـە
فرەلایـــەنی مانـــای بەرهـــەمی ئـــەدەبی دەکۆڵێتـــەوە
نـــەوەکو لەمانایـــەکی تایبـــەتی نـــاو بنـــێن : زانـــستی
ئـــەدەبیات.[176] بـــەو وتەیـــەی تـــریش کـــە ســـەرباری
مەترسـیەکان دەیـەوێت مانایـەکی تایبـەتی ببخـشێتە
بەرهەمی ئەدەبی، بلێن : ڕەخنەی ئەدەبی. بـەڵام ئـەم
جیاکاریە بەس نیە،وەکو ئەوەی پێشکەشکردنی مانای
گریمـــانی ڕەنگـــە لـــەقاڵبی نووســـیندا دەربکـــەوێت،
خوێندنـــەوەی بەرهـــەمی ئـــەدەبیش لەڕەخنـــەلێگرتنی
جیـــاوازە: خوێندنـــەوەی بەرهـــەم ڕاســـتەوخۆو بـــەبێ
هاوکـــاریی هـــیچ ئـــامرازێکی تـــرە" بـــەڵام ڕەخنـــەگرتن

176 - science de la litterature

لەبەرهــەمی ئــەدەبی، بــەهۆی زمــانێکی تــرەوە کــە نووســینی — ڕەخنەییــە — ئــەنجام دەدرێــت. ئێمــە بۆئــەوەی تــاجی زمـان بخەینەسـەر بەرهـەمی ئـەدەبی دەبێ کەڵك لەسـێ گوتـاروەربگرین : زانـست، ڕەخنـە، خوێندنەوە.

## زانستی ئەدەبی

ئێمـە مێـژووی ئـەدەبیاتمان هەیـە، بـەڵام خـاوەنی زانـــستی ئـــەدەبی نـــین، لەبەرئـــەوەی تـــا ئێـــستا نـەمانتوانیوە سروشـتی ئۆبـژەی ئـەدەبی کـە ئۆبـژەی نووســینە بەتــەواوەتی بناســین. ئــەو دەمــەی قبــوڵی بکەین کەبەرهەمی ئەدەبی لەنوسین پێکهاتووە، ڕەنگە جۆرێك لەزانستی ئەدەبی دروست ببێت. ئەگـەر ڕۆژێـك زانستێکی لەوجۆرە دروست ببێت، ناتوانێت سـەپاندنی یــەك مانــا بێــت بەســەر دەق دا و مــافی ســڕینەوەو ڕەتکردنەوەی ماناکانی تر لـەخۆ بگرێـت. لەبەرئـەوەی ئەو کاتە خودی ئەو زانستە دەکەوێتە مەترسیەوە، ئەو زانـستە ناتوانێـت لەسـەر نـاوەڕۆك کـار بکـاتو تـەنها

زانستی مێژوویەکی تەواو وشك دەتوانێت لەوبارەیەوە بەکاربهێنرێت" ئەوەش ئەو زانستەیە کە دەربارەی هەلومەرجی ناوەڕۆك یان فۆرمەکانە: ئەوبابەتەی جێگەی بایەخی ئەوزانستەیە، فۆرمەجۆراوجۆرەکانی مانا دروستکراوەکان[١٧٧] دەبێت. ئەو زانستە، ڕاڤەیەکی دابڕاوانە بۆ هێماکان ناکات، بەڵکە کاری ئەو زانستە، ڕاڤەجۆراوجۆرەکانی هێماکانە. بەکورتی،بابەتی ئەو زانستە بەهیچ شێوەیەك مانا پڕەکانی بەرهەمەکە نیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو مانا بەتاڵەیە کەسەرجەم ماناکان لەخۆ دەگرێت.

بێگومان ئەوزانستە مۆدێلێکی زماننناسانەی دەبێت. زماننناس کەڕوبەڕوی گرفتی سەرنەکەوتن بەسەر گشت ڕستەکانی زمانێکدا دەبێتەوە، ئەوە قبوڵ دەکات کە"مۆدێلێکی گریمانەیی بۆ وەسفکردن–سەرەتایی"[١٧٨]دروست بکات، بۆئەوەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی بێ کۆتایی ڕستەی زمانێك ڕوون

177 - engendre
178 - modele hypothetique de description

بکاتــەوە[١٧٩]. هــەرجۆرە ڕیفۆرمێــك لەســەری ئــەنجام بــدرێت، بەڵگەیــەك نیــە کــە نەمانــەوێت مــۆدێلێکی لــــەوجۆرە لەســــەر بەرهــــەمی ئــــەدەبی دابڕێــــژین. ئەوبەرهەمانە بۆخۆیان لەو ڕستە مەزنو گەورانە دەچن کـە لـە زمـانی سەرتاسـەریی هێماکـان جیابوونەتـەوەو لەکۆمــەڵێك ئــاڵوگۆڕی یاســایی تێپــەڕبوونو خۆیــان لەلۆژیکی ئاماژە پێدەر[١٨٠] ڕزگـارکردووە. بەواتایـەکی تر،زامنناســی دەتوانێــت ئــەم مۆدێلــە گــشتیەی کــە بنــەڕەتی هــەموو زانستەکانە – لەبــەر ئــەوەی ئــەرکی زانست دروستکردنی هەندێك بنەمایە بـۆ شـیکردنەوەی هەندێك دەرئەنجام – بسپێرێتە ئەدەب. کەواتە ئەوەی جێگــەی بایــەخی زانــستی ئەدەبیــە تــەنها ئەوەنیــە کەبۆچــی دەبێــت فلانــە مانــا پەســند بکرێــت یــان پەسـندکراوە (ئەمـە کـاری مێژووناسـە) بـەڵکو ئەوەیـە

179 – مەبەستی لێرەدا بێ گومـان، بەرهەمـەکانی چۆمـسکیو پێشنیارەکانی یاسـای زمـانی گەشـتاریی ( transformation nelle) یە.

180 - logique signifiante

بۆچی ئەو مانایە پەسەندەو[١٨١]، ئەمەش پەیڕەویکردن نیـــە لەبنـــەماکانی وشەناســـی لەنووســـیندا، بـــەڵکو پەیڕەویکردنـــە لەبنەمازانـــستیەکانی هێمـــا. لێـــرەدا، جـــارێکی تـــر هـــەمان ئامـــانجی زمانناســـی نـــوێ دەبینینـــەوە، کـــە ڕوونکردنـــەوەی بنـــەمای ڕسـتەکانە، نەوەکو ئاماژەکانیـان، کـە گواسـتراوەتەوە بـۆ دونیـای زانستی دەربڕین. بەهەمان شـێوە، هەوڵدانـە لـەپێناوی ڕوونکردنـــەوەی"پەســـەندبوونی"[١٨٢]بەرهەمـــەکان نـەوەکو ماناکانیـان. کۆمەڵـەی مانـا پەسـەندکراوەکان لەچوارچێوەی سیستمێکی جێگیردا ڕیزبەندیی نـاکرێن، بەڵکو وەکو هێڵکاریی دۆخی"جێبـەجێکاری"[١٨٣]یـەکی مـەزن کـە لەنووسـەرەوە تـا کۆمـەڵگا پەرەدەسـێنێ تەماشـادەکرێت. لـەپاڵ"توانـای زمـان"دا[١٨٤] کـە هۆمبولـت[١٨٥]و چامـسکی بەبابـەتێکی سـەلمێنراوی

181 - acceptable
182 - acceptabilitet.
183 - operante
184 - Faculte de langage
185 - Hamboldt

دەزانـــن، ڕەنگەلـــەنێو نـــاخی مرۆڤـــدا"ئامـــادەیی ئـەدەبی"یـان هێزێکـی گووتارئاسـا هـەبێت کـە هـیچ پەیوەنیـەکی بـە"زانـایی"مرۆڤـەوە نیـە" لەبەرئـەوەی نــەوەکو بەکۆمــەکی ئیلــهامو حــەزی تاکەکەسـیەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو بنەمایانەی کەلەسەروو نووسەرەوەن دروست دەبێت.وێنـەکان، بـیرو شـیعرەکان ئـەو ئـاوازو بانگەشە ئەفسانەییانە نین کە — مۆز[١٨٦] — بیخاتە نێو جەسـتەی نووسـەرەوە، بــەڵکو لــۆژیکی گــەورەیی هێماکـانن" ئەوفورمـە بەتاڵانـەی کـەبواری قـسەکردنو کارکردن فەراهەم دەکەن.

دەتـوانین ئـەو ڕاسـتیە ببیـنین، کـە زانـستێکی لەوجۆرە، چ زیانێك بەو شتە دەگەێنێت کەئێمـە لـەنێو دونیای ئەدەبدا خۆشمان دەوێت یـان هەسـت دەکـەین خۆشمـان دەوێـت، کەئـەویش نووسـەرە. بـەڵام ئـاخر چـــۆن زانـــست دەتوانێـــت دەربـــارەی نووســـەرێك قـسەبکات؟ زانستی ئـەدەبی تـەنها دەتوانێـت ڕونـاکی

186 - Muse

خودای هونەر لە یۆنان.

بخاتە سەر بەرهەمێکی ئـەدەبی، تەنانـەت ئەگـەر ئـەو بەرهەمە بەهەڵە مۆری ئەفسانەیی لەخۆی بـدات، ئێمـە بەردەوام، یان هەر هیچ نەبێت ئەمڕۆکـە لـەوباوەڕەداین کـە نووسـەر دەتوانێـت لـەمانای بەرهەمەکـەی خـۆی تێبگـــاتو، بۆخـــۆی مانایـــەکی ڕێگەپێـــدراو بـــۆ بەرهەمەکەی دیاری بکات، گەڕانە هەڵەو نادروستەکانی ڕەخنـــەگر، لەچـوارچێوەی نووسـەری مـردوو : ژیـانی نووســـەر، ئامـــانجو ئـــەنگێزەکانی بەمەبەســـتی دۆزینـــەوەی ئاماژەکـــانی بەرهەمەکـــەی، لـــەوێوە سەرچاوە دەگرن کـە دەیانـەوێت بەهـەر نرخێـك بـووە دەرگـای زمـانی مـردوو یـان جێنـشینەکانی ئـەو زمانـە مردوە: سەردەم، ژانری ئـەدەبی،و بـەکورتی سـەرجەم هاوچـەرخەکانی نووسـەرو میراتگرانـی مـافی نووسـەری مردوو، بەسەر بەرهەمەکەیدا بکەنەوە. لـەوەش خـراپتر داوای ئەوەمان لێدەکەن چـاوەڕێ بـین تـا نووسـەرەکە دەمرێـت، بۆئـەوەی بەشـێوەیەکی "ئۆبـژیکتیڤ" بـەر نووسـەرەکە بکـەوین. ئەمـە چ کـارێکی پێکەنیناویـە، بەتـەواوەتی لەوکاتـەدا کـە بەرهـەم دەبێتـە شـتێکی

ئەفــسانەیی،دەیانەوێتوەکو بابــەتێکیواقیعی تــەواو عەیار هەڵیسەنگێنین.

بەڵام بەڕاستی مەرگ گرنگـیو بایـەخێکی جیـاوازی هەیـە. مـەرگ، ئیمـزای نووسـەر لەسـەر بەرهەمەکـەی دەســـڕێتەوەو بەرهەمەکـــە دەکاتـــە ئەفـــسانەیەك. حەقیقـەتی گێڕانەوەیـەکی کـورت ناگاتـە تـۆزی پێـی هێماکان.بیروڕای گشتی بەجوانی هەست بەمـە دەکـات : بـۆ بینینــی شـانۆیەکی (بەرهــەمی ڕاسـین) ناچـین، بەڵکو بۆ بینینی (بەرهـەمێکی راسـینی)[187] دەچـین، تەواو وەکو"فیلمێکـی کـاوبۆیی"" وەکـو ئـەوەی ئێمـە بـەپێی ئـەو پێگەیـەی هەمانـە، لـەڕۆژێکی هەفتـەدا بـۆ کەمێك وەرگرتنی زاتی ئەفسانەیەکی گەورە ئـەم کـارە دەکەین" ئێمـە ناچینە بینینـی فێـدەر[188]، بـەڵکو بـۆ بینینی"بێرما لەفێدەر"[189] دەچین. ئەمە بەتەواوەتی وەکـو ئەوەیـە بمانـەوێت لـەنێو ئۆدیـبو ئـەنتیگۆنادا

187 - une oeuvredu Racine
188 - Phedre
189 – Berma dans Pheder

وتـــەی ســـۆفۆكلو فرۆیـــدو هێڵـــدرینو كێركگـــارد[١٩٠] بخوێنینـــــەوه. ئێمەلـــــەنێو خـــــودی حەقیقەتـــــداین، لەبەرئـــەوەی ئێمـــە ئـــەوە قبـــولّ ناكـــەین كەمـــەرگ زینـــــــدووەكانی ڕفانـــــــدووە. ئێمـــــــە بەرهـــــــەم لەسـنووردارییەتیەكانی ئامـانجی نووسـەرەكەی ڕزگـار دەكـــەینو هەڵـــچونە ئەفـــسانەیەكانی ماناكـــان لـــەنێو بەرهەمـــدا دەدۆزینـــەوە. مـــەرگ بەســـڕینەوەی نـــاوی نووســـەر، حەقیقـــەتی بەرهەمەكـــە (كەتەمومژاویـــە) دادەڕێـــــــژێت. بێگومـــــــان ناكرێـــــــت لەتـــــــەك بەرهـــــەمی"شارســـــتانی"[١٩١] وەكـــــو مانایـــــەكی مرۆڤناســــانەی وشــــە یــــان وەكــــو ئەفــــسانەیەك ڕووبەڕووببینەوە" بەڵام جیاوازیی زیاتر دەگەڕێتەوە سـەر خـودی پەیامەكـە تـاوەكو نـاوی نووسـەر : بەرهـەم، دەقێكـی نووسـراوەو، ئەمـەش بەرهـەم دەخاتـە بـەر جـــەبری ماناكـــان كەپەیوەنـــدی بـــە ئەفـــسانەی

190 – Kierkegaard

191 – civilisee

شەفەوی"سەرزارەکی"یەوە هەیە. کەواتە لەوێدا ئێمە ڕووبەڕووی ئەفسانە ناسی نووسین دەبینەوە" کە بابەتەکەی"بەرهەمەدیاریکراوەکان"[192] واتە ئەو بەرهەمانە نیە کە لەمیانەی ڕەوتێکی دیاریکراودا کە کەسێك (نووسەر) سەرچاوەیەتی، نووسراوە، بەڵکو ئەو بەرهەمانەیە کە لەمەزنی نوسینی ئەفسانەیی تێپەڕیون‌و زیاتر ئاماژەکان‌و ئارەزوەکانی خۆی ئاشکرا دەکات.

کەواتە دەبێت دابەشکردنەوەی بابەتەکانی زانستی ئەدەبی قبوڵ بکەین. نووسەرو بەرهەمەکەی جگەلە دەستپێکی لێکدانەوەیەك کە ئاسۆکەی زمانە، چیتر نین: ناکرێت زانستێکی دانتیی‌و شکسپیریمان هەبێت، بەڵام دەکرێت خاوەنی زانستی گوتار[193] بین. ئەم زانستە بەپێی ئەو ئامازانەی کە ڕوبەڕویان دەبێتەوە، دوو پانتایی گەورەی لەبەردەستدا دەبێت، پانتایی

192 – determine

193 – science de discourse

یەکەم، ئاماژە نزم(١٩٤) و کەم بایەخەکان لـەنێو ڕسـتەدا وەکو خوازە کۆنەکان، دیاردەکانی ئامـاژە ناوەکیـەکان (بێمانایی ماناناسیانە)(١٩٥) لەخۆدەگرێت، کە بـەکورتی ئەوانە سەرجەم هۆکارەکانی زمـانی ئـەدەبین. پانتـایی دووەم بریتیـە لـەئاماژە باڵادەسـتەکانی ڕسـتەو چـەند بەشێکی دەربـڕین کـەدەکرێت پێکهاتەیـەکی نووسـینو پەیامی شاعیرانەو دەقێکـی بەڵگـەداری لـێبکەوێتەوە. یەکە بـچووکو گـەورەکانی گوتـار چـەند پەیوەندیـەکی یـەك تەواوکـەریان(١٩٦) لـەخۆگرتووە (وەکـو پیتـەکانو پەیوەنـدیان لەتـەك وشـەکانداو، وشـەکانو گونجانیـان لەگەڵ ڕسـتەکاندا) بـەڵام لەسـەر ئاسـتی وەسـفکراویی سەربەخۆدا پێکـدێن. دەقـی ئـەدەبی لـەم ڕوانگەیـەوە دەبێتە هۆی لێکەوتنەوەی لێکدانـەوە دڵنیاکـان، بـەڵام ڕوونو ئاشکرایە کـە ئـەو لێکدانەوانـە دەسـتیان ناگاتـە

194 – inferieur.

195 – anomalie semantique.

-196 rapport d'integration.

ئــەو هــەڵێنجراوە گرنگــەی کــە لەدەرەوەیــە. ئــەو هەڵێنجراوە پەیوەندی بـەو شـتەوە هەیـە کـە ئەمڕۆکـە ئێمـە بەبنـەڕەتی بەرهـەمی ئـەدەبی دەزانـین (زانـایی تاکەکەسی، هونـەر، مرۆڤایـەتی) تەنانـەت ئەگـەر هـیچ عەشقو حەزێکمان لەبەرامبەر حەقیقـەتی ئەفسانەکان نەبێت.

ئۆبژێکتیڤیتــەی دەرئــەنجامی ئەوزانـستە ئەدەبیـە تازەیە، چـیتر پەیوەنـدی بـەخودی بەرهەمەکـەوە نیـە (کەلـەنێو مێـژووی ئـەدەبی یانووشەناسـیەوە سـەری هەڵــداوە)، بــەڵکو دەپڕژێتــە ســەر ئاســتی درك پێکردنــی[197] بەرهەمەکـە. هـەروەکو چـۆن، دەنـگ ناسی[198] بـەبێ ڕەتکردنـەوەی حوکمـە ئەزمونیـەکانی دەنـگ بێـژی[199]، ڕاسـتیەکی تـازەی لەزەمینـەی مانـا دەنگیەکانـدا[200] داڕشـتووە (نەتـەنها زانـستی ڕواڵـەتی

197 – intelligibilitie.

198 – Phonologie.

199 – Phonetique

200 – sens Phonique

دەرەوەیان[٢٠١])، بەهەمان شێوە ئۆبژیکتیڤیتـەی هێمـا بوونی هەیە کەجیاوازەلـە ئۆبژیکتیڤیتـەی جێگیرکـەری دەق، ئۆبــژە ناچــاریە زاتیــەکان دەســتەبەردەکات نـەوەکو بنـەماکانی ئامـاژە. (یاسـای زمـان — ڕێزمـان) بەرهــەمێك، هــەمان یاســای زمــانی بنــەمایی دەقــی بەرهەمەکە نیە[٢٠٢]. ئۆبژێکتیڤیتەی ئەو زانستە تازەیـە پەیوەندی بە یاسای زمـانی لاوەکـیو دوهەمـەوە هەیـە نـەوەکو بـەزمانی یەکەمـەوە. ئـەوەی لـەلای زانـستی ئەدەبی جێگەی بایەخە هەبوونی بەرهەمێك نیە" بـەڵکو لێ تێگەیشتنیەتی.

کەواتـە دەبێـت ئـەو گومانـە بـسڕینەوە کەزانـستی ئەدەبی دەتوانێت ئـەو مانـا تـەواوەتیـەی کەبەرهـەمێك دروستی دەکات ئاشـکرابکات، زانـستی ئـەدەبی نـەمانا پێشکەش دەکـاتو نـە مانـا دەدۆزێتـەوە، بـەڵام ئـەوە ڕوون دەکاتەوە کە ماناکان لەسەر بنەڕەتی کـام لۆژیـك

201 – Physique

202 – idiome.

بـەجۆرێك دروسـت بـوون کـەبکرێت لەلایـەن لـۆژیکی هێمائامێزی مرۆڤەکانەوە قبولّ بکرێن. بێگومان هێـشتا رێگەیـەکی درێـژمان لەبەردەمدایـە بـۆ ئـەوەی بتـوانین پەرە بە زمان ناسـی گوتـار[٢٠٣] بـدەین" ئـەوەش واتـە زانـستی ئـەدەبیاتێکی ڕاسـتەقینەو گونجـاو لەتـەك سروشـتی زمـانی[٢٠٤] بابەتـە زانـستیەکە. لەبەرئـەوەی هەرچەندە زمانناسی دەتوانێت کۆمەکمان بکات، بـەڵام ناتوانێت بەتەنها وەڵامی پرسـیارە هـەڵقولاوەکانی ئـەو بابەتـە تازەیـە (بەشـەکانی دەربـڕینو مانـا دوولایەنـەکانی) بداتـەوە، بـۆ جێبـەجێ کردنـی ئـەو ئەرکە، پێویستە بەتایبەتی کۆمـەکی مێـژوو وەربگرێـت بۆئـەوەی مێـژووی دێرینـی ئـەوانو هێمـا لاوەکیەکانیوەکو (داڕشتنەوەی کۆدی دەربـڕین[٢٠٥])ی بۆ باس بکاتو هەروەها لەلایەن زانستی مرۆڤ ناسـیەوە هاوکاری بکرێت بۆئەوەی بیپرژێتە سـەر شـیکردنەوەی

203 – linguistique du discours

204 - Verbal.

205 – Le code rhetorique.

لۆژیکی گشتی دالـەکان[٢٠٦]، لەڕێگـەی هەڵسەنگاندنو هاوپەیوەندیی بەردەوامەوە[٢٠٧].

## ڕەخنە

ڕەخنــە زانــست نیــە. ڕەخنــە ســەروکاری لەتــەك ماناکانــدا هەیــەو زانــست ماناکــان دروســت دەکــات. بــەباوەڕی هەنــدێك خــاوەن بــڕوای جیــاواز، ڕەخنــە پێگەیەکی ناڕاستەوخۆی لەنێوان زانستو خوێندنەوەدا داگیرکردووە، ڕەخنە زمانێـك دەخاتـە بەردەسـتی ئـەو گوتــارە تایبەتیــەی کــەکاری خوێندنــەوە جێبــەجێ دەکاتو گوتارێك (لـەنێوان گوتارەکـانی تـردا) بـەزمانی ئــــەو ئەفــــسانەیەی کــــە دروســــتکەری بەرهەمــــە دەبەخشێت.

پەیوەندی ڕەخنە بەبەرهەمـەوە هـەمان پەیوەنـدی مانایــە لەتــەك فۆڕمــدا. ڕەخنــەگر ناتوانێــت ببێتــە

206 – signifiant

207 – integration successive

وەرگێڕی بەرهەمو ڕوونکردنەوەی زیاتری بەرهەم، لەبەرئەوەی هیچ شتێك لەخودی بەرهەمەکە ڕوونتر نیە. ئەوکارەی کە ڕەخنەگر دەبێت ئەنجامی بدات، بەرهەمهێنانی جۆرێك مانایە لەڕێگەی جیاکردنەوەی مانا لەفۆرمەوە.

ئەرکو بەرپرسیاریەتی ڕەخنەگر ئەو دەمەی دەخوێنێتەوە "کیژۆڵەی مینۆو پازیفائیێ"، سەلماندنی ئەوە نیە کەمەبەست فیدەرە (وشەناسەکان ئەم کارە زۆر بەباشی ئەنجام ئەدەن) بەڵکو کاری ڕەخنەگر دەستنیشانکردنی تۆڕی ماناکانە" بەشێوەیەك کە بەپێی هەندێك داخوازیی لۆژیکی، مەسەلەی تاریکی[٢٠٨] و ڕوونـاکی[٢٠٩] لەچوارچێوەیدا جێی ببێتەوە. ڕەخنەگر مانا دووتویێ دەکاتەوەو لەژێر زمانی یەکەمی بەرهەمدا، زمانێکی تر "زمانی دوهەم" دەخاتە جوڵەوکارکردن. بەو مانایەی

208 – Theme chtonien.

209 – Theme solaire

پەیوەستبوونێکی ڕێکوپێك[٢١٠] لەنێوان ئاماژەکاندا دروست دەکات. سەرباری ئەمانە جۆرێك پەرێشانی فۆرم[٢١١] لەئارادایە، کەبەدڵنیایەوە لەلایەکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەم هەرگیز یەك کاردانەوەی نەبێت (بەرهەم ئۆبژەیەکی بینراوی وەکو سێوو سندوق نیە)و لەلایەکی تریشەوە پەرێشانی لەشێوەی خۆیدا، گۆڕینی وێنەیەکی بەژێر چاودێری خراوەو سەر بە سنورداریەتیەکانی بیناییە. ڕەخنە بیرلەهەر شتێك بکاتەوە، دەبێت یەکسەر گۆڕانی بەسەر بهێنێتو، دەبێت لەپاڵ هەندێك تایبەتمەندیی دیاریکراودا ئەو گۆڕانکاریە دروست بکات. ئێستا قسە لەسەر سێ ناچاریی ڕەخنە دەکەین.

ڕەخنەگر ناتوانێت "لەسەر هەموو شتێك" قسەبکات[٢١٢]. ئەوەی ڕەخنە مەهار دەکات،

---

210 – Coherence

211 – anamorphose

212 – ئەو تۆمەتانەی کە پەیکار بە ڕەخنەی نوێی دەبەستێتەوە.

ترسـێکی مۆرالیـه لـه "وڕێنـهکردن"، سـهرهتا کـاری ناشایستهی جیاکردنهوهی ههمیشهیی دانایی له شـێتی دهسپێرێته خهڵکانیترو، ئهو سهدهیهی کـه سـنورداریی نێوانیان جێبهجێ کـراوه[٢١٣]. دواجـار لهبهرئـهوهی کـه ئـهدهب مـافی"وڕێنـهکردن"ی هـهر هـیچ نـهبێت لهسـهردهمی – لۆتـهریامۆن[٢١٤] –وه بهدهسـت هێنـاوهو، ڕهخنـه دهتوانێـت لهسـهر ڕێگـای یهکـهمین" بهپێی ئهو ئهنگیزه شاعیرانهیهی که کـهمتر بانگهشـهی بـۆ دهکـاتو دهریـدهبڕێت، بـچێته ئـهو پانتایهو،لهبهرئهوهیوڕێنهکردنـهکانی ئـهمڕۆ زۆر جـار دهبنه حهقیقهتـهکانی سبهی : ئایا (تـێن)[٢١٥] لهتـهك (بوالـۆ)[٢١٦] وڕێنـهی نـهکردووه؟ یـان (ژێـرژ بلـێن)[٢١٧]

---

213 –"ئایا دهبێت بیرتانی بخهینهوه که شێتی مێـژووی ههیـهو ئهو مێژووه هێـشتا نهگهشـتۆته کۆتـایی؟"میـشێل فۆکـۆ مێـژوی شێتی لهسهردهمی کلاسیك ١٩٦١.

214 - Lautreamont

215 - Taine

216 - Boileau

لەتەك (برۆنتێر)[٢١٨]؟ نەخێر ئەگەر بڕیاروایە ڕەخنەگر شتێك بڵێت (نەك هەموو شتێك) بەو مانایەی کارکردێکی ئاماژەکارانە ببەخشێتە گوتار(هەم گوتاری نووسەروهەم گوتاری خۆی)و لەئەنجامدا ئەو فۆرمەی پەرێشانی دەبەخشێتە بەرهەم دواکەوتەی ناچاریەوێنەییەکانی مانایە: ناکرێت بەهەموو شێوەیەك مانا بخولقێنرێت (ئەگەر گومانتان هەیە تاقی بکەنەوە) سنوری دەسەلاتداریەتی[٢١٩] ڕەخنەگر ماناکانی بەرهەم نیە، مانای ئەو شتەیە کە خۆی دەربارەی بەرهەم دەیلێت.

---

– دیسپرۆ بوالۆ (١٧١١ – ١٦٣٦) هاوڕێی نزیکی ڕاسینو لاڤۆنتین، شاعیرو ڕەخنەگری فەرەنسی.

217 - Georges Blin

218 - Brunetiere

– فێردنیان برونتێر، مامۆستای ڕەخنەی فەرەنسی (١٩٠٦ – ١٨٤٩) هەوڵی داوە تیۆری کامڵ بوون لەمەڕ ئەدەب بەکاربهێنێت.

219 - Sanction

ناچاریی یەکەم ئەوەیە کە قبوڵی بکەین هەموو شتێك لەنێو بەرهەمی ئەدەبیدا ئاماژە پێدەرە : ئەگەر نەکرێت سەرجەم ڕستەکان لەقاڵبی یاسایەکی زماندا بگونجێن، یاسای زمان دوچاری گرفت بووە" سیستمێکی مانایی ناتەواوە ئەگەر سەرجەم گوتارەکان نەتوانن لەمیانەیدا پێگەی گونجاوی خۆیان بدۆزنەوە، لەو میانەدا هەر ئەوەندە بەسە شتێکی بچووك زیادەبێت تاوەسفەکە تێك بدات.

ئەم بنەما کۆنەی کە زماننناسەکان بەباشی دەیناسن، جیاوازە لەو کۆنترۆڵی ئامارەی کەدەیانەوێتوەکو ناچاریەك بیخەنە ئەستۆی ڕەخنەگر. شێوەیەك تێڕوانینی ئینکارانەی کە دیسانەوە لاسایی مۆدێلێکی زانستی سروشتی کردۆتەوە، ئەوە بەسەر ڕەخنەگردا دەسەپێنێ کە تەنها ڕێگەی پێدراوە پەنجە بخاتە سەر ئەو هۆکارە دوبارەو ئاساییانەی نێو بەرهەمێك، ئەگەر نا، تاوانبار دەکرێت بەوەی جەخت لەسەر (شتە بێ

بایەخــەکان)[٢٢٠] دەکاتــەوە، پێــی دەووترێــت کــەتۆ نــاتوانی ئــەو دۆخانــەی کەلــە دوو یــان ســێ تراژیــدی (ڕاسین)دا دوبارە دەبنــەوە گشتگیر بکــەیت. جــارێکی تــر[٢٢١] دەبێــت ئامــاژە بــەوە بــدەین کــەمانا لــەڕووی پێکهاتــەوە هــەرگیز لەڕێگــەی دوبارەبوونــەوە دروســت نابێت بەڵکو بەکۆمــەکی جیاوازییــەکان لــەدایك دەبێــت، ئەمـــەش بەجۆرێکـــە هـــەر ئەوەنـــدەی وشـــەیەکی دەگمـــەن[٢٢٢] دەچـــێتە چوارچـــێوەی سیـــستمێکی پێکهــاتوو لــە پاڵنــەرو ڕاکێــشەرەکانەوە، زۆر زیــاتر لەووشەیەکی باو دەبێتە هەڵگری ئامـاژە، لـەنێو زمـانی فەرەنـسیداووشەی — بائوبــاب[٢٢٣] — لــەڕووی مانــاوە

---

220 – ئاماژەیە بۆ گوتەی پەیکار.

221 – بڕوانە ڕۆلان بارت، پەرەگرافی"دەربـارەی دوو بەرهـەمی کلودلویی شتراوس".

222 - terme rare

223 - baobab

ناوی درەختێکە لەناوچە ئیستوائیەکان. کەووشـەیەکی نـادرە لـە نێو زمانی ناوچە نائیستیوائیەکانو بـارت ئامـاژە بەهـەمان بابـەت دەکات.

هیچ لەووشـەی — هـاوڕێ[٢٢٤] — کـەمتر یـا زیـاتر نیـە.
باسـی لـەخۆگرتنی یەکـە ئاماژەپێـدەرەکان، پێگـەی تایبەتی خـۆی هەیـە. بەشـێك لـە زمانناسـی دەپرژێتـە سەر ئەو باسە، بـەڵام دەرئـەنجاموەرگرتن لەزەمینـەی (دادەپـــەردازی) دایـــە نـــەوەکو ئامـــاژە، لەڕوانگـــەی ڕەخنـــەوە تـــەنها لـــەبن بەســـتێکدا دەگاتـــە کۆتـــایی" لەبەرئەوەی لەوکاتەوەی کـە ئاسـتی گرنگـیو بایـەخی هێماسـازیەك، یـان بەواتایـەکی تـر ئاسـتی قەناعـەت پێکردنـــــــــی تایبەتمەندیـــــــەك بەکۆمـــــــــەکی دوبارەبوونەوەکانیـــەوە پێناســـە بکرێـــت، دەبێـــت دەربارەی ئەو ژمارانە بڕیـارێکی شـێوازمەندانە بـدرێت. دەبێت دۆخێك لەنێو چەند تراژیدیایەکدا دوبارە بێتـەوە تا من بتوانم مافی گشتگیرکردنو گـۆڕینی ئـەو دۆخـەم بۆ دۆخێکی ڕاسینی لەبەر دەستدا بێت.پێـنج، شـەش، یان دە جـار؟ ئایـا دەبێـت بەسـەر"ئاسـتی نێوەنـد"دا تێپـــەڕین تائـــەو تایبەتمەندیـــە ڕوونبێتـــەوەو مانـــا

224 - ami

دەربکەوێت؟ ئەی چی لەووشەیەکی نایابو کەموێنە بکەم؟ ئایا دەتوانم بە پێکەوەلکاندنی ئەو بیانوەی کە (شازو لادەرن) خۆمیان لێ بەدوور بگرم؟ ماناناسی[٢٢٥] زۆر بەووردی ڕێگەی خۆبەدوورگرتن لەزۆربەی ئەو بەرکەوتنە نادروستانەمان دەخاتە بەردەست. لەبەرئەوەی"گشتگیرکردن"کردەوەیەکی چەندایەتیوەکو بەرهەمهێنانی حەقیقەتی تایبەتمەندیەك لەو کاتانەی دووبارە دەبێتەوەنیە، بەڵکو کردەیەکی چۆنایەتیە، بەواتای جێکردنەوەی هەر جۆرە وشەیەك چەند نایابیش بێت لەنێو کۆمەڵەی گشتی پەیوەندیەکاندا. بێگومان وێنەیەك بەتەنها خەیاڵێك[٢٢٦] دروست ناکات. بەڵام خەیاڵ بەتەنهاییو بێوێنە ناتوانێت دروست ببێت"گشتگیریەکانی"زمانی ڕەخنە پەیوەندیان بەو بۆنانەوە هەیە کە دەبنەهۆی دروستبوونی هێماکان، نەوەکو بەژمارەی دوبارەبوونەوەکانی بەکارهێنانی ئاماژەکان: ڕەنگە

225 - semantique

226 – ئاماژەیە بۆووتەی پەیکار

وشـەیەك تـەنها یـەك جـار لـەنێو سـەرجەم دەقەكـەدا بــەكارهێنرابێتو لەگــەڵ ئەوەشــدا پــاش چــەندین گۆڕانكــــــاریكردن لەپێكهاتەیــــــدا "لەهــــــەموو شوێنێك"و"هەمیشە"بوونی هەبێت.

ئەم گۆڕانكاریانەش سـنورداریەتی تایبـەتی خۆیـان هەیە" هەمان سـنورداریەتیەكانی لـۆژیكی هێمـا ئـامێز. لەبەرامبــەر (وڕێنــە) كــانی ڕەخنــەی نــوێ (یاســا بنەڕەتیــەكانی ئەندێـشەی زانـستی[٢٢٧]) دا دەنـێنو، ئەمەش كارێكی تەواو نادروستو هەڵەیـەو لـۆژیكی دال بــوونی هەیــە، بــەڵام هێــشتا بەباشــی نەناســراوەو تائێـستاش نـازانین دەتوانێـت ببێتـە بابـەتی چ جـۆرە ناسینێك. هەر هـیچ نـەبێت دەتـوانین لـەو بابەتـە نزیـك بینــــەوە، هــــەروەكو چــــۆن شــــیكاری دەروونــــیو پێكهاتەگـەرایی ئـەو كـارە دەكـەن : هـەرهیچ نـەبێت دەزانین كە ناكرێت چۆنمان بوێـت دەربـارەی هێماكـان بدوێین، دەبێت بەشێوەیەی ڕاپۆرتێك، هەنـدێك مۆدێـل

227 – ڕستەیەكی پەیكارە.

دروســت بكرێــت كــە بــواری شــیكردنەوەی چــۆنیەتی بەردەوامی زنجیرەیی هێماكـان دەسـتەبەر بكـات. ئـەو مۆدێلانە دەبێت لەبەرامبەر حەیرەتی سەرسـوڕهێنەری ڕەخنـــەی كـــۆن لـــەكاتی پەیوەســـتكردنی خنكانـــدن بەژەهرخواركردنــەوە، بوەســتێت[٢٢٨]. ئــەم فۆرمانــەی گۆڕانكاریی، هاوكات لەلایەن شیكاری دەروونیو تیۆری دەربڕینــەوە پێــشكەش كــراون، بــۆ نموونــە: دەكرێــت ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بكەین: دەسەڵاتداریە[٢٢٩]

---

228 – لێـرەدا بـارت مەبەسـتی بەرامبـەر كاریـە دوولایەنـەكانی بۆنـەكانی هاونـشینیو جێنـشینیو شـتی تـرە، كـە یەكێكـە لـە بنەماكانی شـیكردنەوەی دەقـەكان بـۆ بـەشو یەكـەی سـەرەوەو خــوارەوە، چــەپو ڕاســت، ژنو پیــاو لەبەرامبــەر بەراوردكاریــە دوولایەنەكان، كە ڕەخنەگری پێكهاتەگەرا لەهەر (Lexis) یێكدا، یان لەهەر یەكەیەكی خوێندنەوەدا بەدوایانـدا دەگـەڕێ بـۆ ئـەوەی بۆنەكانی بەشە دەرونیـەكان لەگـەڵ یـەكتر بدۆزێتـەوە. ڕەخنـەی كـۆن لەسـەردەمی (بـارت)دا لەبەرامبـەر ئـەو جـۆرە كاركردنانـە دوچاری حەیرەتو سەرسوڕمان دەبوو.

229 - Substitution

شـاعیریەکان (مـەجاز)[٢٣٠]، سـڕینەوە[٢٣١] (ئیجـازی سـڕینەوە)[٢٣٢]، تـەڕدو پێـچەوانە[٢٣٣] (جیناسـی تـەواوەتی) لەجێگـەدانان[٢٣٤] بیرکردنـەوەو ڕەتکردنـەوە[٢٣٥] (دژە ڕسـتە)[٢٣٦]. کەواتـە ڕەخنـەگر لەدۆزینەوەی گۆڕانکاریە خـاوەن بنـەماکان دەگـەڕێت، کەلـە پانتـایی زنجیرەیـەکی بەرفراوانـدا کـار دەکـەن (باڵنـدە، فـڕین، گـوڵ، ئاگربـازیی، پانکـە، پەپولـەو

230 - metaphore
231 - omission
232 - Elipse
233 - condensation
234 - deplacement
235 - denegation
236- antiphrase

ڕیشەی ئەمووشەیە یۆنانیەو بـەجۆرێك دەربـڕین لەڕێگـەی دژەوە دەوترێـت. بـەو شـێوەیەی کەبـەهۆی بەکارهێنانیووشـەیەك بەهەسـتو بـاوەڕێکی دژیووشـەکەوە، مانایـەکی تـری پـێ ببەخشن. ئەمجۆرە پێکهاتـە هونەریـە زیاتر لـە تـەنز (Irony)و سەلماندن لەڕێگەی ڕەتکردنەوە litotes بەکار دەهێنرێت.

سەماکار لە شیعری مالارمێدا[٢٣٧]) ئەم گۆڕانکاریە خاوەن بنەمایانە، هەندێك پەیوەندیی دوورە دەست بەڵام ڕێگەپێدراو دروست دەکەن (ڕوباری گەورەو هێمنو درەختی پاییزیی) بەشێوەیەك کە بەرهەمی ئەدەبی بەبێ خوێندنەوەیەکی وریێنەئامێز، یەکیەتیەکی بەرین بدۆزێتەوە.ئایا ئەو پەیوەندیانە سادەن؟ سادەترنین لە پەیوەندیە دەرونیەکانی خودی شیعر.

کتێب جیهانێکی تایبەتیە. ڕەخنەگر لەبەرامبەر کتێب هەمان هەلومەرجی گوتاری نووسەری هەڵگرتووە لە بەرامبەر جیهان. لێرەدایە کەڕوبەڕوی سێهەمین ناچاریی ڕەخنە دەبینەوە. ڕەخنەگریش کتومتوەکو نووسەرە، لەبەرئەوەی ئەو بێ فۆرمیەی دەیبەخشێتە بابەتەکەی هەمیشە ئاراستەکراوە. ئەو بێ فورمیە، دەبێت بەئاراستەیەکی دیاریکراودا بجولێت. ئەو ئاراستەیە کامەیە؟ ئایا ڕوی

---

237 – وتەیەکی پەیکار.

له"سوپڕیکتیڤیته"کردووه، که کردویانه‌ته داردەستی ڕەخنەی نویێ؟ زۆر جار، ڕەخنەگران دەڵێن باشتروایه سۆبژێکتیڤ تەنها لەنێو بابەتێکی زەینیدا کاربکاتو هیچ کاری بە عەینیەتەوە نەبێتو زۆر جار بۆ گۆشەگیرکردنی ئەو سۆبژێکتیڤیتەیە،وەسفێکی ئاژاوەگێڕانەی بەباڵادا دەبڕن کە پڕە لەهەستە تاکە کەسیەکان. چۆن دەکرێت ئەو ڕاستیەیان لەلا ئاشکرا بکەین کە سۆبژێکتیڤیتەیەکی سیستماتیکی هەڵقوڵاو لە کولتورو بنەما بەرفراوانەکانی هێماکانی (دەق) شانسێکی زیاتری هەیە ببێتە ئۆبژەی ئەدەبی، تاوەکو ئەو ئۆبژێکتیڤیتە بێ فەرهەنگو کوێرەی کە وشەکان بەهاوتای سروشت دەزانێو خۆی لەپشتەوەیان شاردۆتەوە؟ بەڵام لێرەدا قسەلەسەرشتێکی ترە: ڕەخنە بەجۆرێك زانست لەقەڵەم نادرێت، لەمیانەی ڕەخنەدا نەوەکو ئۆبژە بەڵکو گوزارەری(٢٣٨) ئۆبژە لەتەك سوژە (بابەت) کەدا ڕوبەڕوبکرێتەوە. بەواتایەکی

238 - Predicat

تر، ڕەخنەگر ڕوبەڕوی ئۆبژەیـەك دەبێتـەوە كەنـەوەكو بەرهەمەكـە بـەڵكو زمـانی بەرهەمەكەیـە. ڕەخنــەگر دەبێــت چ پەیوەندیــەكی بەزمانــەوە هــەبێت؟ لــەم ڕوانگەیەوەیـە كـە دەبێـت "سـۆبژێكتیڤیتە"ی ڕەخنـە پێناسە بكرێت.

ڕەخنەی كلاسیك پەرەی بەو بیروبـاوەڕە گێلانەیـە داوە كـە سـوژە، بابـەت (شـتێكی پـڕە)و پەیوەنـدییو بۆنــەی نێـوان بابـەتو زمـان[٢٣٩]، هـەمان پەیوەنـدیی مەبەسـتو دەربڕینـی مەبەسـتە. بـەكارهێنانی ووتـەی هێمــا ئــامێز لــەو میانــەدا بــەكارێكی قەدەغــەكراو دەزانرێت: بابەت یەكەیەكی گشتی دابڕاو نیـە كـەمافی ئـــەوەمان نـــەبێت لـــەنێو زمانـــدا بیدۆزینـــەوە، بەپێـچەوانەوە، ئـەو بۆشـایەیە كـە نووسـەر قسەیەكی تــەواو ئــاڵووێرپێكراو بەچـواردەوریدا دەدورێـت. بـەم شـێوەیە هــەرجۆرە نووســینێكی بــێ غــەڵو غــەش پەیوەنـدیی بـەنائامادەیی بابەتـەوە هەیـە، نـەوەكو

---

239 – هەمان بۆنەكانی ناوەرۆكو لەفزە.

بەتایبەتمەندیـە دەرونیـەکانی بابەتـەوە. زمـان خـودی بابەتە. بەباوەڕی من (وتە تەنها بیروباوەڕ نیە) کەئـەوە بۆخۆی ڕوخساری دیارو ئاشکرای ئەدەبـە: ئەگـەر لـەم میانەدا تەنها قسەلەسەروەسفی بابەتـەکان (بۆنموونـە لیمۆیەك)و ئۆبژەتەواوەتیـەکان بـەهۆی"وێنـەکان"ەوە بێــت، ئــەی کەواتــە ئــەدەب چ ســوودێکی هەیــە؟ نووسـراوە بـیٚ کەڵکـەکان بـۆ ئـەو کـارە بـەس بـوون. ئـەوەی"هێمـا"دەکاتـە ناچـاریەك، گرنگـی وێنـەکردنی پووچـێتی پوچـی"مـن"ە[٢٤٠]. ڕەخنـەگر زمـانی خـۆی ناخاتە پـاڵ زمـانی نووسـەرو، هێماکـانی خـۆی بەسـەر هێماکـــانی بەرهەمەکـــەدا ناســـەپێنێتو، بـــەم کـارەی"وێنـەکان تێـك و پێـك نـادات"[٢٤١] بۆئـەوەی جارێکی تـر خـۆی وێنـەیان بکاتـەوەو، بـەزمانی خـۆی دەریانبڕێـتو، هـەروەها نایانکاتـە گـوزارەی تایبـەتی خۆی، بەڵکو ڕەخنەگر جارێکی تـر ئاماژەکـانی خـودی بەرهەمەکە لەقاڵبی ئاماژەیەکی دابـڕاوو گـۆڕاودا بنیـات

.240 - designer le rien du je que je suis

241 - deformer

دەنێتەوە، کە پەیامی دیاریکراوو هەڵبژێردراوی ئەوە سۆبژێکتیڤیتەیەکی جیاواز نیە. بەڵکو تێکەڵاوبوونی خودی بابەتەکەو زمانە، بەجۆرێك کەبەردەوام ڕەخنەو بەرهەمەکە باسی ئەوە بکەن : من ئەدەبمو لەدوای هاوڕابوونی ئەو دوولایەنە، ئەدەبیات هەرگیز جگە لەنائامادەیی بابەت هیچی تر پێشکەش ناکات.

بێگومان ڕەخنە خوێندنەوەیەکی قوڵە، ڕەخنە لەنێو بەرهەمدا ئاسانی تێگەیشتنو ئیدراکی دەق دەدۆزێتەوەو لەمیانەیدا سیمایەك[٢٤٢] بنیات دەنێت. بەڵام ئەو شتەی کە پێشکەشی دەکات مەدلول"ئاماژە پێکەراو"نیە (لەبەرئەوەی ئەو مەدلولە هەمیشە بەرەو بۆشایی بابەت دەگەڕێتەوە) بەڵکو تەنها ڕشتەیەکی پێکەوەگرێدراوی بۆنە هاوتاکانە: ئەو"مانا"یەی کەڕەخنە بەوپەڕی ئازادیەوە دەیهێنێتە بەرهەمو، لەکۆتاییشدا تەنها بەرکەوتنێکی نوێیە لەتەك هێمادروستکەرەکانی بەرهەمدا. ئەو کاتەی ڕەخنەگر

242 - profilee

لەنێووشەی باڵندەو پانکەدا (لەنێو شـیعری ملارمێـدا) مانایـــەکی هاوبـــەش دەردەهێنێـــت –(بزاڤـــی هاتوچـۆ)[٢٤٣]و(بـەهێز)–[٢٤٤] دوا حەقیقەتیوێنە،وێنـە ناکات، بـەڵکو تەنهاوێنەیـەکی نـوێ پێـشکەش دەکـات کەبۆخۆشـی سـەرەوژێرە[٢٤٥] : ڕەخنـەوەرگێڕان نیـە، بەڵکو جۆرێك بەرداشـتە. ڕەخنـە ناتوانێـت بانگەشـەی دۆزینەوەی"قوڵایی"بەرهەمێك بکات، لەبەرئـەوەی ئـەو قوڵاییـە خـودی بابـەت،واتای جۆرێـك نائامادەییـە : هـەموو خوازەیـەك جۆرێـك ئامـاژەی روکەشـە، ڕەوتـی هێماکان لەنێو هـەڵقولاویی خۆیـدا ئـەم مەدلولـە دوورە دەستە هەڵدەبژێرێت.

ڕەخنەگر، بەتەنها دەتوانێت درێـژە بـە خوازەکـانی دەق بدات، نەوەکو کەمیان بکاتەوە. جارێکی تـر ئـەوە دەبیـنین ئەگـەر لـەنێو دەقـدا مـەدلولێکی (شـاراوە)و (ئۆبژەکتیڤ) بوونی هەبوو، ئەوکات هێما تەنها دەبووە

243 - aller – et – retour
244 - Virtuel
245 - suspendlue

گوزارشتێك[٢٤٦] وئەدەب تەنها بەرگێکی گۆڕاو و ڕەخنەش دەبووە زانستی وشە. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بیٚ خەوشیو بیٚ پەردەیی لەنێو بەرهەمدا بیٚ هودەیە، لەبەرئەوەی لەو ناکاوییەدا[٢٤٧] شتێك بۆ گوتنو قسەلەسەرکردن بوونی نیەو، ئەرکی بەرهەم ئەوەنیە مۆری بێدەنگی لە لێوی خوێنەرانی بدات، بەلاّم کارێکی بیٚ هودەیە، لەنێو بەرهەمدا بەدوای ڕازێکی نهێنیو گریمانی بوونی ئەو شتەی کە دەیەوێت بەزمانێکی بیٚ زمان قسە بکات بگەڕێن، گومانکردن لەبوونی نهێنیەك، کە هەرئەوەندەی دۆزرایەوە، هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە، هەڵەیە. هەر قسەیەك لەسەر بەرهەم بکەین، بەرهەم بەردەوام هەمان چرکەساتی یەکەمینی خۆیو هەمان زمانو سوژەو نائامادەییە.

پێوانەی هەڵسەنگاندنی وتەی ڕەخنەگرانە، ڕاستیو دروستییەتی[٢٤٨]. بەهەمان شێوە کەلەنێو

246 - euphemisme
247 - tout de siute
248 - Justesse

مۆسیقادا نۆتەیەکی دروست، نۆتەیەکی حەقیقی نیە، کەواتە حقیقەتی بەستەیەك پەیوەندیی بەدروستیو ڕاستی بەستەکەوە هەیە.لەبەرئەوەی ڕاستیو دروستی بەهۆی یەکپارچەییو هەماهەنگیەوە دروست دەبێت.سەرباری ئەمەش، ڕەخنەگر بۆ نزیك بوونەوە لە حەقیقەت دەبێ کەسێکی دروستکاربێتو هەوڵ بداتو لەنێو زمانی خۆیدا لەسەر بنەمای"میزانسێنێکی رۆحی و وردبینەوە"[٢٤٩] هەلومەرجی هێمائامێز دابڕێژێتەوە. ڕەخنەگر بەبێ ئەو کارە ناتوانێت"حورمەت"ی بەرهەمەکە بپارێزێت. لەڕاستیدا دوو شێوە بۆ لەبەرچاونەگرتنی هێمابوونی هەیە. شێوەی یەکەم، هەروەکو باسمان کرد ڕەتکردنەوەی هێماو بەکێش کردنی سەرجەم پەیکەری ئاماژەپێدەری بەرهەم بەرەو دووبارەبوونەوەکانی قسەو باسی ڕۆژانەو گرفتارکردنیەتی لە بنبەستیووتە دووبارەکاندا. شێوەی دوهەم بەتەواوەتی پێچەوانەیەو،

249 - quelque mise en scene spirituelle exacte ئەو زاراوەیەی کە مالارمێ بەکاری هێناوە.

ڕاڤــەی زانــستیی هێمــای لــەخۆگرتووە : لەلایەکــەوە بانگەشـــەکردنی ئـــەوەی کـــە بەرهـــەم ملکەچـــی ئـاوەڵاکردنی هێمـا دەبێـت (هەرلەبـەر ئەمـەش بـەهێما ئــامێزی لەقەڵــەم دەدەن)و لەلایــەکی تریــشەوە ئــەو ئــاوەڵاکردنی هێمایــە بــەهاوکاریی‌و کۆمــەکی ئــامڕازی گوتارێــك، کــە ئەدەبیووشــکەو، دەبێتــە هــۆی بــێ جوڵەکردنی خوازەی ڕەسەنی بەرهەم تالـەنێو ئـەو بـێ جوڵەییەدا"حەقیقەت"داگیربکاتو، ڕەخنە هێمائـامێزە زانـستیەکانیش (کۆمەڵناسـی‌و شـیکاری دەرونـی) لـەو جۆرە ڕەخنانەن. لـەنێو ئـەو دوو حاڵەتـەدا ناسـازگاری خواســتی زمانــەکان، یــەعنی زمــانی دەق‌و زمــانی ڕەخنەگر، دەبنە هۆی لەبەرچاو نەگرتنی هێمـا. حـەزی کەمکردنــەوەی هێماکــان، ئەوەنــدەی جەختکردنــەوە لەسەر گشتگیرکردنی ئاخـافتن کـارێکی هەڵەیـە. هێمـا دەبێـت لـەدوی هێمـا بگـەڕێت. دەبێـت زمانێـك لەسـەر زمانێکی تر قسە بکـات، بـەم شـێوەیە حورمەتی‌ووشـە لــەنێو دەقــدا دەپارێزرێــت. ئــەم ڕەوتــە پێــچەوانەیە کـەدواجار سـەری ڕەخنــەگر بەئەدەبـەوە گرێـدەدات،

هەنــدێك ســوودی هەیــە. لەوانــەش هــەمواركردنی بەرهەڵــستیكردنی هەڕەشــەیەكی دوو لایەنەیــە : قــسەكردن لەســەر دەقێـك، لەڕاسـتیدا لەقاڵبـدانی ئـەو دەقەیە لـەنێو گوتـارێكی پوچـدا، چ گوتـارێكی فرەبێـژ بێــت چ بێــدەنگ، یــان لــەنێو قــاڵبی گوتــارێكی — بەشـتكەر(٢٥٠)— دا گرفتـاری دەكـات كەئـەو مەدلولـەی هەست دەكات دۆزیویەتیەوە لەتەك وشەكانی تردا بەند دەكات. لەنێو ڕەخنەدا گوتـاری دروسـت بـوونی نیـە، مەگــەر ئـەوەی كـە بەرپرسـیاریەتی ڕاڤـەكردنی دەق، لەتــەك بەرپرسـیاریەتی ڕەخنــەگر لەتــەك گوتارەكـەی خۆیدا یەكبگرنەوە.

ئەگەر ڕەخنەگر كەمێك زانـستی ئـەدەبی بناسـێت، دیسانەوە ئەو كاتەی كە ڕووبەڕووی دەبێتەوە دەسـتی بەتاڵـە، لەبەرئـەوەی نازانێـتوەكو كـالا یـان ئامرازێـك زمان بەكاربهێنێت“ ئەو ڕەخنەگرەی كـە نازانێـت چـۆن لەتــەك زانــستی ئەدەبیــدا هــەڵبكات. تەنانــەت گــەر

250 - reifiante

پێناسەی زانست"دەرخەر[٢٥١]"ی ماناکان بێت نـەوەکو ڕونکەرەوەیان، دیسانەوە خـۆی لەتـەك ئـەو زانـستەدا بەهاوتا نازانێت: ئـەوەی ڕەخنـەگر پێـشکەشی دەکـات خودی زمانە، نەوەکو ئۆبژەی زمان. بەڵام دەکرێت ئەو مەودایـە تێپـەڕێنین : بەمـەرجێك ئـەو مەودایـە بـواری پەرەپێـدانی تـەنز بەڕەخنـە ببەخـشێت. کـەموکورتی زانستی ئەدەبی ئەوەیە کە بەتاڵە لە تەنز، ئـەو شـتەی کەپرسـیارکردنە دەربـارەی زمـان لـەخودی زمـان، خووەکـانی ئێمـە لەمـەڕ پێبەخـشینی ئاسـۆیەکی مەزهەبی یان شاعیرانە بە هێما، دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لـەبینینی ئـەو ڕاسـتیەی، شـتێك بـەناوی تـەنزی هێماکانـەوە بـوونی هەیـە: شـێوەیەك بـۆ بەژێرپرسیارخـستنی زمـان، لەڕێگـەی زیادەڕەوییـە ئاشـکراو بـێ پـەردەکانی زمانـەوە. لەبەرامبـەر تەنزی"ڤۆلتەر"یدا کە دەرئەنجامی خۆویستی زمـانێکی خۆبەگەورەزانانەیە، دەکرێت تەنزێکی تر بوونی هـەبێت

251 - exposant.

بەناوی تەنزی (بارۆك). لەبەرئەوەی لەتەك فۆرمەكاندا گەمە دەكات نەوەكو لەتەك بوونەوەرەكانو، لەباتی پەژموردەكردنی زمان، دەیپشكوێنیٚ. بۆچی بەكارهێنانی ئەوە لەنێو ڕەخنەدا دەبێت قەدەغە بكرێت؟ ڕەنگە تەنز تاكە گوتاری جدی ڕەخنە بێت، لەبەرئەوەی بنەمای زانستو زمان بەجوانی دانەڕێژراوە، ئەمڕۆ كە بەتەواوەتی هەست بەوە دەكرێت. لەئێستادا تەنز ئەو شتەیە كە بەفریای ڕەخنەگر دەكەوێت.وەكو ئەوەی كافكا دەڵێت نەوەكو بۆ بینینی حەقیقەت بەڵكو لەبەر حەقیقی بوون[٢٥٢] : ئەوەی باسی دەكەیت بەمنی بسەلمێنە، یان لەبەرامبەر بڕیاری دەربڕینی ئەو شتەدا، باوەڕم پیٚ بهێنە.

252 – كافكا : هەموو كەسێك ناتوانێت حەقیقەت ببینێت، بەڵام دەكرێت هەركەسەو حەقیقەتێك بێت.

## خوێندنەوە

هێشتا وەهمێکی تر هەیە کە دەبێت لەخۆمانی دوور بخەینەوە : ڕەخنەگر هەرگیز ناتوانێت جێگەی خوێنەر بگرێتەوە. کارێکی بێهودەیە داوای ئەوە لەڕەخنەگر بکەین دەنگێکی هەرچەند شایستەی خوێندنەوە ببەخشێتە خوێنەرو، ببێتە ئەو خوێنەرەی کە خوێنەرەکانی تر ئەووەکو نوێنەری خۆیان بۆ دەربڕینی هەستەکانیان هەڵبژێرن، لەبەرئەوەی باوەڕیان بە ئاگاییو داوەریی کردنی ئەو هەیە، یان بەکورتی سەرجەم مافەکانی خوێندنەوەی پێ ببەخشن. بۆچی ئەمە کارێکی بێهودەیە؟ لەبەرئەوەی گەر تەنانەت ڕەخنەگر بەخوێنەرێك لەقەڵەم بدەین کە دەنووسێت، دیسانەوە خوێنەر لەوێدا ڕووبەڕووی ئامرازێکی تری خوێندنەوە دەبێتەوە، کە نووسینە.

کەواتە نووسین، پارچە پارچەکردنی جیهان (کتێب)و دووبارە دروستکردنەوەی ئەو جیهانەیە.

لێـــرەدا دەبێـــت ئامـــاژە بـــەو شـــێوازە بـــاوو قـــوڵو شارەزایانەی سەردەمی ناوەڕاست بکەین، سەبارەت بە ڕێکخستنی بۆنەکانی کتێب"گەنجینـەی عـەتیق"و ئـەو کەسانەی کەبەر پرسی ڕێنوێنی کردنی ئـەو دەسـتمایە ڕەهایەن بەئاراستەی گوتارێکی نوێدا.

ئـــەمڕۆ کـــە ئێمـــە تـــەنها مێـــژووناس و ڕەخنـــەگر دەناسـین (تـا ئێـستاش دەیانـەوێت ئـەو دوانـە بەیـەك کـەس بـزانن)و سـەدەکانی ناوەڕاسـت چـوارکارکردی جیـاواز یـان دەخـستە ئەسـتۆی کتێـب : گرتـە هـەڵگر sviptov[٢٥٣] (کەبەبێ زیادکردنی هیچ شتێك جارێکی تـــر دەنووســـێتەوە) کۆکـــەرەوە compilatov (هـــەرگیز شـــتەکانی خـــۆی ناســـەپێنێ) شـــیکەرەوە commentatov (دەســـت ناخاتـــە نێـــو دەقـــە ڕونووسـکراوەکە، مەگـەر بـۆ ئـەوە نـەبێت کـە ڕوونـی

253 – لـە دەقـە سەرەکیەکەداووشـە لاتینیـەکان هـاتوەو لـە کەوانەدا ماناکانیان نوسـراوە. لەوەرگێڕانـە فارسیەکەشـدا هـەمان کار کراوە.

بکاتەوە) خاوەنی دەق autov (کە بە پشت بەستن بەسەرچاوەکانی تر، دیدگاکانی خۆی دەردەبڕێت). ئەو سیستمە بێ پەردەیەی کەتاکە ئامانجی وەفادارییی بوو لەبەرامبەر کتێبی پیرۆز (تەنها ئەوەیان بە کتێب دەزانی) لەهەمان کاتدا، بەجۆرێك ڕاڤەی عەهدی عەتیق دەکات، کەمۆدێرنێتە هەوڵی ڕەتکردنەوەی دەداو، لەڕوانگەی ڕەخنەی ئۆبژێکتیڤی ئێمەوە تەواو وڕێنەئامێزە.واتە لەڕاستیدا پێگەی ڕەخنە لەتەك compilatov دا دەست پێدەکات. پێویست ناکات شتی خۆتان بخەنەسەر دەقەکە تا "فۆرم هەڵوەشێنەوە". هەر ئەوەندە بەسە پەنجە بخەنەسەریو جیای بکەنەوە. بۆ ئەوەی درك پێکراوێکی ئاسان فەراهەم بکات ڕەخنەگر تەنها کەسێکی commentatov ە، بەڵام لەجۆرە تەواو ڕەسەنەکەی (هەر ئەمەش وەکو ڕوخساری تایبەتی ڕەخنەگر جێگەی پەسەندە). لەبەرئەوەی لەلایەکەوە کاری گواستنەوەیەو جارێکی تر ناوەڕوکی ڕابردوو ئاراستە دەکاتەوە کەبەردەوام پێویستە : لەبەرئەوەی

مەگــــەر (ڕاســـین) لەبەرامبـــەر (ژۆرژ پـــوولێ)[٢٥٤] و (ڤێرلین)[٢٥٥] لەبەرامبەر (بیـەر رشـیار)[٢٥٦] بەرپرسـیار نیـــــە ؟[٢٥٧] و لەلایــــەکی تریــــشەوە کەســــێکی جێبـــەجێکارە[٢٥٨] کــــە جــارێکی تــر هۆکارەکــانی بەرهەمەکە بەشێوەیەکی دانایانە ڕیزبەند دەکات.

لێرەشدا جیاوازیەکی تری نێوان خوێنەرو ڕەخنـەگر : ئێـستا لەبەرئـەوەی نـازانین خوێنــەر چـۆن بــەهۆی کتێبێکــــــــەوە قـــــــسەدەکات، ڕەخنـــــــــەگر

---

254 - Georges Poulet

– ڕەخنـــەگری خـــەڵکی نەمـــساو نوێنـــەری هـــەرەگرنگی قوتابخانەی"دیاردە ناسـی"لەڕەخنـەی ئـەدەبی. لێـرەدا ئامـاژەو مەبەســـتی بـــارت ئەوەیـــە کـــە لەچـــوار چـــێوەی ڕەخنـــەی دیاردەناسیدا بە پێچەوانەی قوتابخانەکانی تـری مـۆدێرن بایـەخی زۆر بە ڕۆڵی نووسەر دەدرێت لە شیکردنەوەی بەرهەمەکەی.

255 - Verlaine

256 - Jean Pierre Richard

257 – ژۆرژ پـــوولێ نووســـەری"چـــەند یاداشـــتێك دەربـــارەی ڕۆژگاری ڕاسین"و پێیەر ریشار نووسەری"بێ تامی ڤێرلین".

258 - operateur.

ناچارە "ئاوازێکی" نوێ هەڵبژێرێت. ئەو ئاوازەش تەنها جەخت کردنەوەیە، ڕەخنەگر ڕەنگە بەهەزار شێوە لەنێو دڵی خۆیدا بەدەست سانسۆرەکانی خۆیەوە بناڵێنێ و گومانیان لێ بکات. دواجار ئەو تەنها دەتوانێت پەنا بۆ دەقێکی پڕ (بەواتای دەربڕ) ببات. ئەگەر بەوەی کە دەری بخەین دانمان بەخۆماندا گرتووە، ڕەفتاری فێرکاریی دەقەکان ڕەت بکەینەوە، کارێکی نابەجێیە: لێرەشدا ڕوبەڕوی هەندێك ئاماژەی نهێنی ئامێز دەبینەوە، وەکو ئاماژەکانی تر، کەواتە ناتوانن گەرەنتی هیچ شتێك بدەن، نووسین رادەگەیەنێ[٢٥٩] و هەر لەبەر ئەمەشە کەبە نووسین دادەنرێت. چۆن ڕەخنە دەتوانێت بەبێ هەڵە پرسیار بکات و چاودێر بێت و گومان لەشتەکان بکات؟ ڕەخنە نووسینەو، نووسینیش بەتەواوەتی ڕوبەڕوبونەوەیە لەتەك مەترسی خلیسکان و جێگۆرکێی بەناچاریی ئەزمون و هەڵە. ئەگەر نووسین پەیڕەویی لەبنەمایەکی

259 - declare

دابڕکارانە بکات، ئەو دابڕینە جۆرێك بەڵێندەرایەتیە نەوەکو دابڕانێکی تەواوەتی. بەڵێندەرایەتیش ڕەفتارێکی سووکەو لەنێو دەقدا درێژەی پێ دەدرێت:

بەم شێوەیە (دەست دانە[٢٦٠]) هەردەقێك لەڕێگەی نووسینەوە نەوەك چاو، لەنێوان ڕەخنەو خوێندنەوەدا درزێك دروست دەکات‌و، ئەمەش ئەو درزەیە کەهەموو جۆرە دەلالەتێك لەنێوان سنوری دال‌و مەدلول دروست دەکات.لەبەرئەوەی کەس ئاگاداری ئەو مانایە نیە کە خوێنەر دەیبەخشێتە دەق، لەبەرئەوەی ئەو مانایە جۆرێك ئارەزووەو، لەسەرو هێمای سیستمی زمان دەوەستێتەوە. خوێنەر بەرهەمەکەی خۆش دەوێت‌و، بەویستی خۆی پەیوەندیی لەتەك دروست دەکات. خوێندنەوەواتە ئارەزوومەند بوون لەبەرامبەر دەق، بەیەك بوون‌و ئاوێتەبوونی دەق‌و ڕەتکردنەوەی دووتوێ کردنەوەی بەرهەمە بەهۆی هەر جۆرە گوتارێکی دەرەکی تر جگە

260 - toucher

لـەگوتاری خـودی دەق : تـەنها ئـەم جـۆری پـەراوێز نووسی کـە دەتوانێـت خوێندنەوەیـەکی نایـاب بـەدوای خۆیـدا بهێنێـتو بیپارێزێـت پێـشوازیی ئەدەبیـە [٢٦١] . (بەهەمان شێوەی کە تازەکارەکانی مۆتالاو پێشوازیی ئەدەبی، نموونەی پرست دەکەنـە سەرچـاوە) تێپـەڕین لەخوێندنـەوە بـەرەو ڕەخنـە، هـەمان گـۆڕینی حـەزو ئارەزووە.واتە ئارەزومەنـدبون لەبەرامبـەر زمـانی دەق" وەکو بەرهەمەکە خۆی. بـەڵام لـەپاش هـەموو ئەوانـە، ڕەخنــە، گەڕاندنــەوەی بەرهەمــە بــۆ ئــەو ئــارەزوی نووسینە کە لـەوێوە سەرچـاوەدەگرێت. بـەم شـێوەیە گوتــار لــەدەوری کتێــب دەخولێتــەوە : خوێندنــەوە، نووســین، ئــەدەب، ڕیزبەنــدیی نێــوان ئــارەزوی خوێندنـەوەو حـەزی نووسـینە. نووسـەر لەبەرئـەوە دەنووسـێت تـا بخوێنرێتـەوە؟ چـەند ڕەخنـەگر تـەنها لەبەر نووسـین خوێندویانەتـەوە؟ ئـەو دوو ڕەهەنـدەی

---

261 - Pastiche

واتە بەهۆی بەرهەمێکەوە، نووسینی بەرهەمێکی تر.

کتێب ئاماژەیان لەخۆیان گرتووە بۆئەوەی بەو هۆیەوە گوتارێـك بەرهــەم بهێــنن. ڕەخنــە چرکەســاتێکە لــەو مێــژووەی کــە هــەنگاوی تێــدەهاوینو ئێمــە بــەرەو یەکیەتیو حەقیقەتی نووسین ڕێنوێنی دەکات.